پ.د. ئەحمەد بالیسانی

تەصەوف

لەنێوان حەقیقەت و واقعدا

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)



تەصەوف

لە نێوان حەقیقەت و واقیعدا

تەصەووف

لە نێوان

حەقیقەت و واقیعدا

ئەم باسە

بابەتی و بێ لایەنییە لە دیاردەی صۆفییەتی کە لە کۆنەوە لە هەموو ئایینەکانی پێشی ئیسلامیشدا هەبووە هەتا ئێستاش بەردەوامە.

نووسینی

پرۆفیسۆر دکتۆر

ئەحمەد شێخ موحەممەد شێخ تەها بالیسانی

هەولێر ١٤٤٢ھ ــ ٢٠٢٠م

تەصەووف

لە نێوان حەقیقەت و واقیعدا

نووسینی: پ . د. ئەحمەد شێخ موحەممەد شێخ تەها بالیسانی

بابەت : تەصەووف

نەخشەسازی : جمعه صدیق کاکه

چاپی یەکەم ٢٠٢١

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان/هەولێر
ژمارەی سپاردنی (٨٢٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە

سوپاس و ستایش بێ سنورو ژمار
بۆ خودای گەورە هەم پەروەردیگار

سڵاوو درود لە پێغەمبەر بێ
لە ئاڵ و ئەصحاب هەم تابیعین بێ

لە گشت ئەو کەسەی کە موسوڵمانە
تا ڕۆژی قیامەت خاوەن ئیمانە

خوا بمان بەخشێ ڕەزامەندی خۆی
سەر کەوتومان کا بۆ ڕێی ڕاستی خۆی

لە دونیاو قیامەت یارمەتیمان دا
لەسەر ڕێگەی ڕاست هێزمان پێ بدا

دڵمان پاك بکا گەڵ دەستو داوێن
پێمان ببەخشی بەهەشتی بەرین

ڕێگەی تەصەووف زۆری لێی دواوە
کەسانێکی زۆر دەستیان لێداوە

ئەمەم نوسیوە بۆ پاکی ڕێگە
دەر خستنی ڕاستی و هەڵەی ئەم ڕێگە

مەبەستم نییە دژی کەس بدوێم
بۆ هیچ لایەنێك مەیلم بێ و بدوێم

هەر بە پێی زانست ئەمەوێ دیارکەم
بە بابەتیانە جوانی شێ بکەم

تا ڕاستو درۆ لێك ببێتەوە
دروستو بەتاڵ جوان ڕوون بێتەوە

خوایە لە هەڵە دور کەی ئەم کارە
هەتا ناحەزان نەیکەنە گارە

خوایە گوناهبار نەبم و رسوا
خوایە بمبورە ئیستاو ڕۆژی دوا

ڕێخۆشییەك

دیاردەی صۆفییەتی لە کۆنەوە لە پێشی ئیسلامدا هەبوە، ڕێگەیێکی بیرکردنەوە نەبوە کە مەبدەئێکی گشتی لێ پەیدا ببێ، یا بەرنامەو سیستمێکی ژیانی کۆمەڵایەتی لێ دەربچێ، چونکە هەر لە کۆنەوە پەیوەندی بە بیرکردنەوەی عەقڵی گشتیو بەرنامەی هزری کۆمەڵایەتییەوە نەبوە، بەڵکو تەنیا وەدەرکەوتنێکی ویژدانی دڵو دوروونی بوە بە تایبەتی لای غەنووسییەکانی[1] پێشی ئیسلام.

---

١) غەنوصییە یا غەنوصتییە واتە: عیرفانییەت، بە ئینگلیزی Gnosticism، زاراوەیەکی نوێیە، بریتییە لە کۆمەڵێك بیرۆکەو زانیاریی ئاینە کۆنەکان، کە لە سەدەی یەکەمو دووەمی میلادی لە کۆمەڵگا جولەکەکان سەری هەڵداوەتەوە، وایان دانا کە گێتیو جیهانی ماددی ڕەنگدانەوەی یەروەردگاری باڵایە، هەر ئەو تیشکی خوایی لەناو جەستەی بەشەری داناوە، لەڕێگای ناسینی ئەو تیشکەوە، واتا عیرفانییەت یان غەنوصییەت، دەکرێت ئەو تیشکە ئازاد بکرێت یان بدرەوشێتەوە./ الموسوعة العربية العالميّة ١٧/ ١٢٣ ، ویکیبیدیا الموسوعة الحرّة ـ الأنترنیت .

صۆفییەتی واتە: (تصوّف) وشەیێکی دەرەکییە، واتە: لە زوبانی عەرەبیدا بەم شێوەو واتەیە نەهاتووە[1]، هەروەها لە قورئانو سونەتو سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و صەحابەکانا بەم دەستەواژەیە نەناسراوەو نەهاتووە.

ئەم دەستەواژەیە لە سەدەی دووەمی هیجریدا دروست کرا[2]، کە دەولّەتی ئیسلامی فراوانو بەهیز بوو،مالّو سامانێکی زۆریان بەسەردا ڕژاو خەلّکێك دەولّەمەند بوونو کەوتنە خۆشیو دەرامەتی، ڕوویان کردە دونیاپەرەریو نەرمو نۆلّیو فراوانی ژیان، جا وەکو کاردانەوەیێك کەسانێکی دیندارو دونیا نەویست پەیدا بوونو ڕەخنەیان لە دەولّەمەندیو ڕوو کردنە خۆشیو تامو چێژ گرت، بە بیانۆی ئەوەی کە دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوە لە ئایینو خودا[3]. بۆیە لە کۆمەلّگاو ژیانی زێدە نەرمو نیانی دوور کەوتنەوە، پێیان وترا (زهّاد) کۆی (زاهد) واتە: دونیا نەویستو دووری

---

١) المصباح المنير ١٦١/١ .

٢) الصوفية والتصوف في ضوء الكتاب والسنة ليوسف السيد هاشم الرفاعي ص١٢ ..

٣ شرح تائية السّلوك إلى ملك الملوك للشّيخ عبد المجيد الشّرنوبي الأزهري .ص٦ ، طبعة حجرية ١٣١٣هـ المطبعة الحميدية المصرية .

لە دارایی‌و تام‌و چێژی ئارەزووەکان، هەروەها بە (بکائین) واتە: بە زۆر گرینۆکەکان ناسراون، چونکە لە ترسی خوا زۆر دەگریان... پاشان بەرە بەرە وشەی تەصەووفییان وەرگرت‌و لە سەدەی دووەم ناویان لێنرا صۆفی‌و بارو دۆخیان ناو نرا تەصەووف[1] پاشان وردە وردە لە جیهانی ئیسلامیدا بڵاو بوونەوە بوون بە دیاردەیەکی پەرت‌و بڵاوو جۆراو جۆر ...

صۆفییەتی لە ناو موسڵمانانداهەر وەکو زانراوە بیرۆکەیێکی پەرستنی کردەوەیی ڕوحی تاکییە، شێوەیێکی دیارکراوە بۆ هەڵسان بە پەرستنەکانی پەتی، لەگەڵ زۆر پێهەڵسان بە سونەتەکان‌و زیکری خوای بەردەوام، هەست کردنێکی بەردەوامە بە ئامادەبوون‌و لەگەڵایەتی هەمیشەیی خوا، هەست کردنی بەندەیە بە ئاگاداری خوا پێی لە هەموو جێگەو ڕێگەو کات‌و جەم‌و دەمێك، ڕاهێنانی دەروون (نەفس)وجەستەیە لەسەر پەرستنەکان‌و ڕەوشتەکانی باش‌و کردەوەی چاك، پاك کرنەوەی دڵ‌و ناوەڕۆکە هەتا لای بەکار

---

١) دراسات في الفرق والمذاهب القديمة المعاصرة : عبد الله الأمين، ص٢٤٣ ، مجموع فتاوى شيخ الإسلام ابن تيمية ١١/٥-٢٩، المنقذ من الضلال للغزالي ، ص٢١٥-٢١٦.

هێنەری دەبێتە خوو سروشت، هەروەها دوور کەوتنەوەیە لە گوناهی گەورەو بچووکو ڕەوشتی خراب بە ڕادەیەکیوا ڕقی لێ ببێتەوە، بۆ خۆپاراستن لە گوناە دەبێ خۆی لە شوبهەکانیش بپارێزێ نەبادا تووشی حەڕام ببێت، بۆ ئەوەی کەسایەتی ئایینیو ئاستی ڕوحی خۆی پتەوو بەهێز بکات، لەگەڵ بە بەهێز کردنی پەیوەندی لەگەڵ خوای خۆی، هەروەها لادانە لە تامو چێژەکانی دونیاو خەڵکەکەی، بۆ ئەوەی بگاتە بەرزترین پلەی دینداری، بەئاواتی گەییشتنە پلەی ویلایەتو وەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای مەزن، بەڕێی هەرە بەرزی پلەی تاکپەرستی خوا (تەوحید) .

ئەمەیە تەصەووف ڕاستەقینە کە پێویستە وابێ بە پێی بیرۆکەو نووسراوو کتێبەکانی گشت زانایەکانی شەرعی تەصەووف، کە گشتی هەر بریتییە لە دینداریێکی پتەوو دڵسۆزی بۆ خوا.

جیاوازی بیرۆکەو پێهەڵساوەکانی :

بەڵام بیرۆکە جودایە لەگەڵ هەڵسوکەوتی پێ هەڵساوەکان، بۆیە کێشەکەی لای خەڵکان ئەوەیە کە

بەراوردی دەکەن لەگەڵ ئەو ڕوانگانەی ئەم سەردەمەمان وەك شێخایەتی و سۆفییەتی و دەرویشی و دێوانەیی و خەلیفاتی کە لەم سەردەمەدا باوەو دەبینرێ، هیچ تێك ناکاتەوە لەگەڵ ئەم پێناسینە کە لەوانەیە بە هەڵە بزانرێ، یا دژەکانی تومەتبارم بکەن بە بۆ پۆشین و لایەنگیری کردنی ئەم دیاردەیە، بەتایبەتی کە خۆم لە خانەوادەیێکی وام کە باوو باپیرانم ئەم جۆرە دیاردەیان بەکار هێناوە .

لە هەموو بیرو مەبدەئێك ئیددیعا جودایە لەگەڵ پێیهەڵسانی بە ڕاستی و هەڵسوکەوتی کەسایەتی ، بۆیە وەك لەو سەردەمەی خۆماندا دەبینیین تەنیا بوەتە ئیددیعاو ڕاستی تیادا زۆر دەگمەن بووە، یا هەر نەماوە.

چونکە کەسانی ژیرو دانا دەبینن بە پێچەوانەوەی تەصەووفەوە ئەم دیاردەیە بوەتە دونیاداری و خۆ هەڵکێشان و کەشخە لێدان بە دەوڵەمەندی و پارەداری و ناوداری و ڕوانگەی پان و بەرینی تەکیەو خانەقا لەجیاتی مزگەوت و مەدرەسە، خۆ پیشاندان و بەخۆدا هەڵگوتنە بۆ ڕاکێشانی خەڵکان و زۆر کردنی موریدو دواکەوتوانیان بە ڕێی هزرێکی ڕواڵەتی بێ بیری و دروستکردنی بیدعەو ڕەواجدانی

شەخص پەرستیو قەبر پەرستی، کە پێچەوانەی دینداریە کە تەنیا خوا پەرستیو دڵسۆزیە بۆ خوا.

لەمە تاڵ تر ئەوەیە کە لەم دواییەدا لای خەڵکان ئاشکرا بووە زۆرینەی خاوەن تەریقەتەکان هەمیشە لەگەڵ دەستەڵاتو حکومەتەکانن، نۆکەرییان بۆ دەکەنو یارمەتی ستەمکاران دەدەن،خۆیان لە دەستەڵاتداران نزیك دەکەنەوە، هەمیشە هەوڵ دەدەن بۆ بەشداری کردن لە پلەی بەرزی حوکومڕانیو حکومەتایەتی لەسەر بنەمای سیکیۆلاری واتە: بێ دینی، لەگەڵ بێباك بوون لە هەموو سەرپێچییەکانو دژایەتییەکانی ئیسلامو ڕەچاو نەکردنی ئەوەی کە کەوتونەتە ناو ڕێڕەوی خزمەتکردنی عەلمانییەتو سەرمایەداری و ڕۆڵی حەڕام و بێ باوەڕی و بێ دینی .

جێی سەرنجە لەکاتێکا کە حکومەتە نا ئایینییەکان (سیکیۆلاریزمەکان)ی جیهان زۆر دژی ئیسلامی ڕاستەقینەنو لە ئاستی کۆمەڵایەتیا وەلای دەنێن، نەك هەروەکو یاساو شەریعەت کاری پێ ناکەن، بەڵکو دژی کار پێکردنی دەوەستنو لای دەدەنو یاسای سیکیۆلاریزمی ڕۆژئاوایی بێگانەکانی گاور لە جێ دادەنێن، لەهەمان کاتیشا

یارمەتی ئەم دیاردە تەصەووفە هەڵەیە دەدەن و هانیان دەدەن و پشتگیریان دەکەن، بۆ تەکیە و خانەقا دروست کردن و نواندنی چالاکی پر بیدعە و گومڕایی لە سەر بنەمای ناڕاستی کە بەناوی تەصەووف دەیکەن، بۆ دژایەتی بانگخوزان و لایەنەکانی هۆشیاری ئیسلامی و ڕۆشنبیری ئایینی و ڕاستەقینەی زانستی. بۆیە لای زانایانی دڵسۆز و ڕاست بین و ڕۆشنبیرانی هۆشیار و ڕاستی خواز، ئەم هەڵسوکەوتەیان بوەتە جێگەی گومان لە کار و بابەتی صۆفییەتی و شێخایەتی و کاری لەم جۆرە .

لەگەڵ شێخ ئەمینی نەقشبەندی :

هێشتا لەبیرمە لە کاتی خۆیا کە شێخ ئەمینی نەقشبەندی کوڕی شێخ عەلائەدین ـ ڕەحمەتی خوایان لێبێ ـ کتێبێکی نووسیبو بەناوی (تەصووف چیە) لە بەغدا چاپی کرد، بیستمان کە چەند دانەیێکی لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر دانابوو بۆ فرۆشتنی بەسەر مامۆستایانی ئایینی و کەسانی تر، لەکاتی مووچە وەرگرتنا گەر بیانەوێ بیکڕن.

مەلایێك هات مووچە وەربگرێ، کەپێیان وت و کتێبەکەی تەماشا کرد، کە خوێندییەوە لەسەری نوسراوە (تەصووف چییە)، ڕاستەوخۆ بەبێ خوێندنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکە وتی: تەصووف چییە، تەصووف جاشەتییەو ڕۆییشتو نەیکڕی...! چونکە دەوراو پشتەکەی گشتی جاشی حکومەتی بەعس بوون...!، کاتێك کە ڕەحمەتی شێخ ئەمین هاتە مالّمانو باوکم ئەمەی بۆ گێڕاوە، وتی: (بەخوا جا من ڕاستییەکەم نووسیوە، ئەوەی وەریدەگرێ با وەری بگرێ، ئەوەی وەریشی ناگرێ با وەری نەگرێ، کەیفی خۆیەتی) ، ئێمە چیمان بەدەستە ...!

هەندی لە صۆفییەکان:

بەلّام لەگەلّ ئەوەشا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە لە کۆنەوە زۆرێك لە صۆفییەکان جیهادیان کردووە بەرامبەر تەتارو مەغۆلەکان، هەروەها صەلّاحەددینی ئەیوبی دەلّێن صۆفی بووە کە لە کاتی خۆیا فەلەستینی لە دەستی گاورەکان ڕزگار کردووە، لە سەدەی نۆزدەمو سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا هەندێك لە سەرکردەکانی صۆفییەتی

یـا شـێخەکانی دژ بـە ئیمپیریـالیزمو داگیرکـەر وەسـتاون‌و جیهادیان لەگەڵدا کردوون، بە تایبەتی لە سـەرووی ئـەفریقیا وەك جەزائیرو مەغریب‌و لیبیا[1] هەروەها لـە باشـورەوە وەك سـودان، هەنـدێکی تـر شـان بەشـان مامۆسـتایانی ئـایینی رۆڵێکی زۆریان هەبوە بۆ بە دیندار کردنی خەڵك‌و کاریگـەری باشیان لە کۆمەڵگا کردووە بۆ چەسپاندنی بـاوەڕو ڕەوشـتی ئیسـلامی لـە ناویانـدا، لـەکاتێکا کـە زۆرینـەی خـەڵك نەخوێندەوار بوەو هیچ دەزگای ڕاگەیاندن‌و ڕۆشنبیری نەبوە جگە لـە مزگـەوت‌و مەدرەسـەو دەزگاکـانی صـۆفییەتی، بـە تایبەتی لە کوردوستانی خۆماندا .

لەمـە سەرسـووڕهێنەتر بەرامبـەر بـەوە، دەبیـنین کـە دیاردەی سەلەفی خواز یا (ڕێبازی سەلەفی) کە بانگخوازیە بـۆ گێڕانـەوەی موسـڵمانان بـۆ ئیسـلامە ڕاسـتەکەی پـاك لـە دروستکراوو بیدعەخوازی لەسـەر بنـەمای قورئـان‌و سـونەتی پێغەمبەر ﷺ، کە کارێکی باشـەو پەسـندە بـەڵکو پێویسـتە، کەچـی دەبیـنین ئـەم دیاردەیـەش لـە لایـەن دەوڵەتـە زل هێزەکانی ئیمپیریالی بەکار هێنران بە ناوی قاعیـدە بـە ڕێـی

---

١) الصوفية والتصوف في ضوء الكتاب والسنة ص١٢٥ .

دەوڵـەتی ئیسـلامی ئـەفغانی بـۆ ڕوخانـدنی یـەککگرتووی سۆڤیاتی، ئێستاش لە کاتی ئەم نووسینەدا بەناوی دەولـەی ئیسلامی لە عێراق‌و شامدا بەکار دێن بـۆ دژایـەتی وڵاتـانی‌و خەڵکانی ئیسلامی سوننی لـە سـوریاو عێـراق‌و وڵاتـانی تـری سـوننی، بـە پتشـگیری ئـەمریکاو هاوپەیمانـەکانی لەگـەڵ ئێـران، بۆیـە گشـت حکومەتـەکان دەسـت لـە سـەلەفیەکانی لایەنگیریان نادەن، کەچی لە هەمان کاتـا دژایـەتی ئیسـلامی بەرنامەیی‌و میانڕەوی‌و ڕاستەقینە دەکەن.

جیاوازی مەبدەئو پێهەڵساوەکانی :

لەبەر ئەمـە، دەبـێ بـزانین کـە بابـەت‌و بەرنامـە شـتێکە، خەڵکانێکیش کـە پێـی هەڵدەسـتن شـتێکی تـرە. وەکـو بـێ لایـەنی زانسـتی بەرامبـەر بـە هـەر دیاردەیێـك یـا بەهـەر بەرنامـەیێك یـا ئایـدیۆلۆژیێك، ئـەوە گـرنگ نییـە کـە پێهەڵساوەکانی یـا بـەکار هێنـەرەکانی باش بـن یـا خـراپ، بەڵکو ئەوە گرنگـە ئایـا بەرنامـەو ئەیدیۆلۆژیەکـە لـە خـودی خۆیدا ڕاستە یان نا، سوود دەدا، دەرئەنجامی سوود بەخشە یان نا... ؟ ئەگەر لە لایەن ناحەزو دوژمنانا بۆ ڕێـی چـەوت‌و دژایەتی ئیسلام‌و مرۆڤایەتی بەکار نێت، هەر وەکـو دەبینین

کە تریژ میوەیێکی خۆش‌و بە بەپیتە، کە چی کەسانێك بەکاری دێنن بۆ مەی لێ دروست کردن‌و شێت کردنی مرۆڤان .

چونکە مرۆڤ مرۆڤە هەرچیەك بێ‌و لە هەر ئاستێکا بێ، لەوانەیە بۆ بەرژەوەندی‌و تەمەعکاری دونیا گشت ڕاستەقینە‌و زانستێك بگۆڕی بۆ بەجێهێنانی مەبەست‌و ئارەزووە نزمەکانی خۆی، لە هەر ئایینێك‌و مەبدەئیك بێ... مرۆڤی بێ یا خودایی، بینیمان چۆن ماركس‌و لینین زانستی فیزیایان کردە مەبدەئی دیالیکتیك‌و شیوعیەتیان لێ دروست کرد ، جا کردیانە هۆکاری کوشتنی ملیۆنەها مرۆڤ لە جیهاندا... ئێستاش چۆن ئەمریکا بە درۆی دیموکراسییەت‌و ئازادی، بە هێزی سەرمایەداری دونیای وێران کردووە‌و دوژمنایەتی هەموو گەلانی جیهان دەکات‌و دەیان چەوسێنێتەوە، وەکو بیری لێ دەکەینەوە وا دەرکەوت کە دروشمی: (ئەمریکا دوژمنی هەموو گەلانە) ڕاستە.

بۆیە هەرگیز لە هیچ کاتێکا مرۆڤ نابێتە تەرازووو پێوەری هەڵسەنگاندنی هیچ ئایین‌و مەبدەئو ئایدیۆلۆژیێك،بەڵکو تەنیا خودی پێکهاتەکانی مەبدەئو ئایین‌و ئایدیۆلۆژیا دەبێتە تەرازووی هەڵسەنگاندنیان بە پێی

زانستو زانینی‌و بیرکردنەوەی ڕاستی بۆ دەست پێگرتنی یا دەست لێبەردانی پاش زانینی ڕاستەقینەکەی. هەروەك موعازی کوری جەبەل ﷺ فەرموویەتی: (إنّ الرّجال تعرف بالحقّ ولا یعرف الحقّ بالرّجال)[1] واتە: پیاو بە پێوەری حەق دەناسرێن، حەق بەپێوەری پیاوان ناناسرێ ... چونکە حەق تەرازووی ناسینی پیاوە نەك بە پێچەوانەوە ...!

کەوابوو پێویستە ڕاستەقینەی صۆفییایەتی بزانرێ، دەبێ لای خوێنەوارانو خەڵکان دیارو ئاشکرا بێت، ئەوجا بەپێی ئەوە دەزانرێ بەکارهێنەرەکانی ڕاستن یان چەوتن. یا بەڕاستی بەکاری دێنن یان نا.

جا لەبەر ئەوەی دەبینین بە جۆراو جۆر باسی کراوەو بەکار هێنراوە، هەندێ کەس کە خۆیان لەناو ڕۆڵی ئەم دیاردەیەدا دەژیێن، لایەنگیری دەکەن یا کەسانێك لە خانەوادەی شێخایەتیو صۆفییایەتین لێیان نووسیوەو تەنیا بەباش لە قەڵەمیان داوەو لایەنە باشەکانیان دیاری کردووەو پێیان هەڵگوتوە، کەسانێکی تریش کە ڕێبازێکی ترن لە نووسینەکانیاندا بە توندی دژایەتی دەکەنو تەنیا لایەنە

---

١) طبقات الشافعية الكبرى ٨٣/٩ .

نەرێنیو ناشیرینەکانی دەردەخەن، بۆیە بە گشتی ڕەتی دەکەنەوە، لەبەر ئەمە پێویستە بە شێوەیێکی بابەتیو زانستیو بێ لایەنی بیزانینو تێی بگەین. بۆ ئەوەی بە هەڵە نەچین لە بڕیارو بۆ چوون بەرامبەر ئەم دیاردەیە .

شێخایەتیو موریدایەتی:

پێشەکی ئەبێ بزانین کە شێخایەتیو خەلیفایەتیو موریدایەتیو صۆفییەتیو دەروێشی[1] و دێوانەیی[2]... هتد. ئەم جۆرە ناوو دەستەواژانە، دروستکراوێکی سیستەمیە تەنیا بۆ بەڕێوە بردنی ڕێکخراوی دیاردەی صۆفییەتی بە پێی بەرنامەو پڕۆژەی شێخەکانو بەکار هێنەرەکانیو مەبەستو نیەتەکانیانە، جا بۆ دونیاداری بێ یا بۆ دینداری، خواو خۆیان نەبێ کەس نایزانێ، مەگەر دونیاداریەکە زۆر زەق بێ بە شێوەیێکی وا پێیوە دیار بێ. یا دینداریەکەی زۆر بەدڵسۆزی بێ بە شێوەیێکی وا هیچ مەبەستی دونیاداری

---

١) نەقشبیەکان بە موریدی خۆیان دەڵێن صۆفی، قادریەکانیش بە موریدەکانی خۆیان دەڵێن دەروێش .

٢) دێوانە بەو کەسە دەڵێن کە لە زێدە تەصەووفیدا وەکو شێتی لێهاتووە ئاگاداری دونیا نیە.

لێ بەدی نەکرێ. جا لێرەدا بە پێی پلەی ژیری مرۆڤانو هۆشیاری موسڵمانانو زانستی ئایینی دیندارەکان جیاوازی لە هەڵسەنگاندنیانا پەیدا دەبێ .

خۆمو شێخی باوکم:

لەبەر ئەوەی خۆمیش کە خاوەنی ئەم نووسینەم، لە خانەوادەیێکی زانستیو صۆفییەتی وام کە باوکو باپیرانم لەگەڵ زانستو کاری مەدرەسیو وتار خوێنی ئامۆژگاری رێگەی تەصەووف نەقشبەندیان بەکار دەهێناو، باپیرەکانم مریدو سۆفی زۆریان هەبوە لە ناوچەی خۆشناوەتی لە دۆڵی بالیسانو دۆڵی ئاژگەو زرگویزو و شارو دەشتی کۆیەو جێگەی تر، سالانە دەچوون ئیرشادیان لە دێهاتەکانا دەکرد، بۆ ئامۆژکاری و شارەزا کردنی خەڵك لە دینداریو ئیسلامەتی ...

بەڵام ئەوەی سرنجی ڕاکێشامو لەم دواییەدا بیرم لێ کردەوە، بینیم باوکم (شێخ محمّد بالیسانی) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێ ـ لەگەڵ ئەوەی کە زانایێکی بەناوبانگ بوو، دینداریکی زۆر دڵسۆزو حەق خواز بوو، بەدرێژی ژیانی

وەکـو دەمـدیت بـەردەوام تەصـەووف بـەکار دەهێنـا، هـەر خەریکی زانستو پەرستنو زیکرو دوعـاو لـە خـوا پاڕانـەوەو شەو نوێژو قورئان خوێندن بوو، کەچی شـێخایەتی نـەکردوو لـە زووەوە وازی لێهێنـابوو، موریـدو صـۆفیو دواکـەوتوی بـۆ خۆی پەیدا نەکردبوو، ڕووی کردبوە زانسـتو وانـە وتنـەوەو کتێب داناڵو بـانگخوازی بـۆ ئیسـلام. بـیرم لـێ دەکـردەوە، ناچـار بـووم ڕۆژێـك لـێم پرسـی وتم: بـابۆ[1] ! جـەنابت لـۆ شێخایەتیت نەکرد، ئەوهـە وازت لێهینـاو هـەر وا بـە فـەقیری ژیاوی؟ کەچی کارەکی چەورەو لەم زەمانـەدا سـوودی زۆری پێ ئەگەیاندین؟ جا بـە پێکەنینـەوە بـە سـوعبەت پـێم وت: خوا عافوت کا لە ئێمەشت (واتـە: خـۆم و براکـانم) تێکـدا!، ئەویش بە زەردەخەنەو نەرمـە پێکـەنینێك وەڵامـی دامـەوەو فەرمووی: الحمد لله وازم لێ هێنا، چونکە بوەتە دونیـاداریو فڕوفێـڵ، چـاکو خـراپ تێکـەڵ بووینـەو تـەڕو وشـك پێکـەوە سوتاون .

---

١) وەکو زاراوەی خۆشناوەتی بە باوکمان دەوت بابۆ .

پاشان فەرمووی: باوۆ[1] ! ئەم رێبازە کۆنترۆڵ کراوە لە لایەن دەزگا حکومیەکانی بێگانەو ناوخۆ لە رێی ڕاستیان لاداوە، بۆیە کەڵکی نەماوە، لە جیاتی خێر گوناهبار دەبم، ناشتوانم دینی خۆم بە دونیای خەڵکی بدەم .

هەوەها فەرمووی: جگە لەوە، لە کاتی گەنجیدا کە تازە دەستم بە تەصەووف کردبوو یەک لە صەحابەکان هاتە خەونمو پێی وتم : موحەممەد ! ڕوو بدە زانست لەشتی تر گەڕێ، بۆیە ڕووم کردە زانستو وانە بێژیو نووسینو بانگخوازی گشتی ئیسلامیو وتار بێژی، تەصەووفیش وەکو دینداری تەنیا بۆ خۆمی بەکار دێنم، ناشمەوێ درۆ بکەمو ئیددیعای شتی وا بکەم کە خۆم بەشایەنی نازانمو پاشان لای خوا گوناهبارو بەرپرس بم .

هۆکاری نووسینی ئەم کتێبە :

جا لەبەر ئەمە پاش بیرکردنەوەیێکی زۆر، بە پێویستم زانی ڕاستەقینەی ئەم رێگەیە تێبگەمو ڕاستو درۆی لێک جودا بکەمەوە، بە قەدەر توانا بە شێوەیێکی بابەتی

---

١) ئەم وشەیە لە زاراوەی خۆشناوەتیدا لە باتی ڕۆڵە بەکار دێت .

زانستیانە لێی بدوێم و بینووسم بۆ ڕێنمایی کردنی موسڵمانان و ڕۆڵەکانی کورد، بۆ ئەوەی بە هەڵە نەچن و گومڕاو گوناهبار نەبن لە تونددڕەوی دژایەتی یا گران خوازی تێکەڵ بوونی ئەم دیاردەیە.

زۆریش درێژەم پێ نەداوە و قەوارەی کتێبەکەم ئەستوور نەکرددوە، بۆ ئەوەی لە توانای خوێندنەوەی گشت ئاستەکانی خوێنەرەکاندا بێت ، زۆر کورتیش نەبی بە شێوەیێکی وا لە مەبەستو سوود لێ وەرگرتن بچێتە دەر .

هیوادارم خوێنەواران بە چاوێکی بێ لایەن و عەقڵێکی زانست خوازی بیخوێنەوەو ببێتە جێگەی ڕاڵێبوونیان و دوعای خێرم بۆ بکەن هەڵەکانم بۆ چاك بکەنەوە لێبووردنم پێ ببەخشن .

یاخوا خوایە یارمەتیم بدەی بۆ دەرخستنی ڕاستیو ڕاستەقینەی ئیسلام، بمپارێزی لە هەڵەو گوناهباری، ڕێی ڕاستو دروستم نیشان بدەیو لە گشت هەڵەو گوناهەکانم خۆش بیت . ئامین .

پ.د. ئەحمەد شێخ موحەممەد شێخ تەها بالیسانی

دووشەمە ـ ٢٠١٦/٥/٩م

پێناسەی تەصەووف و جۆرەکانی دروست بوونی

هەموو شتێکی پیویستمان بە زانینی هەبێ دەبێ چیەتیەتیەکەی بزانرێو پێناسەکەی دیار بکرێ، بۆ زانینی پێکهاتەکانیو وەرگرتنی ڕاستەقینەکەی، هەتا بە چاو ڕوونی لەگەڵیا هەڵسو کەوت بکەینو باشی لێ تێبگەین وەك لەم باسانەی دێت .

باسی یەکەم
پێناسەی تەصەووف

ئەم ناوە، واتە: وشەی صۆفی وەکو دەرکەوت، لە زمانی عەرەبیدا نەبوە، کەوابوو لە چیەوە هاتوە ... زۆر قسەی لێکراوە، هەندێك لە زانایان دەڵێن وشەی (صوفي) لە (صفاء)[1] ـەوەیە واتە: پوونی، بەڵام وانیە، چونکە ئەگەر وابا دەبوا پێی بوترێ (صفائي).

هەندێکی تر دەڵێن لە وشەی (أهل الصّفة) وەرگیراوە کە ئەو صەحابە هەژارانە بوون هیچیان نەبوو، لە بنەبانێکی تەك مزگەوتو حوجرەکانی پێغەمبەر ﷺ دەژیان و یارمەتیان دەدرا[2]، بەڵام زانایانی ورد بین دەڵێن ئەمە لە زانستی زمانەوانی عەرەبیدا پاست نیە، چونکە ئەگەر وابا

---

١) واتە رۆنی .

٢) شرح تائية السلوك إلى ملك الملوك للشيخ عبد المجيد الشرنوبي الأزهري ، ص٦ المطبعة الحميدية الأزهرية ١٣١٣هـ ؛ الصوفية والتصوف في ضوء الكتاب والسنة للسيد هاشم الرفاعي ص٢٢ .

دەبوا پێیان وترابا (صُفّي)[1] (صوففی)، جگە لەوەی کە ئیددیعا کردنی دڵصافی دروست نیە، لەبەر ئەوەی خوا لە سووڕەتی نەجمدا دەفەرمێ: ﴿ ... فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ﴿٣٢﴾ ﴾. واتە: خۆتان بە دڵ صافو پاك دامەنێن، هەر خوا زاناترە بە تەقواکار .

هەندێکش دەڵێن صۆفی لە وشەی (سۆفیا)ی یۆنانی بە واتەی حیکمەت هاتووە، چونکە صۆفییەتی لە هەوەڵەوە لەوێ دەستی پێکردووە کە حیکمەت خواز بوین .

منیش ئەوندە دەتوانم بڵێم کە پیتی (ۆ) کە بە ئینگلیزی (O) لە عەڕەبیدا نیە، بۆیە نابێ ئەم وشەیە عەڕەبی بێت. ئەگەر بشڵێین ئەم وشەیە (صوفی) بە صۆفی نیە، (صوفی)ش صوف واتە: خوری وەرگیراوەو کراوەتە سیفەتی ئەم جۆرە

---

١) نشأة التصوف الإسلامي : د.إبراهيم بسيوني، ط ، دار المعارف بمصر عام ١٩٦٩م ، ص١١. دراسات في الفرق والمذاهب القديمة والمعاصرة : عبد الله الأمين، دار الحقيقة - بيروت، ط١ ، ١٤٠٦- ص٢٣٩.- ١٩٨٦ نقلا عن مجلة الجامعة الإسلامية – المجلد العاشر ، العدد الثاني ، ص ٣٥٥ – ص٤٢٨ ،٢٠٠٢ مفهوم التّصوّف وأنواعه في الميزان الشّرعي ، د.محمود يوسف الشوبكي كلية أصول الدين بالجامعة الإسلامية بغزة.

کەسانە چونکە جلی خوریان لەبەر کردووە، ئەمەش زۆر دوورە لە واتەی دڵصافی، بەڵام صۆفییەتی خوازەکان بەمە ڕازی نین وەک لەمەو دوا باسی دیت .

چەندانێك لە زانایانی ئیسلام وەك زانای بەناوبانگ ئیبن خەلدونو شێخی سەهرەوەردیو شێخ ئیبنو تەیمیە[1] دەڵێن: وشەی صۆفی لە (صوف) - واتە: خوری - وەرگیراوە، چونکە کەسانی دیندارو دونیا نەویستو دور لە نەرمونۆڵی ژیان لەپێشودا جلی خوریان لەبەر کردووە بۆ ئازاردانی جەستەو نەفس، بۆیە صۆفییەکانیش جلی خوریان لەبەر کردووە ! .

ئیتر زۆر قسەی تر هەیە لە ڕەگەزی وشەی صۆفی بە پێویستمان نەزانی درێژەی پێ بدەین. چونکە لە واقیعی ئێستادا ئەم وشەیە ناوی ئەم دیاردەیەو بەکەس ناگۆڕێ .

هەر بەم جۆرەش لەبەر ئەوەی تەصەووف جیاوازی هەیە بە جیاوازی کەسەکانیو جۆر جۆری بەکار هێنەرەکانی، بە بێ ئەوەی یاساییکی تایبەتی یا ڕێساییکی

---

١) تلبیس إبلیس ١٦١ ،دار الکتب العلمیة، لسان العرب ، ط بولاق الأولی١١/١٠٢.

سنوردار یا پێگەیێکی دیارکراوی هەبێت، هەتا گشتیان وەکو یەك پێکەوە لەسەری بڕۆن یا بەکاری بێنن، دەبینین بەکار هێنانی ئەم دیاردەیە لە کەسێك تا کەسێکی تر جیاوازە بە شێوەکی وا لەوانەیە لە دوو جێگەدا نەبینی وەکو یەك بەکاری بێنن، لەوانەشە وەکو دەڵێن هەر ئەمە بێ بووبێتە هۆکاری دروستبوونی سێ سەد ڕێبازی تەصەووف یا پتر[1].

هەر لەبەر ئەمەشە پێناسەکانی تەصەووف زۆر زۆرن، هەتا دەڵێن ژمارەی گەییشتووەتە زیاتر لە هەزار پێناسە[2]، گشتیشی وەك بە عەڕەبی دەڵێن (جامع و مانع) نییە واتە: کۆکەرەوەو نەهێڵ نیە، بۆیە دڵی زانستی ئاوی پێ ناخواتەوەو تێنوەتی پێ ناشکێت، چونکە هەر یەکە باسی لایەك لە لایەکانی تەصووف دەکات کە بۆ خۆی ئەزموونی لەسەری هەیەو تامی لێ وەرگرتووە، ئەگەر نەڵێین بۆ مەبەستێکی خۆی بەکار هێناوە ، یا سیستەمێکی پێ پێك هێناوە.

---

١) الموسوعة الصّوفية

٢) حقائق عن التصوف للشيخ عبد القادر عيسى ط٥ ص١٠.

وەك **شێخ مەعروفی کەرخی** دەڵێ: تەصەووف وەرگرتنی ڕاستەقینەکانەو بێ ئومێدیە لە دەستی خەڵکان... هەروەها **بیشری حافی** دەڵێ: صۆفی ئەو کەسەیە کە دڵی صافە واتە: ڕوونە ... **جونەیدی بەغدادیش** دەڵێ: صۆفییەتی ئەوەیە کەلەگەڵ خوا بیت بە بێ پەیوەندی تر، هەروەها وتویەتی: تەصەووف بەکار هێنانی گشت ڕەوشتێکی ڕووناکەو واز هێنانە لە گشت ڕەوشتی نزم.

هەندێ کەس دەڵێن: صۆفییەتی: چاك کردنی ناخی مرۆڤە لە نێوان خۆی و خوا[1].

ئیتر بەم جۆرە زۆر پێناسەی تری هەیە، بۆیە خاوەنی کتێبی (حلیة الأولیاء) پتر لە سەدو پەنجا پێناسەی تۆمار کردووە[2].

هەندێکیش لە پێناسەکان واتەی دیار نیە، وەك **بایەزیدی بەستامی** کە دەڵێ: صۆفییەکان منالّن لە کۆشی ڕاستی . **جونەیدی بەغدادیش** دەڵێ: تەصەووف ئەوەیە کە ڕاستەقینە لە خۆت بتمرێنێو بەو بتژیێنێ.

---

١) فیض القدیر ٥/٤٣٧ .

٢) حلیة الأولیاء لأبي نعیم الأصفهاني ج ١من ص٤١ إلی ص١٩٨ .

هەروەها حوسەینی حەلاج دەڵێ: صۆفی یەکەی خودە، کەس وەری ناگرێ‌و کەسیش وەرناگرێ .

زۆری پێناسەکان وای لە هەندێ نووسەران کردووە کە ئەو زۆریە لەپێناسەکان‌و جیاوازیان وا لێك بدەنەوە کە تەصەووف بە پێناسە ناگیرێ و ناناسرێ یا نازانرێ، چونکە بریتییە لە چێژو تام‌و بارێکی وێژدانی کە هیچ کەسێك نایزانێ هەتا تامی نەکا یا تیایدا نەژیێ‌و بەکاری نەهێنێ، هەروەکو کەس ناتوانێ تامی میوە یا خواردەمەنی تر بە پێناسە بزانێ تەنیا بە تام کردنی نەبێ . یا هەتا خۆی تامی نەکا.

بۆ نموونە شیرینی ئەگەرچی یەك ناوی هەیە، بەڵام جۆرەها جۆری تامی شیرینی جیاواز هەیە، بە جیاوازی جۆرەها خواردنی شیرین تام یا میوەجاتی جۆراو جۆر. تامەکانی تریش هەر بەم جۆرەیە وەك سوێری و تاڵی و ترشی[1] ....هتد .

---

١) ماهو التصوف للشيخ أمين النقشبندي، ترجمة د. محمّد شريف احمد ص٤٧.

تەصەووفیش هەر وایەو بەم شێوەیەی لێك دەدەنەوە، بۆیە خاوەن تام چێژەکانی تەصەووف جیاواز بوینە لە دەربڕینی خۆیان بەرامبەر بە تەصووف بۆ پێناسە کردنی، هەرکەسە بە پێی تامو تاقیکردنەوەی خۆی پێناسەی کردووە. لەبەر جۆر جۆری تامو جیاوازی ئەزموونو بارو دۆخی تیایدا ژیاوە، بە شێوەیێکی وا هەندێکیان وتوویانە: لەگوین نیە[1] یا مەحاڵە چیەتی تەصوفو ڕاستەقینەکەی بزانرێ[2]

نەتوانینی دیاریکردنی پێناسەیێکی تەواو ڕێك بۆ تەصەووف لەوانەیە بگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئەم بابەتە زانستێکی دیار نیە، چونکە پێك نەهاتووە لە ڕێسا و پێکهاتەو مەرجی وا بە دروستی دەربخا، پێناسەی بکات بەپێناسەیێکی کۆو نەهێل، وەك شێخی باوکم ڕەحمەتی خوای لێبێ فەرموویەتی تەصەووف: (لەسەرەتاوە کردەوەیەو لە کۆتاییەوە زانستە، چونکە دەستپێگرەکەی

---

١) واتە مومکین نییە .

٢) ماهو التصوف للشيخ أمين النقشبندي، ترجمة د. محمّد شريف احمد ص٥٣ ، أخذه من د.عرفان عبد الحميد في كتابه نشأة الفلسفة الصوفية .

بە کردەوەکانی دەگاتە زانینی خواناسی، لێوەدەرکەوتنی هەندێ کەشف و کەرامەت، لەگەڵ زانینی ڕاکێشانی دڵەکان بۆ ڕێگەی ڕاستی خۆشەویست، یا بەم بارە ڕێگەی ئەوە دەزانێ کە دەیگەیێنێتە پلەکانی گەییشتن، بەم جۆرە دەبێتە زانستو دەنووسرێ، دەنا تەصەووف زانستە بە پێوەهەڵسان نەك بە لێدوان)[1] .

واتە: یەکێك کە کار لەشتێك دەکاو پێی هەڵدەستی بەزۆر تاقیکرنەوەو ڕەنج کێشاندا دەڕوات، ئەنجامەکەی دەستکەوت دەکاتو ئەزموونێکی بۆ پەیدا دەبێ، پاشان تۆماری دەکاتو دەینووسێتەوە، هەروەك ئەو کەسەی بیرەوەریەکانی ژیانیو ئەزموونی خۆی دەنووسێتەوە، جا خەڵکان دەیخوێننەوەو سوودی لێ وەردەگرنو بە زانستێك دەزانرێ.

---

١) القول الوفي شرح اللطف الخفي المسمى بالعقائد الباليسانية، نووسینی باوکم شیخ محمد شیخ طه باليساني ـ دەستنووس ـ ص٤ .

باسی دووەم
پەیدا بوونی صۆفییەتی و بەردەوامیەکە

تۆیژەرەکان دەڵێن کە تەصەووف زۆر کۆنە بە کۆنی مرۆڤو هەبوونی فەلسەفەی زانیاری لای مرۆڤ، چونکە مرۆڤ لە سەرەتای هەبوونیدا هەوڵی داوە بۆ گەیشتن بە تەواوی ڕەوشتو زانینی ڕاستەقینەو پەیوەندی پەیدا کردن لەگەڵ بەرزترو بەرزتری بۆ بەجێهێنانی بەختەوەری ڕوحی .

بۆیە تەصەووف هاوبەشە لە نێوان گشت ئایینەکانو شارستانیەکانی ئاسمانیو بتپەرستی، بەڵام جیاوازیان لە نێواندا هەبووە بە پێی جیاوازی بنەماکانی ئایینەکانو شارستانیەکانو ڕێگەکانیان، بۆ گەیشتنە ئەو زانیاریەی کە دەیگەیەنێتە ڕاستەقینەی خوازراو، یا ئەوەی (معرفە) واتە: زانیاری یا ناسینی خودا پەیدا دەکات .

بۆیە نووسەرەکانو تۆیژەرەکان جگە لە دەمارگیرەکانی صۆفی، نزیکە کۆك بن لەسەر ئەوەی کە، تەصەووف و

فەلسەفەی ئایینەکانی پێشی ئیسلام هەردووکیان هاتوونەتە ناو موسڵمانانو لێیان وەرگرتوون و جۆرە گۆڕانکارییێکی گونجێنەریان لەگەڵ ئیسلامدا تیادا کردووە، جا هەندێ بەڵگەو سەرچاوەیان بۆ دروست کرد، بە بەکار هێنانی واتەکانی ڕواڵەتی ئایەتەکانی قورئانو حەدیسەکانی پێغەمبەر ﷺ، بۆ ئەوەی لەگەڵ واتەکانی گشتی تەصەووف تێك بکاتەوە، ئا بەم جۆرە خستیانە ژێر چوارچیوەو هەزرو کەڵەپوری ئیسلام

[illegible]

ئینکاری ئەمە دەکەن وەدەڵێن: وانییە صوفییەتی تەنیا لە ئیسلامدا بوونی هەیە بەڵکو هەیە لە هەر پێشووی ئیسلامدا بووە لەوان وەرنەگیراوە

[illegible]

بەڵگەشیان ئەم خاڵانەن:

[illegible]

١- پێکچوون و هاوشێوەیی بەڵگەیەکە ئەوەی کە تەصەووف ئیسلامی لە ئایینەکانی تر وەرگیراوە، بەڵکو ئەمە لە بابەتی تێکەڵکردنەوەی یەرو خەیاڵو یەکن شێوەیی پێویستەکانو یەکیەتی پێگەکانی تێکدنیانە، لەگەڵ یەکشێوەیی یارو دۆخو هۆکارە

بـە بـێ ئـەوەی هـی پاشـی لـە هـی پێشـووی خـۆی وەرگیرابـێ. بەڕاسـتی ئەمـە بەڵگـەیێکی بـەهێزەو دەچێتە عەقڵ .

٢ـ فەلسـەفەی یۆنـانیو ڕۆمـانی لـە پـاش پەیـدابوونی تەصەووفی ئیسلامی، وەرگێڕدراوە بۆ زمـانی عـەڕەبی، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی لـەوان وەرنـەگیراوە، چـونکە تەصـەووفی ئیسـلامی لـە وەرگێڕانـی هـی نـا ئیسلامی بۆ عەڕەبی کۆن تر(١) .

وەك نـەیانزانیبێ یـان لـەبیریان چـووبێ کـە وڵاتـانی ڕۆژ ئـاواو ڕۆژهـەڵاتو باشـورو بـاکور بـەردەوام پەیوەنـدییان بەیەکەوە هەبوە، بەڕێی شەڕو شـۆڕو داگیرکردنـی سـوپایی، هەروەها بەڕێی بازرگانیو گەشتیاری.

ئاشکراو چەسپاوە کە دەوڵەتی ڕۆمـانی لـە پـێش هـاتنی ئیسلامدا هەتا ڕۆژئاوای خـواروو عێـراق و باشـوری ئـوردن هـاتووە، هـەروەها دەوڵـەتی ساسـانیش زۆر لـە وڵاتـانی عەڕەبی وەك یەمەنو وڵاتانی کەنداوی نێوان فارسو عـەڕەب

١) ماهو التصوف للشيخ أمين النقشبندى ص٣٧ .

و بەشێکی زۆر لە عێراق داگیرکراوو ژێردەستەی فارسەکان بوون.

لە لایەکی ترەوە ولاتانی شامو زۆر لە باشووری عێراق پێشی ئیسلام داگیر کراوی دەولەتی ڕۆمانی بوونە، جگە لە میسرو ولاتانی باکوری ئەفریقیا، ئەمە گشتی دەبێتە هۆکاری تێکەڵ بە یەکتر بوونو لێك وەرگرتنو کاریگەری لێك کردن.

پاشان کە ئیسلام هات داگیرکەرەکانی دەر کردنو دانیشتوەکانی واتە: خەڵکی ئەم ولاتانەی ڕزگار کرد، جا ئەمە بوە هۆی موسڵمان بوونی خەڵکی ئەم ولاتانەی ڕزگارکراو.

هەر وەکو چەسپاوە کە بت پەرستی لەشامەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو عەڕەبەکانی دوورگەی عەڕەبی کە لەپێشدا لەسەر ئایینی حەزرەتی ئیسماعیل بوون تەنیا خوایان دەپەرست، پاشان لایان داوە، چەسپاوە کە عەڕەبێکی بەناو عەمرو بنو لحەی ئەلخوزاعی (عمرو بن لحی الخزاعی) یەکەم کەس بوو بتی هێنا ناو دوورگەی عەرەبو

بت پەرستی بڵاو کردەوە، ئیتر ماوە هەتا ئیسلام هاتو بت پەرستی لابرد گشت بتەکانی شکاند .

جگە لەوەی کە زۆر لە جوولەکەکان و فەلەکان لە ناو عەرەبەکاندا دەژیانو زۆر لە عەرەبەکانیش نەسرانی واتە: فەلە بوون، وەك بەنی تەغلیب[1] و غەساسینەکان، پاشان کە ئیسلام هات زۆریان موسڵمان بوون، لەوانەیە زانیاریو ڕۆشنبیری ئایینی پێشوویان لە دەروەندا مابێو پاش ئیسلام بونیان کاریگەری لەشێوەی دینداریان کردبێ. هەروەك دەبینین کە ئەو ئیسڕالیاتەی هاتووەتە ناو مێژووی ئیسلام و تەفسیری قورئان شاهیدن لەسەر ئەمە کە لەوانەیە تەصەووفیش لەم جۆرە ڕێگایانەوە هاتبێتە ناو موسڵمانان .

بۆیە نووسینو وەرگێڕانی زمانی زانست تەنیا ڕێگە نییە بۆ لێك وەرگرتن، چونکە لەگەڵ یەکتری ژیاونو ئاشنایيو تێکەڵی ئابووریو ڕامیاریو سوپایی نەك قەدەغەی ئەوە ناکا کە هەندێ ڕوانگەو داب و نەریت لێك وەرگرن ، بەڵکو گاریگەری بەهێزتر لە کتێبو نووسینو وەرگێڕان بۆ

---

١) بەنی تەغلیب ماوەیەك لەسەر نەسرانیەتدا مانەوەو ئەهلی زیممە بون لە ژێر سێبەری ئیسلامدا دەژیان، پاش ماوەیێکی زۆر ئەوجا موسڵمان بوون .

لەیەکتری وەرگرتنو لاسا کردنەوە. چونکە کتێب هەموو کەس نایخوێنێتەوە بەلاّم تێکەڵیو پێکەوە ژیانو بلاّو بوونەوەی ڕەفتارو کار لێ کردنی کارو کاردانەوە هەموو کەسێك لە کۆمەڵگادا دەگرێتەوە .

وەك لەم سەردەمەماندا دەبینین چۆن داب‌و نەریتی ڕێك‌و ناڕێك‌و شارستانی شەرعی‌و ناشەرعی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپاو ئەمریکا لەناو موسڵمانانداو بلاّو بووەتەوە بەڕێی تێکەڵاوی‌و داگیرکردن‌و حوکمڕانی نۆکەر و بەکرێگیراوانی عەلمانی وڵاتە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا، زۆرینەی بەتایبەتی لای نەخوێندەوارەکان تەنیا بە دیتن‌و بانگاشە بۆ کردنە، کەمێکیشی بە کتێب‌و نوسراوە لای خوێندەوارەکان. خۆ خوێندەوارەکانیش تەنیا کەمێکی شت دەخوێنێتەوە، زۆرینەکەی سەرقاڵی گوزەرانی ژیانیەتی‌و تاقەتی خوێندنەوەی نیە‌و کتێب‌و نووسراو ناخوێنێتەوە .

بۆیە ئینکار کردنی وەرگرتنی صۆفییەتی لە هی پێشووی ئیسلام بەم بەڵگەیە زۆر لاوازە بەرامبەر بە هەبوونی بیرۆکەی صوفی فەلسەفی کۆنی پێشی ئیسلام لە ژیان‌و نوسراوی زۆر لە گەورە پیاوانی صۆفی وەك (الفناء في الله)

لای ئـەبو یەزیـدی بەسـتامی، (الحلـول) لای حـەلاجو ئـیبن عەرەبی پاشـان سـەهرەوەردی، (وحـدة الوجـود) یـا (وحـدة الشّـهود) لای ئیبنولفـارێز، (عیشـقی خـوایی) لای ڕابیعـەی عەدەویـە[1]، کـە تـەنیا صـۆفییەکانی پـێش ئیسـلام لـە جوولەکەو نەسرانیو هیندیەکانو چینیەکانو هی تری وەکـو ئەوان وتوویانەو لایان باو بووە .

ڕاستە پێك چوونو هاوشـێوەیی بەڵگـەی بـڕاوی (قطعـي) لێـك وەرگـرتنو لاسـاکردنەوە نیـە، هـەروەك چـەندین بـیرو بـاوەڕی ئیسـلام وەك بـاوەڕ بـە خـواو پێغەمبـەرانو ڕۆژی قیامـەتو پەنهانـەکان زۆر لـە ڕەوشـتەکانی ئیسـلام لەگـەڵ ئایینی یەهودیو نەسڕانی تێك دەکاتەوە، کە نیشـانەی یـەك سەرچـاوەییە کـە نیگـای خوایـە بـۆ پێغەمبـەرەکان، نـەك وەرگرتن بێ لە ئایینەکانی ئەوان. بـەڵام ئەمـە لەشـتی ڕەواو شەرعی کە لەگەڵ ئیسلامدا ڕێك دەکـەوێ نـەك لـە شـتێ کـە پێچـەوانەی ئیسـلام بـێ یـا بـە شـیرك بزانـرێ وەك (حلـول) و(إشراق)و (وحدة الوجود) و ئەم جۆرە شـتانەی کـە نـە لـە

---

١) معجم الإسلام التأريخي للبحاثين ج.و.د .سورديل ، ترجمة د.أ. الحكيم ص٥٧٤ .

قوڕئاندا هاتووەو نە لەسونەتا باس کراوەو نە لای زانایانی کە لەناو موسڵمانانداپەسند کراوو دان پێدراو وەرگیراوە.

ئیتر هیچ چارە نییە تەنیا ئەگەر بڵێین ئەو تەصەووفەی پێچەوانەی ئیسلامەو لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ ئەمەیان یا لە ئایینەکانی پێشو و فەلسەفە وەرگیراوە، یان بیدعەیەو خۆیان دروستیان کردووە، بەڵام ئەوەی لەگەڵ ئیسلامدا تێك دەکاتەوەو پێچەوانەی ئایینی ئیسلام نیە، ئەمەیان بۆ چوونی خۆیانە کە بە پێی ئیجتیهادی خۆیان لەئیسلامیان وەرگرتووەو کێشەی تێدا نییە .

هەروەها دەتوانین بڵێین موسڵمانەکان هەروەك بە ئیسلام کردنی فەلسەفە هەڵسان، بەهەمان شێوە هەڵسان بە ئیسلام کردنی تەصەووف، جا هەندێکیان باشیان کردووەو ڕاست دەر چووە وەك ئیمامی غەزالیو ئەبو عەتای سکەندری[1] و

---

١) و تاج الدين أبو الفضل أحمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الرحمن بن عبد الله بن أحمد بن عيسى بن الحسين بن عطاء الله الجذامي نسباً. وفد أجداده المنسوبون إلى قبيلة جذام، إلى مصر بعد الفتح الإسلامي واستوطنوا الإسكندرية حيث ولد ابن عطاء الله حوالي سنة ٦٥٨ هـ الموافق ١٢٦٠ م ونشأ كجده لوالده الشيخ أبي محمد عبد الكريم بن عطاء الله، فَقيهاً يَشتغل بالعلوم الشَرعية حيث تلقي منذ

بیشری حافی[1] هەندێکیشیان خراپیان کردوەو تیایدا بە هەڵە چووین ئەگەر نەڵێین شێوازی ئیسلامو دینداریان تێك داوە، وەك ئەوانەی ئیمامی غەزالیو ئیبنو تەیمیە ڕەدیان لێ داوەتەوەو هەڵیانوەشاندوتەوە.

لەگەڵ ئەوەشا تەنیا وەرگرتنی دیاردەی تەصەووف لە غەیری ئیسلام ڕەوایی و شەرعیەتی تێك نادا، هەروەك زۆر لە زانستەکان وەك فەلسەفەو پزیشکیو پیشەسازیو فەلەك ناسی ئێستا لەوان وەر دەگیریت، بەڵام دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێ وەرگیراوەکە هەتا چەند یا چ ڕادەیەك لەگەڵ ئیسلامدا ڕێك دەکەوێو دەگونجێ، جا ئەوەی ڕێك دەکەوێو پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام نیە، ئەمەیان باشەو بەخێرهاتنی دەکەین. ئەوەی ڕێکیش ناکەوێ پێچەوانەی

صباه العلوم الدينية والشرعية واللغوية. ثمّ لجأ إلى التصوف بعما كان منتقدا له ./ويكيبيديا الموسوعة الحرة ـ الأنترنيت .

١) بشر الحافي هو "بشر بن الحارث بن عبد الرحمن بن عطاء بن هلال بن ماهان بن عبد الله المروزي أبو نصر"، المعروف بالحافي، أصله من مرو وسكن بغداد، ومات بها، وهو ابن أخت علي بن خشرم. مات سنة سبع وعشرين ومائتين. وكان كبير الشأن.{١} أحد أعلام التصوف في القرن الثالث الهجري{٢}. ولد سنة ١٧٩ هـ في بغداد وعاش فيها، وصحب الفضيل بن عياض{٢}. وكان يمشي حافيا فلقب بالحافي ./ ويكيبيديا الموسوعة الحرة ـ الأنترنين .

ئیسلامە ئەمەیان خراپەو دەبێ نەفرەتی لێبکەینو فڕێیبدەین.

ئەوەی شایەنی باسە کە دەبێنین هەندێك لە مێژوونا سەکان وەکو **ئیبن و نەدیمو ئیبنو خەلدونو** هەندێ لە زانایانی ئیسلام وەکو شێخ **ئیبنو تەیمیەو** هەندێك لە تۆێژەرەکان دەڵێن: ئەم دیاردەیە لە ئیسلامدا لە شیعەکاندا دروست بووە، چەند ناوێکی شیعە مەزهب دێنن وەکو **ئەبو هاشمی** شیعی کوفی ١٥٠هـ و **حارسی موحاسیبی و جابیری کوری حەیان** کە صۆفییەتیان دروست کردووەو جێگەی تایبەتی جیاوازی پەرستنیان بۆ دروست کردووەو بانگاشەیان بۆ کردووە[1].

ئەوەی ئەم بۆچوونە بەهێز دەکات ئەوەیە کە دەبینین زۆرینەی زنجیرەکانی تەصەووف دەگەڕێتەوە سەر ئیمامی عەلی ﷺ زۆرینەی ئەوانەی شێخایەتی دەکەن نەك

١) نشأة الصوفية ـ مقال لرأفت صلاح الدين في مجلة صيد الفوائد على الأنترنت .
http://www.saaid.net/feraq/sufyah/106.htm

صـۆفییەتی[1] سـەیدەکانن کـە(شـەجەرەی) سـەیدایەتیان دەگەڕێننـەوە سـەر ئیمـامی عـەلی ﷺ ، تـەنیا نەخشـەبەندیەکان[2] نـەبێ کـە زنجـیرەی تەصـەووفیان دەگەڕێننەوە سەر ئیمامی ئەبوبەکر ﷺ .

---

١) چـونکە زۆرینـەی شـێخەکانی ئـەم سـەردەمەمان خۆیـان صـۆفییەتی ناکەنو دونیا پەرەورن وەکو ئاغاو بەگەکان،هەتا ئەگەر بە شێخ بڵێی صوفی تۆپە دەبێو لێت قەبوڵ ناکات، تەنیا بە مریـدەکانیان دەکـەنو پێیان دەڵێن صۆفی یادەرویش .

٢) لە زاراوەی کوردەواری وا بڵاوە کە پێی بڵـێن نەقشـبەندی هـەر واش هاتوە لە (شرح سنن ابن ماجه)١/٢٧١ و (مرقـاة المصـابيح) ٥/٣٤٤، بەڵام لە کتێبی (فیض القدیر) ٥/٤٣٧ دا بە نەخشبەندی نـاو بـردووە، وا بـزانم ئەمـە ڕاسـتەرە چـونکە نـەقش عەڕەبیـەو نـەخش کوردیـەو خاوەنی ئەم تەریقەتەش کورد بووە، بۆیە نەخشبەندی کوردیترە.

باسی سێیەم
جۆرەکانی تەصەووف بە گشتی

تەصەووف لە واقیعی خۆیدا دابەش بوەتە سەر دوو جۆر:

یەکەمیان: تەصووفی ئایینی:

ئەمەیان چەشنەکەی هاوبەشە لە نێوان گشت ئایینەکان با جۆرەکانیشیان جیاواز بن، ئاسمانی بن وەك یەهوودی و مەسیحی و ئیسلام، یان نائاسمانی بن وەك کۆنفۆشیو براهماتی و ئۆرفی و فیتاغۆری و هیندۆسی و بوزی و تاوی. ئەگەرچی من وادەزانم کە ئەوانەش لە پەگەزەوە واتە: ئەسڵەوە لەوانەیە هەر ئاسمانی بووبن، بەڵام زۆر کۆنی و لە مێژی و دەست لێدان و گۆڕینی شێوازەی پەسەنیان وا نەهیشتووتەوە کە لە ئاسمانی واتە: خوایی بچن، بۆیە ناویان نراوە ئەرزی یا نائاسمانی.

کەوابو تەصەووفی ئایینی دوو جۆرە: یەکەمیان تەصەووفی ئایینەکانی پێشی ئیسلام ، دووەمیان تەصەووفی ئیسلامی کە ئەویش دوو جۆرە : تەصەووفی گرانخوازی یا گرانسازی دوور لە شەریعەت، دووەمیان تەصەووفی میانرەوی نزیک لە شەریعەت .

دووەمیان: تەصەووفی فەلسەفی:

ئەمەشیان زۆر کۆنە بەکۆنی فەلسەفە، کە لە کەلەپۆری یۆنانی کۆندا هەبوە، وەک: **هیراقلیتس و ئەفلاتون و بارمیندس**، لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا لای **ئۆف کلێرفۆ**[1] **و ئیکهارت**[2] **و تۆلەر**[3]، هەروەها لەو سەردەمەی نوێ وەک لای **بۆهمە**[4] **و سوێندنبرغ**[5] هەبوە .

---

١) یەک لە گەورە زانایانی ئایینی فرەنسیە لە سەدەی دوانزەی ز. (١٠٩٠ـ ١١٥٣) ز.

٢) دۆمینیکانی ئەلمانیە (١٢٦٠ـ١٣٢٧).

٣) صۆفیێکی مەسیحی ئەلمانیە (١٣٠٠ ـ ١٣٦١)ز.

٤) جاکۆب بۆهمە مەسیحیێکی صۆفی و لاهوتێکی ئەلمانیە (١٥٧٥ ـ ١٦٢٤) ز.

٥) زانایێکی سروشتی سویدیەو صۆفیێکی ئیستیشراقیە (١٦٨٨ ـ ١٧٧٢) ز.

جا خۆ لە وانەیە تەصەووفی فەلسەفیش لەسەرەتاوە هـەر ئایینێ بووبێو پاشان فەلسەفەی کەوتبێتە ناوێ، وەك (علـم الکـــلام)ی ئیســـلامیو هەنـــدێ تەصـــەووفی ئیســـلامی. هەردووکیشیان بەردەوامن هەتا ئێستا، بۆیە هیچ سەردەمێك خاڵی نەبوە لە صـۆفی ئـایینیو صـۆفی فەلسـەفی یـا فەلسـەفی سۆفی، هەردووکیان شان بەشانی یـەك لەگـەڵ ڕۆڵـی زەمانـدا دەڕۆن، هەنـدێ جـار تێکـەڵ دەکـرێن لای صـۆفییەکانی فەلسەفی یا فەیلەسوفەکانی صۆفی، هەندێ جاریش لێك جـودا دەبنەوە لای فەیلەسوفەکانی کار بە ئایین ناکەن پـتر بـەلای فەلسەفەدا دەشکێنەوە بە تایبەتی فەیلەسوفەکانی مـاددی، هـەروەها لای صـۆفییەکانی کـار بـە فەلسـەفە ناکـەنو پـتر بەلای ئایینو شەریعەتدا دەشکێنەوە[1].

١) الموسوعة العربية لهيئة الموسوعة العربيـة في جمهوريـة سـورية العربيـة ط١٥/ ٥١٣ـ ٥١٤.



ناوەرۆکی جۆرەکانی تەصەووفی فەلسەفی و نا ئیسلامی

بـەم جـۆرەی پێشـو دەرکـەوت کـە دوو جـۆرە تەصـــەووف هەیـــە: تەصـــەووفی فەلســـەفی و تەصـەووفی ئایینی،جـا تەصـەووفی ئـایینیش دوو جـۆرە: تەصـــەووفی ئیســـلامی و تەصـــەووفی نـا ئیسلامی، واتە: تەصەووفی ئایینەکانی تر کـە لـە چەند خاڵێکدا تێك دەکەنەوە، لەم بەشەدا باسی دەکەین، بەچەند باسێك .

باسی یەکەم
تەصەووفی فەلسەفی و ئایینی غەیرە ئیسلامی

وەك تەصــەووفی كــۆن لای (هیراقلیــتس)و (ئــەفلاتون)و (بارمینــدس)و (ئــەفلوتین)...پاشــان هــی ســەدەناوەندیەكان وەك: (أوف كلــیرف)و (وإیكهــارت)و (تــولر)، هــەروەها لــە سەردەمی نوێ وەك لای (بۆهمە)و (سویندمبرغ).

تەصەووفی ئایینیش وەك تەصــەووفی یــەهودی ومەســیحی لەگــەڵ هــی ئایینــەكانی نــا ئاسمــانی پۆژهــەڵاتی كــۆن وەك (كۆنفۆشـــی)و (براهمـــاتی)و (ئـــۆرفی)و (فیتـــاغۆری)و (هیندوســی)و (بــوزی)و (تــاوی)[1]، ئەمانــەیان بــە هــەردوو

---

١) التعرف لمذهب أهل التصوف، لأبي بكر الكلاباذي، تحقيق عبد الحليم محمود وطه باقي سرور (القاهرة ١٩٦٠م).

ـ عبد الكريم القشيري، الرسالة القشيرية، القاهرة (د.ت). ـ عبد الرحمن الوكيل، هذه هي الصوفية (القاهرة ١٩٥٥م).

لایەنەکەیانەوە، واتە: فەلسەفی و ئایینی لە ناوەڕۆکدا یەکن وەك بەم جۆرەی لەو خالانەی دێت ناسراون[1]:

١ـ لێکدانەوەو دوانیان لە فەلسەفە بە شێوەی فەلسەفی یۆنانی و مەنتیقەکەیانە لە بەرگریکردن و لە بۆ چوونەکانی صۆفییەتی و توێژینەوەی مەنتیقی صۆفی، جا ئەم شێوەو جۆرە فەلسەفەیە بۆ ناو موسڵمانانیش گواستراوەتەوە بەڕێی هەندێ لە فەیلەسوفەکانی ئیسلامی، لە باتی پشت بەستن بە دەقەکانی قورئان و سونەت ئەم جۆرە فەلسەفەیان بەکار هێناوە .

٢ـ بیرۆکەی (ئیتتیحاد) و (وحدة الوجود) لای (کەزانۆفان) و فەیلەسوفی تر کە دەڵێن: خودی خودا کەوتوەتە ناو هەموو شتێك، خوا هەموو شتێکە، خواو گشت شتی دروستکراو یەکە، هیچ شتێك نییە جیای خوا بێ ،ئەوەی ماوەتەوە تەنیا پوالەت نەبێ هیچ نیە.

---

١) دراسات في الفلسفة اليونانية والعربية لإنعام الجندي ص٢٧٧ فما بعدها ، الموسوعة العربية ٥١٤/٦ ، الموسوعة العربية العامية ٢٠٨/١٥ فما بعدها .

هەروەها لای هیندیەکان کە دەڵێن: ڕاستەقینە تەنیا لە خوا دایەو ئەو گشت شتێکەو هیچ شتێك جگە لەو نیە، جا گەیشتنی مرۆڤ بە ڕاستەقینە ئەوەیە لەگەڵ خوا یەکگر بێ (ئیتتیحاد بکا) و ببنە یەك ، هەتا دەڵێ من بڕاهامو بڕاهما منم، لەسەر ئەوەی لەگەڵ خوا دەبنە یەك، جا هەندێك لە صۆفییەکانی موسڵمانیش وەك حەللاج ئەم قسەیان لێ گێڕدراوەتەوە.

٣- بیردۆزی موسول (مُثُل) واتە: نموونەکان لای ئەفلاتون کە دەڵێ: دەروونی پارچەیی (النّفس الجزئیّة) واتە: بەشەری، زانیارەکان وەردەگرێ لەکاتێکا کە بۆ دەروونی گشتی (النفس الکلیّة) واتە: خوایی هەوڵ دەدا، بۆ ئەو جیهانەی کە لێی هاتوەتە خوارەوە .

٤ - بیردۆزی (ئەرستۆ) کە دەڵێ: گشت هەبوەکان دەیانەوێ خودی خۆیان بەجێبهێنن بە هەبووی یەکەم، واتە: بە خوا. ئەمەش بە واتەی (الفنا فی الله) لێکدراوەتەوە، واتە: بیردۆزی ونبوون یا نەمان لەخوادا، کە ئەمە بەهای هەرە بەرزە بۆ صۆفییەکان، کە پێی دەڵێن یەکەی ڕەها(الوحدة المطلقة)، یا یەکە

لای (**ئەفلۆتین**)[1] وەك دەڵێ: تۆ دەپرسی ،چۆن دەتوانین نەبڕاو واتە: ڕەها بناسین؟ من وەڵامت دەدەمەوە کە ئێمە بە ڕێی عەقڵ ناینناسین، چونکە کاری عەقڵ دیارکردنو لێك کردنەوەیە، نەبڕاویش نابێ لەسەر یەك پلە بێ لەگەڵ بابەتەکانی، تۆ ناتوانی نەبڕاو(ڕەها) تێبگەی، تەنیا بە چوونە ناو باڕێکی وا نەبێ کە لە تۆ ونە خودی نەبڕاوت هەبێ، ئەمەش وا دەگەیێنێ کە زەینت لە هۆشیاری بڕاو ڕزگاری ببێ. لە کاتێکا کە لە بوونە نەبڕاو ئەوەستی ئەوجا دەبیتە یەکێك لە نەبڕاو (ڕەها)[2].

هەر ئەمەشەلای بوزیەکان پێی دەڵێن: **نەرڤانا**، واتە: مەلەکوتی خوا یا خودی خوا، یا هوشیاریێکی ڕۆناك کەڕەوەی بەردەوام، کە دەربڕینە لە ونبوونی دەروونە

---

١) ئەفلۆتین فەیلەسوفێکی یۆنانیە (٢٠٥ــ٢٧٠) ز بەرزترین نوێنەری ئەفلاتونیەتی نووە ، لای عەڕەبەکان ناسراوە بە شێخی یۆنانی، نووسینەکانی لە میتافیقادا کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر فەلسەفەکان و ئاینەکانی بتپەرستی و جولەکەو مەسیحیو ئیسلامی صۆفی / ویکیبیدیا الموسوعة الحرة ـ الأنترنت.

٢) الموسوعة العربية /،الحضارة العربية ، لتصوف ـ الحضارة ./ الأنترنت

پاکەکان لە نیعمەتی هەمیشەیی بە پێوەنووسان بە خوا، بۆ ئەوەی ژیانی نیعمەتو ئاسوودەیی هەمیشەیی لە هۆشیاری ڕووناککەرەوەدا بژیێ. هەروەها پێی دەڵێن کوژانەوەی شێوەیێکە بە باری دوایی صۆفییەتی .

٥ ـ **(تقشّف)** واتە: بەرژدی ژیان، لەگەڵ (زهد) واتە: نەویستنی دونیاو خاڵی بوون لە دونیاداری بۆ پەرستن لای ڕاهیبەکانی جوولەکەو صینییەکان.

٦ـ **(نەرڤانا)** واتە: چەوساندنەوەو ئازاردانی جەستە بۆ بێ تاوانکردنی لە ویستو ئارەزووەکان، لەگەڵ تێڕامانی قوولّ لە بوونەوەر بۆ گەیشتنە مەعریفە لای بوزیەکان، هەروەها ڕاهیبایەتی و گۆشەنیشینی بۆ خوا پەرستی لە دێرو کڵێسەکان، لای نەصریانیەکانیش جودا بوونەوەیە لە دونیاو لە پێخەریکبوونەکانی دونیا .

ئەمانە لەوانەیە بنەمایەکەی بیرۆکەی فیتاغۆرس بێ کە زووری (خشونەت)ـە واتە: دڕی ژیانە بە پێی ئەوەی کە لە سەرووی جیهانی سروشتی جیهانێکی

ڕوحانی هەیە، باشی و جوانیەکەی عەقڵ تێی ناگات، بەڵام دەروون بۆی دەچێ، جا ئەگەر مرۆڤ توانی لە ئارەزوەکانی جەستەیی دەرچێت یا بچێتە دەر بەگەڵ جیهانی ڕووحانی دەکەوێت و شارەزای ڕاستەقینەکانی هەمیشەیی دەبێت، ئەمەش لای صۆفییەکانی موسڵمان هەیە.

٧ - **بیردۆزی (حلول)**: واتە چوونە ناو یا تێکەڵ بوون: واتە: چوونە ناوی توخمی خوایی بۆ ناو توخمی مرۆڤی یا کوژانەوەی توخمی مرۆڤی لەناو توخمی خودایی، وەك بوزیەکان وتویانە خوا چوەتە ناو بوزا، لای نەسرانیەکانیش کە وتویانە خوا چوەتە ناو عیسا، بۆیە هەردووکیان بوزا و عیسا لای ئەوانە دوو سروشتیان هەیە، بەشەریو خوایی (ناسوتیو لاهوتی). هەردووکیان ڕواڵەتی بەشەرین لای هەردوو ئایینەکان، هەر ئەم قسەیەش لە هەندێ لە صوفیەکانی ئیسلامی گێڕاودراوەتەوە، وەك حەلاج کە وتوویەتی خوا دەچێتە ناو بەشەر، هەروەها لای ئیبن

و عەڕەبی، هەتا هەندێکیان وتویانە من خوام و من ڕاستم .

٨ ـ **هاوسەرگیری ڕوحی**، یان خۆ بە خوا زانین (التألُّه) لای نەسرانیەکان کە پێیان دەڵێن مەسیحی، چونکە دەستکەوتنی صۆفی دێتە جێ یا دەستکەوت دەبێ بە ڕێی سەرکەوتن بەسەر گشت پەردەو بەربەستکەرەکانی نێوان تاکو ڕەها، واتە: نێوان بەندەو خوا، ئەوەش بەڕێی گەییشتنی پایەکانیەتی بۆ بەرزترین پلە کە پێی دەڵێن هاوسەرگیری ڕوحی، یا یەک ژیانی، وەک بۆ قدیسە **(تەبریزا)**[1] و **(ڕۆزبرۆك)** و **(بوزا)** هاتە جێ. ئەمەشیان هەمان (فنا فی الله) ونبوونە لە خوادا کە صۆفییەکانی موسڵمان باسی دەکەن .

---

١) تەبریزا قدیسەیەو ڕاهیبەیێکی مەسیحی کرملی ئەسپانییە (١٥١٥ـ ١٥٨٢م) ە لە ساڵی١٥٦٢م. بەناوبانگترین کەسی صۆفییەتی ئەسپانی بوو، دێرێکی بۆ کرملیەکان لە ئەفیلأ لە ئەسپانیادا دروست کرد چەند دێرێکی تریشی وەگەڵدا ، گرنگترین بەرهەمەکانی کەماوەتەوە (القصر الباطني) و (في طريق الكمال). / تيريزا القديسة – الموسوعة العربية الميسرة، ١٩٦٥ م حرف التّاء.

٩ ـ هەستان بە بێژینی گۆرانیو مۆسیقا لێدانو سەماکردن لەسەر ئاوازو خوێندنەوەی بە ئاواز، خۆشەویستی خەماوی بۆ یەکگرتن لە گەڵ مەلەکوتی خودا دوور لە کاریگەریەکانی جەستەو کارەکانی سروشت. زۆر لە دەرویشەکانی موسڵمانیش ئەمەیان وەدەست گرتوە .

ئەم مەبدەئانەش گشتی لە گەڵ بیرۆکەی (حلول) و (وحدة الوجود) وهاوسەرگیری ڕوحیو خۆ بەخوا زانینە کە وادەزانن لەگەڵ خوا تێك دەکاتەوە، کە ڕواڵەتەکەی نا شەرعیەو شیرکو کوفری لێ دەخوێندرێتەوە .

باسی دووەم
چەوتی و ناشەرعی ئەم جۆرە تەصەووفە

ئیتر ئەوە بوو وەك لە باسی پێشوودا دیاریکرا بیرۆکەو بۆچوون و بەرنامەی تەصەووف و دینداری فەیلەسوفەکان و صۆفییەکانی ئەهلی کیتاب، کە لە باسی پێشودا باس کرا، هەروەها وەرگرتن و بەکار هێنانی ئەم بیرۆکانە لای گرانخوازە صۆفییەکانی موسڵمان دەردێخێ کە ئەمانە بیرۆکەی چەوت و ناشەرعین ،چونکە تێروانینی پێچەوانەی ئیسلامن، گومڕایی و دوور کەوتنەوەیە لە ڕاستی، هیچ پەیوەندی بە ڕاستەقینە و دینداری نیە. لەبەر ئەم خاڵانەی کە دێن :

١ــ خوا هێنەرە دییە (خالق)ــە و جیای خوا واتە: بوونەوەر گشتی هێنراوەدیەو دروستکراوە. وەك خوا لە سووڕەتی زومەڕدا فەرمویەتی: ﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ٦٢ لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ

وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٦٣﴾.

واتە: ئەللە هێنەرەدی‌و دروستکەری گشت شتێکە هەر ئەو پارێزەری گشت شتە، ئەستۆو کلیلی ئاسمانەکان‌و زەوی هی ئەوە، ئەوانەی کافرن بە ئایەتەکانی ئەللە هەر ئەوان خەسارەتمەندن .

کەوابوو خواو بوونەوەر جیاوازن، هەروەک دروستکەرو دروستکراو هەرگیز نابنە یەک، وەک دارتاش‌و تەختەکانی لێکی دەدا نابنە یەک، چونکە دروستکەر پێشی دروستکراو هەیە،هەروەک لە حەدیسی پێغەمبەردﷺ هاتووە: (كان الله ولم يكن شيء)[1]، واتە: (خوا هەبوو هیچ شتێکیش نەبوو) ئەگەر دروستکەرو دروستکراو واتە: خواو بوونەوەر یەک بان ئەبوا دروستکراو لەگەڵ خوا پەرستراو با، ئەمەش شیرکەو کوفرە، ئەگەر گریمان وایکرد کە گشت دروستکراوەکان لەگەڵ پەرستراو بوونە یەک لە ناو ئەوا ڕەش بوونەوە یا تاواینەوە وا ئەگەینێ کە کەسی خوا پەرست نەمێنێ، هەروەها خوا بە پەرستراو نامێنێ، وەک هەندێکیان وتویانە:(ئەگەر خەڵک خوای ناسی نە پەرستراو نە پەرستەر

---

١) صحيح البخاري ١١٦٦/١، الحديث رقم ٣٠/٩ .

دەمێنێ) بەم جۆرە ئەو بەرزترەی بۆی هەوڵ ئەدەن ئەو بەختەوەریەی ئاواتیانە لە هیچ بارەکانیاندا نامێنێ .

٢ــ پەرستەرو پەرستراو هەڵوەشێنەری یەکن، هەڵوەشێنەرەکانیش لەیەک کات و جێگە پێکەوە کۆ نابنەوە، هەروەها لەیەک کاتو جێگەش هەردووکیان لاناکەون، وەک شەو و ڕۆژ نەپێکەوە دەبن نە هەردووکیان پێکەوە لادەچن. بۆیە هەرگیز نابی هەردووکیان پەرستراو پەرستەر پێکەوە هیچ کامیان نەبن،بەم جۆرەش نابێ پەرستراوو بەندەی پەرستەر ببنە یەک، وەک خوا لە سووڕەتی نەحلدا فەرموویەتی: ﴿ أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٧﴾ ﴾ واتە: ئایا ئەوەی دروست دەکا وەک ئەوەیە کە دروست ناکا، ئایا بیرتان ناپێتەوە .

بۆیە نەپەرستراو دەبێتە پەرستەرو نەپەرستەر دەبێتە پەرستراو، ئەم قسەیە درۆیە ئەگەر بەمەبەست بکرێ دەبێتە شیرك، چونکە وا دەگەیێنی کە غەیری خوا لەگەڵ خوا بێ، وەک خوا لە سووڕەتی نەملدا دەفەرموێ: ﴿ أَمَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ ، واتە: کێ لە سەرەتاوە

دەست بە دروستکردنی خەڵکان دەکاتو پاش مردنیان دەیانژێنێتەوە، کێ لە ئاسمان و زەویدا ڕزقیان دەدات، ئایا هیچ خواییێکی تر لەگەڵ ئەللە هەیە؟ بڵێ بەڵگەی چەسپێنراوتان بێنن ئەگەر ڕاست دەکەن .

ئیتر خوا پاکو بەرزەو پاکە لەو جۆرە وتە هەڵبستراوانەی گومڕاوەکان بەناوی تصەووف دەیکەن .

دیسان پێکوەنوسان واتە: لەگەڵ خوا بوونە یەک وا دەگەینێ کە بەشەر بەشێك بێ لەخوا، ئەمەش کوفرێکی ئاشکرایە وەك لە سووڕەتی زوخروفدا فەرمویەتی:﴿ وَجَعَلُواْ لَهُۥ مِنۡ عِبَادِهِۦ جُزۡءًا إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَكَفُورٞ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ ﴾.

واتە: کافرەکان وایان دانا کە خوا پارچەی واتە: منالّی هەیە، بەدڵنیایی مرۆڤ زۆر حەق پۆشێکی دیارە.

٣ ـ یەککگرتن بەواتە بوونە یەکی خواو بەندە چەوتو درۆیە، چونکە یەککگرتن لە نێوان جۆر یا چەشنەکاندا دەبێ، خواش نە جۆرەو نەچەشنە هەتا لەگەڵ هاوجۆر یا هاوچەشنی خۆی یەك بگرێ، چونکە هیچ شتێك وەکو ئەو نیە، یان لەنێوان (عَرَض)ـەکان و(جَوهَر)ـەکانا ڕووەدا، خواش نە بە (عەرەض)و نە بە (جەوهەر) وەسف دەکرێ،

چونکە هیچ شت وەکو ئەو نیە، ئەم شتانەش سیفەتی دروستکراون نەك هی ئەلله .

٤ ـ گومان و ئیدیعایان کە خۆشەیست لەگەڵ خۆشەویستەکەی خۆی یەکگرن، واتە: دەبنە یەك بە شێوەیێکی وا جیاوازی لەنێوانیانا لە خودی هەبوونیاندا نامێنێ، زۆر چەوتە، چونکە خوا کەس لەگەڵیا نابێتە یەك، بەڵکو هیچ شتێك لەگەڵ هیچ شتێك نابێتە یەك، تەنیا ئەگەر مادەکانی کیمیایی بنو پێکوەبنووسێن، یا ببنە یەكو لەناو یەکا بتوێنەوە شتێکی سێیەمیان لێ دەرچێ، نە ئەوە بێو نە ئەویتر بێ، واتە: هیچ کامیان نەبێ، وەك یەکگرتنی دوو ئەتۆم لە هایدرۆجین لەگەڵ یەك ئەتۆم لە ئۆکسجین بۆ ئەوەی ببێتە شتێکی سێیەم کە ئاوە، خواش مادەی کیمیایی نییە هەتا ئەمەی بەسەردا ڕووبدا.

هیچ شتێك لەگەڵ خوا بەم جۆرە یەك نابێ یا تێکەڵ نابێ.بۆیە نابێ واتێبگەین خوا منالّی دەبێ، چونکە بریتییە لە یەکگرتنی ئاوی پیاو لەگەڵ هێلکەی ژن بۆ بوونە شتێکی سێیەم کە منالّە، ئەمەش لەخوا بەدوورو مەحالّە، وەك لە سووڕەتی جیندا فەرموویەتی: ﴿ وَأَنَّهُۥ تَعَٰلَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا ٱتَّخَذَ

صَٰحِبَةً وَلَا وَلَدًا ﴿٣﴾﴾ واتە: ئەو خوایە بەرزو گەورەیە نە ژنی دەستگر کردووەو نە منالّ" چونکە خوا تاکە وەک لە سووڕەتی ئیخلاصدا فەرموویەتی: ﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ﴿٢﴾ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ﴿٤﴾ ﴾ .

٥ ـ داواکاری (حلول) یان واتە: چوونە ناویەک، وەک چوونی ئاو بۆ ناو بەرداغ یا شیر بۆ ناو ئاو، ئەم جۆرە بارودۆخانە لە نێوان تەنو جەستەی ماددەدا ڕووەدا، خواش نە جەستەیەو نە تەنە هەتا بچێتە ناو شت یا شتی بچێتە ناو، ئیتر خوا پاکو گەورەترە لەم جۆرە بۆچوونو بیرۆکە ئەفسانەیانە .

٦ــ مۆیسقاو گۆرانیو سەماو هەڵپەڕکێ ئەمانە شتی ڕابواردنو ئارەزووی جەستەیین،پەرستن نیەو بەندە پێی لەخوا نزیک نابێتەوە، بەڵکو بەندە دوور دەکاتەوە لە خوا پەرستیو بەرز بوونەوەی ڕوحیو ڕوونی دڵو زیکری ڕاست، کە چی ئەوان داوای دوورکەوتنەوە لە ڕوالّەتەکانی دونیاو نەویستی ئارەزوو وتامەکانی دەکەن بۆ ئەوەی بگەنە خوا، بۆیە خۆیان پێچەوانەی خۆیانن لە تێک نەکردنەوەی ئەم

داواو ڕەوشتانە. چۆن ناگەنە خوا بەو شتانەی کە لێیان دوور دەکاتەوە، وەکو ئەوانەن کە دەچنە ناو ئاگر بۆ دوور کەوتنەوە لە گەرما، جگە لەوەی کە پێچەوانەی ڕێی ڕاستی پێغەمبەرە ﷺ، وەک لە ئەبوهوڕەیرە هاتووە دەفەرموێ: (ئەگەر بەندە ئاوی خواردەوە بە شێوەکردنی سەرخۆشکەر ئەم ئاوە لێی حەڕام دەبێ، لەعنەت لەو مااڵە بێ کە دەفی تیادایە یا تەمبور یا عود، مەترسی سزایان لێ دەکەم کات پاش کات)[1]، هەروەها هەندێ لە تابعینەکان وەکو شوڕەیحو سوەیدو گێڕدراوەتەوە کە فریشتەکان ناچنە ئەو مااڵەی دەفی تیادایە[2]. ئەگەر ئەم حەدیسانە بەهێزیش نەبن، لەگەڵ ئەوەشا نابێ ئەم شتانە بکرێنە ئایینو شێوەی پەرستن . چونکە بۆ خۆشیو ئاهەنگی ژنهێنانو خەتەنەکردنو جەژن بەکار هێنراون نەک بۆ پەرستن .

٧ــ دورکەوتنەوە لە تاموبۆو پێداویستەکانو پێویستەکانی جوانو حەاڵاڵی دونیا پێچەوانەی شەرعەو دونیا وێران دەکاتو کۆتایی بە ژیان دێنێ، بۆیە خوا لە

---

١) المدخل إلى كتاب الإكليل لأبي عبد الله الحاكم ٤١٠٤ .

٢) مصنف ابن أبي شيبة ٤٩٦/٢ ، بأكثر من رواية .

سـووڕەتی ئەعرافـدا فەرموویـەتی: ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾، چونکە بەکار هێنانی حەڵاڵو وبستی شتی خۆشی حەڵاڵو پێویستو پێداویستەکان کە جیهانی پێ ئاوەدانو خۆش دەکرێو ژیان دەپارێزێ و موسڵمان بەهێز دەکات بۆ پەرستنو بەجێ هێنانی ئەو ئەرکانەی خوا پێی سپاردوین یا لەسەری داناوین، گشتی پێویستە بەمەرجێ زێدەڕەوی تیادا نەکرێو بە ڕێی بەکارهێنانی میانڕەوی وپێهەڵسانی شەرعی بێ، وەك لە هەمان سوڕەتدا دەفەرموێ: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُوا۟ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٣١﴾ ﴾،واتە: بخۆنو بخۆنەوە، زێدەڕەوی تێدا مەکەن چونکە خوا زێدەڕەوەکانی خۆشناوی.

بۆیە تەنیا دەبێ لەو شتانە بەدوور کەوینەوە کە حەڕامە وەك لە هەمان سوڕەتدا فەرموویـەتی:﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن

تُشْرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾ کەچی ئەوان بەڕێی (حلول) و (إتحاد) و (وحدة الوجود) خۆیان تووشی هاوتاپەرستییکی (شرك) وا کردووە کە خوا هیچ بەڵگەیێکی پێ نەناردوەتە خوارەوە، شتی واشیان لەسەر خوا وتوە کە لەم ئایەتەدا نەهی لێ کردووە .

٨ ـ دەستکەوتنی زانیاری بە ڕێی لەخوادا ونبوونو یەکگرتن واتەبوونە یەك لەگەڵی، وای لێدەکا مرۆڤ لەگەڵ خوا بکەنە خوا، گشتی درۆیەو پێچەوانەی دەقەکانی قورئانو سونەتە. چونکە یەکگرتن لەگەڵ خوا مەحاڵە، بەڵام ئەو زانیارەی لە دەرەوەی سنووری تێگەییشتنی عەقڵەو پەنهانە کە بەڕێی هەستەکان نازانرێ تەنیا بۆ پێغەمبەران بە ڕێی نیگاوە دێتە خوارەوە، ئەوانیش بە خەڵکانی تر ڕادەگەیێنن. نەك لەو ڕێگە هەڵبەستراوانەی باسیان کردووە. وەك خوا لە سووڕەتی شوڕادا دەفەرموێ : ﴿ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَآئِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِىَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُ إِنَّهُۥ عَلِىٌّ حَكِيمٌ ﴿٥١﴾ ﴾

واتە: وا نەبوە هیچ بەشەرێك خوا قسەی لەگەڵدا بكات، تەنیا بە نیگا نەبێ، یا لە پشت پەنایێكدا بێت، یا پەیامبەرێكی واتە جوبریل بۆ بنێرێ، جا نیگای بە ڕێدانی خوا پێ دەگەیێنی، بە دڵنیایی خوا بەرزو حیكمەتدارە .

بۆیە بەهیچ جۆرێك مرۆڤ لەگەڵ خوا نابێتە یەك بەڵام، دەتوانێ خوایی بێو لەگەڵ خوا بێ، بەودەستگرتن بە شەریعەتەكەیو زێدە پەرستنو نەكردنی كاری حەڕامو نەخواردنی شتی حەڕام، وەك خوا لە سووڕەتی ئالی عیمڕانـــدا فەرموویـــەتی:﴿ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾﴾. واتە: بۆ هیچ بەشەرێك نەبوە خوا كتێبو حوكمو پێغەمبەرایەتی بداتێ پاشان بە خەڵك بڵێ ببنە بەندەی من جگە لە خوا، بەڵام دەبێ ببنە بەندەی خوایی بەهۆی ئەوەی كە كتێبی خوا فێری خەڵكی دەكەنو بە هۆی ئەوەی دەخوێنن.

٩ـ وا ئیددیعا دەکەن کە گەیشتنی صۆفی بۆ بەرزتری پلەو پایەکانو کەرامەتەکان بە رێی (إشراق)ـە واتە: تیشکدانەوەیەکی خوایە بەسەریانا، کە هیچ کەسێك جگە لەوان پێی نازانێ .

ئەمەش وانیە، چونکە زانیاری (معرفە) یا لە شتی بەرهەستەکانە وەك ئەم هەموو بوونەوەرەی لەپێشماندا هەیە، ئەویش دەکەوێتە ژێر دەستەلاتی بیرکردنەوەکانی کە بە هۆی عەقڵو پێنج هەستەکان دەزانرێ، یا بە رێی باسو توێژینەوەی زانستی دەزانرێ .

یا لە شتی پەنهانە، ئەویش تەنیا خوا نەبێ کەس نایزانێ وەك لە سووڕەتی نەملدا فەرموویەتی : ﴿ قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ ، واتە: ئەوەی لە ئاسمانەکانو سەر زەوینە پەنهان نازانن تەنیا خوا نەبی و نازانن چ کاتێك دەژیێنەوە .

پێغەمبەرەکانیش تەنیا بە خەبەر پێدانی خوا دەیزانن نەك بە خۆیان، ئەویش بۆ پێویستی ڕاگەیاندنی پەیامی خوا بە خەڵك: وەك لە سووڕەتی جینداا فەرموویەتی: ﴿ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرۡتَضَىٰ مِن

رَّسُولٍ فَإِنَّهُۥ يَسۡلُكُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦ رَصَدٗا ﴿٢٧﴾ لِّيَعۡلَمَ أَن قَدۡ أَبۡلَغُواْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّهِمۡ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيۡهِمۡ وَأَحۡصَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ عَدَدَۢا ﴿٢٨﴾ ﴾. واتە: خوا پەنهان زانە کەس بە پەنهانی خۆی شارەزا ناکات تەنیا ئەوەی پێی ڕازیە لە پێغەمبەرەکان. جا بە فریشتەکانی لە دواوەو لە پێشیەوە پاسەوانی لە دژی شەیتانەکان لێ دەکات، بۆ ئەوەی بزانرێ کە پەیامەکانی خوایان بە خەڵکی بە تەواوی و بێ دەستلێدان ڕاگەیاندوە، خوا ئاگادار بوە بەگشت ئەوەی لایانەو هەموو شتێکی بە ژمار ژماردوە، واتە: هیچ لە دەستەڵاتی ئەو دەرنەچوەو ناچێ .

پاش پێغەمبەری دوا پێغەمبەر کە موحەممەدە ﷺ کۆتایی پێهێنانی پێغەمبەرەکانە پێویستی بە زانینی پەنهان پتر لەوەی کە لە قورئان و سونەتدا دایە نەماوە، چونکە هیچ سوودێکی کردەوەیی نیە، بۆیە هیچ کەسێك زێتر لەوەی هاتوەتە خوارەوە نازانێ وگشت ئییدیعاکانی لەم جۆرە هەڵبەستراوو ئەفسانەیە.

بەڵێ یارمەتی خوا بۆ کەسانێك لە بارودۆخێکداو، هەست تیژیو ڕوناکی دڵی موسڵمانی دیندارو باوەڕ بەهێز، بۆ

سەرکەوتنو رێنمایی بوونی، بە یارمەتی خوا ئینکار ناکرێ، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿ اتَّقُوا فِرَاسَةَ الْمُؤْمِنِ فإنه يَنْظُرُ بِنُورِ اللَّهِ ثُمَّ قَرَأَ:إِنَّ فى ذلك لَآيَاتٍ لِلْمُتَوَسِّمِينَ ﴾[1] واتە: ئاگاداری تیژبینی ئیماندار بن چونکە، بە رووناکی خوا دەڕوانی. بەڵام ئەمە جودایە لەگەڵ ئەوەی ئەم صۆفیگەریە فەلسەفیانە داوای دەکەن .

١) سنن الترمذي ٢٩٨/٥ الحديث رقم ٢١٢٧ . وقال حديث غريب ، قال الهيثمي حديث حسن / مجمع الزوائد ١/ ٢٦٨ .

تەصەووفی ئیسلامی گرانخواز

مەبەستمان لە تەصووفی ئیسلامی ئەوەی لە ولاتانی ئیسلامیدا لە ژێر سێبەری ئیسلامدا دروست بوە .جا ئەگەر لەگەڵ ئیسلامدا تێك بكاتەوە یان نا، واتە: ئەو تەصەووفەی ڕەگەزی ئیسلامیە بە پێی ئەوەی لە ولاتانی ئیسلامدا دروست بوەو پێهەڵساوەكان و نووسەرەكانیشی موسڵمان بوینە، یا بە موسڵمان ئەژمێردرێن، ئەگەرچی سەرپێچی ئیسلامیشیان كردبێ. ئەمەشیان دوو جۆرە: یەكەمیان تەصەووفی

ئیسلامی گرانساز (غلو) کە گرانسازی تیادا کراوە لە هەمان فەلسەفەی پێشوو وەرگیراوە، دووەمیان: تەصەووفی میانڕەو کە دەیگەڕێننەوە سەر بەڵگەکانی شەرعی، کە لە بەشێکی دوای ئەم بەشە باسی دەکەین ، بۆیە تەصەووفی گرانخوازیمان پیش خست چونکە لە تەصەووفی فەلسەفی و ئایینەکانی پێشو نزیکە .

باسی یەکەم
ناوەرۆکی تەصەووفی ئیسلامی
گرا نخوازی (غلوّ)ی تیادا کراوە

مەبەست لە (غلو) گرانخوازی یا گرانسازیە لە هەر شتێکدا بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە شتەکە بەهای پتری لە واقیعی خۆی بدریتێ بەشێوەیێکی وا لە سنووری خۆی بچێتە دەر، وەك نەسڕانیەکان عیسایان بە خوا زانی و جولەکە عوزەیریان بە خوا دانا و ئیتر بەم جۆرە...!، یا هەردوولا خۆیان بە کوڕەکانی خوا دادەنێن!، هەندێ لە سۆفیەکان وا دەزانن کە وەلیەکەیان لەپێغەمبەر ﷺ گەورە ترن!، هەندێ چین لەناو موسڵمانانداا هەندێ سەحابە لە پێغەمبەر بە گەورەتر دادەنێن ... ئیتر بەم جۆرە!.

جا لە تەصەووفدا هەندێکیان گرانسازیان لە بۆچوونەکانی خۆیان کردووە بە شێوەیەکی وا سنووری ئیسلامیان بەزاندووە و تێپەڕیون بۆ شتێکی تری غەریب و نامۆ لە

ئیسلامدا. وەك ئەوەی لە ئیبن عەرەبی و حەلاج و بەستامی و ئیبن ولفاریزو شێوەکانی ئەوان کە (حلول) و (وحدة الوجود) شتی لەم جۆرانەیان لێ دەگێرنەوە کە پێچەوانەی رواڵەتی شەریعەتە، ئەمەش لەگەڵ تەصەووف فەیلەسوفەکان و ئاییندکانی پێشی ئیسلامدا تێك دەکاتەوە، زۆربەشیان دەق و کۆپی ئەوانن و بە کوفر دادەنرێ ئەگەر بۆیان تەئویل نەکەینەوە و بەنیازباشیان دانەنێین. چونکە هەمان بۆچوونی ئەوانەی پێشی ئیسلامن وەك لەم خاڵانەی دێت:

١ـ مەبدەئی ئیشراق کە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە دەرك کردن و زانیاری بنەماکەی بەسەر داڕژاندنی خواو تیشکدانەوەیەتی، واتە: ڕوناکییێکی هەست پێ نەکراو لە خواوە دەردەچێت بۆ ناو ژیری کەسێك بە هۆی ئەمە زانیارییێکی وای بۆ دەستکەوت دەبێ کە جیاوازە لەگەڵ هی خەڵکانی تر .

ئەمە بوەتە هۆکاری ئەوە کە وەلیەکان لە پێغەمبەران بە گەورەتر بزانن، چونکە دەڵێن زانستی پێغەمبەران لەلایەن خواوەو بە ڕێی جبریلەوە ناردراوە، بەڵام زانستی وەلیەکان بە ڕاستەوخۆیی لە خواوە بە ئیلهام خراوەتە دڵیان وەك

دەڵێن (لدنّي)[1]یە، لەبیریان کردووە کە پێغەمبەرﷺ جگە لە جبریل بە ڕێی ئیلهامیش وەحی بۆ هاتووە، وەك لە دەقی ئەم حەدیسا هاتووە کە دەفەرموێ: (أَنَّ الْحَارِثَ بن هِشَامٍ ﷺ سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فقال: يا رَسُولَ اللَّهِ ! كَيْفَ يَأْتِيكَ الْوَحْيُ؟ فقال رسول اللَّهِ ﷺ: أَحْيَانًا يَأْتِينِي مِثْلَ صَلْصَلَةِ الْجَرَسِ وهو أَشَدُّهُ عَلَيَّ فَيُفْصَمُ عَنِّي وقد وَعَيْتُ عنه ما قال، وَأَحْيَانًا يَتَمَثَّلُ لى الْمَلَكُ رَجُلًا فَيُكَلِّمُنِي فَأَعِى ما يقول، قالت عَائِشَةُ ﷺا وَلَقَدْ رَأَيْتُهُ يَنْزِلُ عليه الْوَحْيُ فى الْيَوْمِ الشَّدِيدِ الْبَرْدِ فَيَفْصِمُ عنه وَإِنَّ جَبِينَهُ لَيَتَفَصَّدُ عَرَقًا)[2]. واتە: حارسی کوڕی هیشام لە پێغەمبەری خوای پرسی وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! چۆن وەحیت بۆ دێت؟ جا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەندێ جار وەك زەنگێك بۆم دێت، ئەمەیان لە هەموی بە تێن تڕە، جا تەواو دەبێتو تێدەگەم چی وت، هەندێ جاریش فریشتە

---

١) ئەو زانستەیە کە کە بە بێ واسیتە بۆ بەندە بە ڕێی ئیلهام واتە خستنە ناو دڵ لە خواوە بۆی دێت. تاج العروس ١١١/٣٦.

٢) صحيح البخاري ٤/١ الحديث رقم ٢.

خۆی بۆم دەکاتە پیاوێك جا قسەم لەگەڵ دەکاتو تێی دەگەم چی دەڵێ، حەزرەتی عائیشە ﵂ا فەرمووی: دەمبینی کە وەحی بۆ داتە خوارەوە لەڕۆژی زۆر سارد کە تەواو دەبوو نێوچاوانەکەی ئارەقەی لێ دەردەپەڕی. واتە: زۆر گەرمای دەبوو لەبەر هێزی وەحی بۆ هاتن .

٢- بیرۆکەی (حلول) کە مەبەستیان وایە خوا چووەتە ناو گێتیو گشت دروستکراوەکانی، لەگەڵیانا تێکەڵ بوە، بۆیە خواو هێزی کارای ناوخۆ لە گێتیدا هاوتاو هاو واتەنە. یا وادەزانن کە خوا خودی بوونەوەرەکانە ئەمەش یەککرتنو (حلولی) چوونەناوی گشتی تره .یان خوا چوەتە ناو گشت بەندەکانی کە (حلولی) گشتیە، یان چوەتە ناو هەندێ لە بەندەکانی وەك عیسی ﵇ لای دیانەکانو بوزا لای بوزیەکان و هەندێ وەلیەکانی موسڵمان لای صۆفییەکان، وەك ئیبن عەڕەبیو حەلاجو، ئەمەش پێی دەڵێن (حلول)ی تایبەت.

٣- بیرۆکەی (وحدة الوجود) واتە: یەکایەتی بوون لەنێوان خواو دروستکراوەکان، مەبەستیشیان وایە کە خواو دروستکراوەکانی خوا یەکن، (حاکم) واتە: خواو (مەحکوم)

واتە: بەندەکەی یەکە. ئەو ژماردراوانەی کە لە بەرچاوماندا دەیبینین تەنیا لە پوالّەتو پوخساردا ژماردراون نەك لە خودی هەبوەکان، یا ئاوێنەیێکە خوا خۆی تیادا دەبینێتەوە، بۆیە هەبوەکان گشتی وێنەن بۆ وەدەرکەوتنی خوا، زەوی و ئاسمانەکان هەموو ئەوەی تیایاندایە جیاوازی نییە لە نێوان دژەکان، نە لە نێوان بەندەو خوا، نەلە نێوان پەرستەرو پەرستراو، نە لە نێوان بیرکەرو بیرلێکراو[1].

هەروەك لای ئیبن و عەرەبی کە دەلّێ:

يا خالق الأشياء في نفسه أنت لما تخلقه جامع

تخلق ما لا ينتهي كونه فيك فأنت الضّيق الواسع

ئەگەر چی تێگەییشتنی ئەم شیعرە زۆر زەحمەتە، بەلّام وەك وەرگێراوەکەی ئەوەیە :

ئەی ئەوەی گشت شتت لە خودی خۆت دروست کردوە، تۆ بۆ ئەوەی دروستی دەکەی کۆی .

دروستدەکەی ئەو شتەی کە بوونی لە تۆ دوایی نایێت، لەبەر ئەوە تۆ تەسكو بەرینی ...

---

١) المعجم الصّوفي ـ المعجم ـ ٥ـ ٦/ ٦٣ .

هەروەها لای حەلاج کە دەڵێ[1]:

أنا من أهوى ومن أهوى أنا نحن رِوحان حللنا بدنا

فإذا أبصرتنـــي أبصرته وإذا أبصرته أبصرتنا

واتە: من ئەو کەسەم کە خۆشم دەوێت، ئەوەی خۆشم دەوێت منم، ئێمە دوو ڕوحین لە یەک جەستەدا . ئەگەر منت دیت ئەو دەبینی، ئەگەر ئەوت دیت ئێمە دەبینی .

وەک دیارە هیچی لێ تێناگەیو کەس نازانێ چی وتوە .

نزیکە (حلول) و (وحدة الوجود) وەکو یەک بن، تەنیا جیاوازیان لە دربڕیندا هەبێ، هەردووکیشیان بۆ یەکتر دەچنەوە، بەڵام جیاوازیان ئەوەیە (حلول) وەک چوونە ئاو بۆ ناو بادیەیە، (وحدة الوجود)یش وەک یەککگرتنو تێکەڵ بوونی شیرو ئاوە، هەردووکیشیان لای نەسرانیەکان (دیانەکان) هەیەو پێی دەڵێن لاهوتو ناسوت[2].

٤ ـ (وحدة الشّهود) یا (فناء في الله) ئەویش ئەوەیە کە صۆفی ڕاهێنان بکا لەسەر خۆشەویستیو دڵسۆزی تا وای لێدێ بگاتە خوا، یا بگاتە یەککگرتنی دروستکراو لەگەڵ

---

١) غرر الخصائص الواضحة ٢٥١/١ جميع دواوين الشعر العربي على مر العصور ١٦/٥١ .

٢) رؤية النبيﷺ لربه ٨٧/١ ، الفتاوى الكبرى لابن تيمية ٤٠١/٢ .

دروستکەر، وەك توانەوەی خوێ لەناو ئاودا، بە هۆی ئەو خۆشەویستی و دڵسۆزیە هەتا وا تێدەگات کە خۆی خوایە، یاخوا ئەوە، هەروەك یەکێکیان وتویەتی:

غبت بك عنّي فظننت أنّك أنّي[1]

واتە: بە تۆ ون بووم لەخۆم ،جا وام زانی کە تۆ منی!

واشیان لێکداوەتەوە بە ونبوونی خودی ون بوو (الذّات الفانية) واتە: مرۆڤ لە خودی ماوەوە (الذات الباقية) واتە: خوا، لە بەر توندی خۆشەویستی. وەك لای ڕابیعەی عەدەوی و مەعروفی کەرخی .

جیاوازی نێوان(وحدة الوجود) و (الفنا في الله) ئەوەیە هی یەکەمیان لە خواوەیە کە دەچێتە ناو شت یا لەگەڵیدا یەك دەگرێ، بەڵام هی دووەمیان لە مرۆڤەوەیە کە بەرز دەبێتەوە هەر بەرز دەبێتەوە هەتا لە خوادا ون دەبێ .

٥ ـ بیرۆکەی جەبر: واتە باوەڕیان بە جەبر هەیە واتە: تۆبزی، کە مرۆڤ خاوەن هیچ ویستێك نییە بۆ کارو

---

١) مجموع الفتاوى لابن تيمية ٣٣٩/١٠ ، حقائق التصوف للشيخ عبد القادر عيسى ص٣٨٠ .

کردەوەکانی، چونکە ویست هەر بۆ خوایە نەك بۆ کەسی تر. بۆیە ڕوویان دا پشتبەستن بەخواو، دانی گشت کارێك بەخوا بە واتەییکی وا کە شەرعی نیە. چونکە وای لێدێ مرۆڤ بەرپرسی هیچ کردەوەیێکی نەبی .

جا ئەم شتانەی کە لە گەورە پیاوی بەناوبانگەکانی صۆفی گێردراوەتەوە لەوانەیە تەئویلیان بۆ بکەین کە یا پێیان هەڵبەستراوە بە بێ ئاگاداری ئەوان، یان لەکاتێکی وا وتویانە کە کەوتونەتە بارێکی وا ئاگاداری قسەکانیان نەبووبن، وەك بێهۆشیو شێتییکی عیشقی خوا، هەروەکو سەرخۆشیان لێهاتبێ کە لەو کاتەدا بەرپرسیاریەتییان لەسەر لادەچێت، یان ئەوان ئەو مەبەستەیان نەبوە کە خەڵك لێیان تێی گەیشتوون[1].

دەنا ئینکار ناکرێ کە ئەم بەڕێزانە موسڵمان بوینەو خاوەن زانستو تێگەیشتنێکی وا بوینە بە پێی ئەو بەرهەمە زانستیانەی هەیانبوە لێیان ناوەشێتەوە کە قسەی وەك ناموسڵمانەکان بکەن، چونکە هەندێ جار دەبینین پێچەوانەی ئەم قسانەیان لێ بیسراوە وەك ئیبنو عەڕەبی لە

---

١) الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح للشيخ ابن تيمية ٣٣٨/٣ .

کتێبی (العقیدة الصّغری) وتویەتی: (خوا بەرزترە لەوەی کە دروستکراوی بچێتە ناو یا بچێتە ناو دروستکراو)[1]، هەروەها وتویەتی : (کەس باوەڕی بە ئیتیحاد نییە تەنیا ئەهلی ئیلحاد نەبێ)[2]، جا دەبێ وا بۆیان لێك بدەینەوە کە مەبەستیان لە (ئیتیحاد)و (حولول) وابوە کە کاریگەری ویستی خوای گەورەو توانای لە هەموشتێکدا دەردەکەوێو هەموو شتێك لەوەو بۆ ئەوەو بەدەست ئەوەو بە بێ ویستی ئەو هیچ نابێو ناکرێ وەك لە سووڕەتی تەکویردا فەرموویەتی:﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾. واتە: هیچتان پێناکرێ تەنیا بە ویستی خوای پەروەردیگار نەبێ. بەندەکانیش لە خواوە یارمەتی دراون و بۆ هەموو کارێك، نیشانەکانی خوایی خوا لە هەموو شتێکدا هەیە وەك خوا لە سووڕەتی نیسادا فەرموویەتی : ﴿ ...قُلْ كُلٌّ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ فَمَالِ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا ﴿٧٨﴾ مَّآ أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ وَأَرْسَلْنَٰكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿٧٩﴾ ﴾. واتە: هەموو

---

١) حقائق عن التصوف للشيخ عبد القادر عيسى ص٣٧٣ .

٢) حقائق عن التّصوف ص٣٧٤ .

ڕوداوو نیعمەتێك لە خواوەیە، ئیتر بۆ ئەمانە فەرموودەی خوا تێناگەن، ئەو باشو چاکیانەی تووشت دەبن لە خواوەیەو ئەو خراپیانەی توشت دەبن لە خۆتە، ئێمە تۆمان بە پێغەمبەری بۆ خەڵکی ناردووە، خوا کافیە کە شاهید بێ لەسەر ئەمە.

بەڵام ئەمەش وا ناگەیێنی کە لاسای بۆچونەکانیان بکەینەوە یا پەسندی بکەین، چونکە کۆی زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دروست نیەو حەڕامە وەکو ئەوان بیر بکەینەوە یا وەکو ئەوان ئەم جۆرە قسانە بکەین، چونکە بۆ کوفر ڕادەکێشی، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە قسەو بۆچوونانە کاریگەری خراپیان لەسەر ئایینی ئیسلامدا هەیەو ئەنجامی ترسناکی لەسەر بیرو باوەڕی موسڵمانان هەیە، بە فەوتانیان دەباو ئەنجامیان لای خوا قورسە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە بۆچونانە هیچ پەیوەندیان بە دینداریو خواپەرستیو ڕێگەی ڕاستی ئیسلامدا نییە .

باسی دووەم
کاریگەری بیرۆکەکانی گرا نخوازەکان
لەسەر موسڵمانان

ئەم بیرۆکانەی گرانخوازو گرانسازەکان کاریگەرو ئەنجامی ترسناكو سەیریان لە سەر موسڵمانانداا زۆر بوە، کە ئەمانەن:

١ـ کاریگەری بیرۆکەی (ئیشراق) وا دەگەیێنی کە ڕێگەی زانیاریو زانین بە عەقڵو فێر بوونو تێگەییشتن نیە، بەڵکو ئیشڕاقی خواییە کە لە خۆشەویستیو عیشقی صوفی دروست بوە، هەتا بویتە وەلیێك لە وەلیەکانی خواو کەڕامەتو کەشفی لە سەر دەستا ڕوودەدات.

بۆیە هەندێکیان دەڵێن : ئەو گوناهانەی کە خود پەسندی (مەغروری) قەدەغە دەکات باشترە لە گوێڕایەڵیێك (تاعەتێك)ی خوا کە خود پەسندی (مەغروری) لێ پەیدا دەبێت، چونکە خۆ بە پەسند زانین واتە: (مەغروری)

دەروون دوور دەکاتـەوە لـە ونبـوون لـە خـودی خوا،بـەڵام خۆشەویستی خـوا هـەموو پەرستەرێك ون دەکـات لـەخوا بەشێوەیەکی وا گوناهەکانی لا ناگرنگ دەکات، جگە لـەوەی کە ئەو گوناهانـەی داوای لێخۆشبونی لـە دوادا دێت نزیکی دەکاتەوە لە خوا نەك دوور. واتـە: گونـاهکردنو داوا کردنـی لێخۆشبوون باشترە لە گوناە نەکردن.

ئەمەش گشتی دەبێتە هۆکـاری گونـاهکردنو ئیـددیعای زلو خۆبەهەنـد دانـانێکی وا ببێتـە هـۆی گۆڕانکـاری و دروستکردن لە دیندا .

٢ـ یـەکێك لـە کاریگـەرەکانی بیرۆکـەی (حلـول)و (وحـدة الوجود) ئەوەیە کە دەڵێن خەڵکی ئایینەکان گشتیان وەکـو یەکن، جا موسڵمان بێت یا فەلە، جولەکـە بێـت یـا صـابیئە، مەجوس بێت، یا بت پەرسـت، چـونکە ئەوانـە گشـتیان خـوا دەپەرستن بۆ هەرجێگەییکی ڕووی تێبکەنو هـەر چـۆن بـن. چـونکە دینداریـەکانیان ئەوەیـە کـە خوایـان خۆشـدەوێ، هەروەها لایان وایە گشت ئایینەکان ڕێگەی جۆراو جـۆرن بـۆ گەییشـتنە یـەك مەبەسـتو ئامـانج، جیـاوازی تـەنیا لـە نازناوەکانیانە، لەسەر بنەمای ئەوەی ئەگەر جیـاوازی نێـوان

خـواو بەنـدەکان نـەما، جیـاوازی نێـوان ئایبینـەکانیش نامێنێ!. بنواڕە ئیبن عەڕەبی چی دەڵێ :

لقد صار قلبي قابلا كلّ صورة فمرعى لغزلان ودير لرهبان

وبيت لأوثان وكعبة طائف وألواح توراة ومصحف قرآن

أدين بدين الحبّ مهما توجهت ركائبه فالحبّ ديني وإيماني

واتە: (دڵم بوەتە وەرگری هەموو ئایینێك، جا لەوەڕگەی ئاسكو دێری ڕاهیبانە، مالّی بتانەو کەعبەی تەوافکەرانە، تەختەکانی تەوڕاتو مەصحەفی قورئانە، بە دینی خۆشویستی دینداری دەکەم بۆ هەر لایێك سواڕەکانی بڕوات، چونکە خۆشەویستی ئایینو باوەڕمە).

ئەگەر چی مەبەستی لەم شیعرەدا تێگەیشتنی زەحمەتە، بەڵام ڕوالّەتەکەی پێچەوانەی شەریعەتە[1]، هەرگیز نابێ وەدەست بگیرێ چونکە ئێمە بەڕپرسین بە واتە ڕوالّەتیەکانو ئاشکرای قورئان، لەگەڵ دڵسۆزیو پاکی نیاز بۆ خوای گەورە. جگە لەوە دروست نییە قسەیێك ئاڕاستەی خەڵك بکرێ تێی نەگەن، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

١) بۆیە واتەکەم نەنووسیوە ، نەبادا، بە پێچەوانەی مەبەستی ئەو لێك بدەینەوە ، چونکە ئالۆزەو مەبەستی لێ دیار نیە.

(كلّموا النّاس بما يعرفون ودعوا ما ينكرون)[1]. واتە: قسە لەگەڵ خەڵکان بکەن بەو شێوەیەی دەیزانن، ئەوەی نایزانن لێی گەڕێن .

٣ـ ئیدیعا دەکەن کە وەلی فەنا فی الله یە، واتە: ونە لەخوادا، لە ڕواڵەتەکانی ئاایینی ئازاد دەبێ، بۆیە واجیباتەکانی ئیسلامی لەسەر لادەچی، جا مۆسیقاو گۆرانیو سەما بەکار دێنن بۆ گەیشتنە خۆشەویستی و بیهۆش بوون بۆ دیدەنی حەق .

باتینیەکانیش(الباطنيّة) بەزەییان بە شەیتان دێتو پۆزشتی (عوزر) بۆ دێننەوە لەسەر ئەوەی کرنۆشی بۆ ئادەم عليه السلام نەبردووە. لە حەلاجیان گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی: پێویست نییە بچینە مەکە بۆ حەج، چونکە موسڵمان دەتوانێ لەهۆدەی مالّی خۆیدا حەج بکات .

جا ئەم جۆرە شتە سەیرانەی نالەبارو پێچەوانەی شەرعن پێی وتراوە (شەتەحاتی صۆفییەکان) کە نادروستی و بێ

---

١) المغني عن حمل الأسفار ٢٨/١، الحديث رقم ٩٧ . قال رواه البخاري موقوفا على علي ورفعه أبو منصور الديلمي في مسند الفردوس من طريق أبي نعيم .

شەرعیان ئاشکرایەو پێویست بە بەڵگە لەسەر هێنانەوە ناکات .

٤ ـ بیرۆکەی فەنا فی اللەو بیرۆکەی مانەوە (البقاء) پاش فەنا کە ئەوەیە صۆفی لە سیفاتەکانی خۆی دەردەچێو لە سیفاتی خوا ون دەبێ، جا دەگاتە پلەی (الإنسان الکامل) واتە: مرۆڤی تەواو، کە گشت نهێنیەکانی گشتیو هەندێکی (الکلیة والجزئیة) ی خوا هەڵدەگرێ، جا لەم سیفاتانەدا دەمێنێتەوە تیایدا نەمر دەبێ . ئەمە وا دەگەیێنێ کە ببێتە خوا، لەگەڵ خوای گەورە، کە زۆر ئاشکراو دیارە کە شیرکو کوفرێکی زەقە.

٥ ـ کاریگەریەکانی مەبدەئی (جبر) تۆبزی وای لێکردوون کە لە کارکردندا تەمەڵ بنو کار نەکەن، لەسەر ئەوەی کە پشبت بە خوا دەبەستن، بە شێوەیەکی چەوت باوەڕیان بەوەیە کە خوا پرسقو رۆزی بەخشە، بۆیە هەندێکیان لەسەر سکی خەڵکدا دەژیێن بە شێوەو رێگەی ناشەرعی .

جا بەتاڵ کردنەوەی ئەم جۆرە بۆچوونو بیرۆکانەی فەیلەسوفەکانی صۆفیو صۆفیە فەیلسوفەکانی نا موسڵمان لە پێشدا باس کرا، پێویستی دووبارە کردنەوەی نیە،

چونکە ئەمانەش هەمان شتن، نەشیاوو چەوتی ئەم دیاردەیە لای هـەموو موسـڵمانێکی کـەمترین شـارەزایی لـە ئیسـلامدا هەبێ زۆر دیارو ئاشکرایە، گومڕاییو لادانیان لـە ڕێـی ڕاسـت لـە تیشـکی ڕۆژ دیـارترەو پێویسـت بـە جـەموجۆڵ لێکـردن ناکات .

هۆکاری ئەم بیرۆکانە :

ئەم جۆرە بیرکەو شتانە گشتی باوەڕو دینداری ڕاست و گوێڕایەڵی وەکو خوا پێی خۆشە پێشیل دەکـاتو نایهێڵێـت، بـەڵکو وای لێـدەکات بـە ئـارەزووی خـاوەن ئـەم جـۆرە بیرۆکانـەو دانانیـان بێـت، نـەك وا بێـت وەکـو خـوای گـەورە داینـاوەو بۆ پێغەمبەرانی ناردووە .

کێشەی خەڵك لەگەڵ ئایینـدا لەسەرەتاوە هەتا ئێستا هەر ئەوەیـە کـە خـەڵکان دەیانـەوێ ئـایین وا بـەکار بێـنن وەکـو خۆیـان دەیانـەوێ نـەك وەکـو خـوا ناردوویەتـە خـوارەوە وا بمێنێتەوە یا بیکەن، بۆیە بـە پێـی ئـارەزوو ویسـتی خۆیـان شـت دروسـت دەکـەنو بیدعـە دادەنـێنو ئـایین دەگـۆڕن، خـواش وای لەخـەڵك دەوێ کـە ئایینەکـەی وەکـو خـۆی

ناردوەتە خوارەوە چۆن بۆ پێغەمبەران هاتوە وا بەکار بێ و گوێڕایەڵی بکەن، بۆیە هەرکاتێ کە پێغەمبەرێکی ناردووە و خەڵکی هێناوەتەوە سەر ڕاستییەکی ئایین، پاشان کە پێغەمبەرەکە مردووە دووبارە خەڵکەکەی گۆڕیویانە بە ئارەزووی خۆیان ئایینێکیان وەکو خۆیان دەیانەوێ دروست کردووەو سەرپێچی فەرمانەکانی خوایان کردووەو لایان داوە، وەك خوا لە سووڕەتی بەقەرەدا فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَقَفَّيْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ بِٱلرُّسُلِ وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ أَفَكُلَّمَا جَآءَكُمْ رَسُولٌۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُكُمُ ٱسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾، واتە: کتێبمان بۆ موسی ناردو پێغەمبەرانی ترمان بە دوادا ناردون، بەڵگەمان داوەتە عیسای کوڕی مەریەم و پشتگیری ئەومان بە جوبریل کردووە، ئایا ئێوە هەر وادەکەن کە هەرجارێکی پێغەمبەرێکتان بۆ هات بەو پەیامەی کە نەفستان ڕای لێ نییە خۆتان هەڵکیشاو بەگەورە زانی؟، جا هەندێك لەپێغەمبەرەکانتان بەدرۆ داناو باوەڕتان پێ نەکردن و هەندیکیشیان دەکوژن .

بۆیە لەسەر ئەم ڕەوشتە خراپە هەڵدەستان بە گۆڕینی کتێبەکانی خوا کە بۆ پێغەمبەرانی ناردووە وەك لە سووڕەتی مائیدەدا فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡ وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْۛ سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوۡمٍ ءَاخَرِينَ لَمۡ يَأۡتُوكَۖ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ مِنۢ بَعۡدِ مَوَاضِعِهِۦ يَقُولُونَ إِنۡ أُوتِيتُمۡ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمۡ تُؤۡتَوۡهُ فَٱحۡذَرُواْۚ وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتۡنَتَهُۥ فَلَن تَمۡلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗاۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمۡۚ لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٤١﴾ ﴾. واتە: ئەی پێغەمبەر بەوانە ماتەم مەبە کە پەلە بۆ ناو کوفر دەکەن لەوانەی کە بەدەم وتیان باوەڕمان هێنا بەڵام دڵەکانیان باوەڕیان نەهێناوە، لە وانەی کە جولەکەنو گوێگری درۆنو گوێگری کەسانێکی ترن کە نەهاتونەتە لات، وشەکان لەجێی خۆی لار دەکەنەوەو دەیگۆڕن، جا دەڵێن ئەگەر ئەمەتان بۆ هات وەریگرن، ئەگەر ئەمەتان بۆ نەهات واتە: قوڕئانتان بۆ هات مەترسی لێ بکەن واتە: وەری مەگرن، ئەوەی خوا بیەوێ

بیخاتە فیتنە خۆ هیچ شتێکت لە لای خواوە بۆیان بەدەست نیە، ئەوانەن کە خوا نەیویستوە دڵیان پاك بکاتەوە، لە دونیادا ئابڕوچونیان بۆ هەیەو لە ڕۆژی دواییشدا ئازارێکی گەورەیان بۆ هەیە .

هۆکاری گۆڕینی کتێبەکانی خوا ئەوە بوو، چونکە خوا ئەرکی پاراستنی کتێبەکانی پێشی ئیسلامی خستبوە سەر میلەتەکان کە بۆی ناردوون وەك خوا لە سووڕەتی ئەلمائیدەدا فەرموویەتی : ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسْلَمُوا۟ لِلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ بِمَا ٱسْتُحْفِظُوا۟ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُوا۟ عَلَيْهِ شُهَدَآءَ فَلَا تَخْشَوُا۟ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ .

لێرەدا فەرموودەی (بِمَا ٱسْتُحْفِظُوا۟ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُوا۟ عَلَيْهِ شُهَدَآءَ) واتە: بەوەی کە داوایان لێکراوە کە بپارێزن و ببنە شاهید لەسەری، بەڵام نەیان پاراستو گۆڕینیان تیادا دەکرد، بۆیە خوا پێغەمبەر لەدوای

پێغەمبەری ناردووە بۆ ڕاست کردنەوەی ئایینو گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کتێبە ڕاستەکەی خوا، وەك لە سووڕەتی ئەلموئمینوندا فەرمویەتی: ﴿ ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَا كُلَّ مَا جَآءَ أُمَّةً رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُ فَأَتْبَعْنَا بَعْضَهُم بَعْضًا وَجَعَلْنَٰهُمْ أَحَادِيثَ فَبُعْدًا لِّقَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ واتە: جا پێغەمبەرەکانمان لە دوای یەکا نارد، هەرکاتێ کە میلەتێك پێغەمبەرەکەی بۆ دەهات بەدرۆیان دادەناو، بۆیە یەك لەدوای یەکمان لەم بێ باوەڕانە بە هیلاك بردو کردنمانە چیرۆکو پەند، ئیتر دووری لە ڕەحمەتی خوا بۆ ئەوکەسانەی کە باوەڕ ناهێنن .

ئەم بارە بەم جۆرە بەردەوام بوو هەتا لە دواییدا ئیسلام هات وقورئان ناردرا خوارەوە، باوەڕو ئیسلامو یەکتا پەرستی و ڕێنمایی‌و بەرنامەو یاسای ژیانو چاکی‌و چاکسازی وەکو خوا دەیەوێ تیایدایە، بەڵام ئەم جارە خوا خۆی بەڵێنی ئەوەی دا کە خۆی بە خۆی کتێبی خۆی (قورئان) بپارێزێ لە دەستکاری‌و دەست تێوەردان، وەك لە سووڕەتی حیجردا فەرمویەتی: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا

لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ۝٩ ﴾ واتە: بەدڵنیایی خۆمان ئێمە قورئانمان ناردووتە خوارەوەو، بە دڵنیایی هەر ئێمە دەیپارێزین .

بۆیە کەس نەیتوانیوە دەست لە قورئان بدات بە گۆڕین یا بە لابردن یا بە کەمو کورتی تیادا کردن، بەهیچ جۆرێکو پیلانێك نەیان توانی دەستکاری بکەن، جا کە بێ ئومێد بوون خەڵکانێك هەستان بە دروستکردنی بیدعە لە ئایین و دیاردەو بیرۆکەی وا کە دەبێتە هۆی گومڕایی لە ڕاستیو دوور کەوتنەوەی خەڵك لە ئایینی ڕاستەڕێ.

بەڵام ئیسلام وەکو قورئان وسونەتی پێغەمبەر ﷺ وەکو خۆی ماوەتەوەو نەگۆڕاوە، لەبەر ئەوەی خوا لەسەر بەڵێنی خۆی پاراستویەتی، بۆیە ئایینی ئیسلام وەکو خواو پێغەمبەرﷺ دیارییان کردووە لەگەڵ شێکردنەوەو تێگەییشتنی زۆربەی زانایانی ئیسلامی کە بە (جمهور) ناسراونو میلەتیان پێ ئاشنا بوە، هەر ئەم دووانە پێوەرو بنەمان بۆ دینداری و پەرستنو هەڵسوڕاندنی کاروباری ژیان، نەك گرانخوازی صۆفییەکانی فەلسەفو لادەرەکانی فەیلەسوفەکانی بێ ئایینی. بۆیە لە زانستی ئیسلامیدا هیچ بەهاو نرخ نەدراوەتە دروستکراوو بیدعەو لادان، چونکە

هەمیشە کۆمەڵێك لە زانایانی دڵسۆزو بانگخواز هەن بۆ داکۆکی کردن لە ئیسلامو دیار کردنی ڕاستیەکانی وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ من أُمَّتِي قَائِمَةً بِأَمْرِ اللَّهِ لَا يَضُرُّهُمْ من خَذَلَهُمْ أو خَالَفَهُمْ حتى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ ظَاهِرُونَ على الناس)[1].

واتە: بەردەوام چینێك لە ئوممەتی من بە ئەمری خوا هەڵدەستن پێچەوانەکانیان ودژەکانیان ناتوانن زیانیان پێ بگەیێنن هەتا کاری خوا بەجێ نەگات ئەوان سەرکەوتونە لەسەر خەڵکان .

بۆیەلە هەموو کاتێکدا خوا هەندێ زاناو دانا ئامادە دەکات بۆ پاراستنی زانستی ئەم ئایینەو وەلادانی بیرۆکەی گرانخوازیو دروستکراوی هەواداڕەکانی دەروونی، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (يَحْمِلُ هَذَا العِلْم مِنْ كُلِّ خَلَفٍ عُدُولُه يَنْفُون عَنْه تَحْرِيف الغالين وانْتِحَالَ المُبْطِلِيْن وَتَأْوِيل الجاهِلِيْن)[2]. واتە: ئەم زانستە هەر چینێك

---

١) صحيح مسلم ٣/١٥٢٤الحديث رقم١٠٣٧.

٢) سنن البيهقي ١٠/ ٢٠٩الحديث رقم ٢٠٧٠٠.

لە پاش چینێکی تر لە موسڵمانە دادخوازەکان هەڵیدەگرن،لار کردنی گرانخوازنەکانو، دروستکراوەکانی نادروستەکانو ، تەئویلی نەزانەکانی لێ دەردەکەن .

لاوازی داکۆکی کردن لەم بیرۆکانە :

هەندێ نووسەرو خوێنەوار هەوڵیان داوە کە داکۆکی لەم جۆرە بۆچوونانە بکەن کە دەڵێن ئەم دیاردەیە لە صۆفییەکانو فەلسەفەی ئایینەکانی پێشووی ئیسلام وەرگیراوە بەرگری ئەم قسەیە دەکەن، ئەگەر چی وەکو دەرکەوت بەرگری وداکۆکیان زۆر لاوازە، بەڵگەی قەناعەت پێهێنەریان بە بۆچوونەکانیان نیە، بەڵام بە چاوپۆشی لەم هێنانو بردنە، گرنگ ئەوە نییە کە صۆفییەتی ئیسلامی لە هی پێشووی ئیسلام وەرگیرابێ یان وەرنەگیرابێ، بەقەدەر ئەوەی کە پێویستە لێبکۆڵینەوە، ئایا ئەو تەصەووفەی ئیسلامیو نا ئیسلامی هەردووکیان هەتا چەند ڕێکن لەگەڵ ڕێنمایەکانی قورئانو سونەتی ڕاست یا لەگەڵیا تێك دەکەنەوە، چونکە ئەوەی ڕاستە هیچ ڕێگرێك نییە لە وەرگرتنی، ئەگەر لەگەڵ قورئانو سونەتا ڕێك بکەون یا تێك

بکەنەوە. وەك دەبینین کە زانایانی ئوصول باسی شەرعی ئایینەکانی پێش ئیسلامیان کردووە کە لە قورئانو سونەتدا باس نەکراوە، ئایا دروستە وەری بگرین یان نا؟ زۆرینەی (جمهور) زانایان دەڵێن: بەڵێ دروستە ئەگەر پێچەوانەی قورئانو سونەت نەبێ[1]. با تەصەووفیش هەر لەسەر ئەم ڕێسایە بێ .

بەڵام کێشە ئەوەیە کە دەیبینین چەندین بیرۆکەو دیاردەی تەصەووفی ئیسلامی لەگەڵ هی پێشووی ئیسلام تێك دەکاتەوەو پێك دەچن لەو شتانەی کە پێچەوانەی ئیسلامن، جا ئەگەر بنەماکەی دروست نەبێ هەرگیز لەسەردامەزراوەکەشی دروست نابێ، چونکە ژیری نیەو ناچێتە عەقڵ کە بڵێین (حلول)و (وحدة الوجود) لای فەیلەسوفەکانو ئایینەکانی صۆفییەکانی پێشی ئیسلام دروست نیەو کوفرە، بەڵام لای صۆفیو فەیلەسوفەکانی موسڵمان دروست و ڕەوایە، ئەمە کێشانێکە بە دوو جۆر ، بە تەرازوویێکی لاسەنگ لەسەر بانێکی دوو هەوا .

---

١) الإبهاج ٢|٢٧٦ ، البرهان في أصول الفقه ١|٣٣١ ،المسودة ١|١٧٤.

ڕاستەقینە هەمیشە ڕاستەقینەیە با هەڵگرەکەشی جیاواز بێت ، هەروەها نادروست نادروستە با ئەوەی پێی هەڵدەستن جیاواز بن، بۆیە کە ئەم جۆرە بیرۆکەو بۆچوونانە کە لای صۆفییەکانی فەلسەفەو ئەهلی کیتاب نادروستو ناڕەوایە، دەبێ ئەوەی هەمان شێوەیەتی لای موسڵمانانیش هەر دروست نەبی با بەڕاستیشی بزانن و کاری پێ بکەن.

لە لایەکی تـرەوە هەندێ کەس دەڵێن ئەمەی لای صۆفییەکانە زانستی نهێنی و باتینی و کاری وایە کە ڕاستە، بەڵام خەڵکان تێی ناگەن تەنیا خۆیان نەبێ، ئەمەش ڕاست نیەو پێچەوانەی ئیسلامە، چونکە ئەگەر ئیسلام نییە ئەوە هیچە، ئەگەر ئیسلامیشە، ئیسلام تەنیا ئاڕاستەی تایبەتمەندان نەکراوە، بەڵکو ئاڕاستەی گشت کەسانو خەڵکانی سەر زەمین بە بێ جیاوازی کراوە، وەك خوا لە سوورەتی سەبەئدا فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٢٨ ﴾، چونکە ڕەحمەتە بۆ گشت گەلانی سەر زەوی، وەك خوا لە سووڕەتی ئەنبیادا فەرموویەتی:﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧ ﴾. جگە لەوەی کە ئیسلام دیارەو

شاراوەی تیادا نیە، پێویستە گشت کەس تێی بگات، وەك خوا لە سووڕەتی مائیدەدا فەرموویەتی:﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖۚ قَدۡ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٞ وَكِتَٰبٞ مُّبِينٞ ١٥﴾ هەروەها لە سووڕەتی یاسیندا فەرموویەتی: ﴿ وَمَا عَلَّمۡنَٰهُ ٱلشِّعۡرَ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُۥٓۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ وَقُرۡءَانٞ مُّبِينٞ ٦٩ ﴾، بۆیە مسولمانان تەنیا بەرپرسن بەرامبەر بەو فەرمانو شتانەی کە تێی دەگەن، بەر پرس نین بەرامبەر بە شتی نەدیارو پۆشراو.

ئیتر جۆرەها ئایەتی تر لەم بابەتەدا هەیە. پێغەمبەریش ﷺ کردەوەو فەرموودەکانی لای گشت خەڵکان دیارو ئاشکرا بوە، خەڵکان تێی گەیشتوون، بریتیش بوە لە دیارکردنو تێگەیاندنی ئەو شتانەی قورئان کە پێویستی بە تێگەیاندن هەبوە، وەك خوا لە سووڕەتی نەحلدا فەرموویەتی: ﴿ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِۗ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ٤٤﴾، واتە: قورئانمان بۆ

ناردیە خوارەوە هەتا ئەوەی بۆیان هاتووە دیاری بکەی بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە.

هەروەها پێغەمبەریش ﷺ دیاری کردووە کە موسڵمانانی لەسەر شتێکی دیارو ئاشکرا وەك ڕوناکی ڕۆژ بەجێ هێشتوە و بزر نیە، ئەوەی لێی لابدا دەفەوتێ، جا دەفەرموێ : (قَدْ تَرَكْتُكُمْ عَلَى الْبَيْضَاءِ لَيْلُهَا كَنَهَارِهَا لَا يَزِيغُ عَنْهَا بَعْدِي إِلا هَالِكٌ) [1]. واتە: بە دڵنیایی ئێوەم بە جێ هێشووە لەسەر سپێکی وا شەوەکەی وەکو ڕۆژەکەیەتی، تەنیا ئەوەی گومڕا نەبێ پاشی من لێی لانادا.

- بۆیە بەهیچ جۆرێك لە ئیسلامدا داوا نەکراوە کار بە شتی نادیارو پۆشراو بکرێ، چونکە لێی بەرپرس نین، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ جگە لە موعجیزە کە بۆ پێویستی باوەڕ هێنان بە پێغەمبەرایتیەکەی بوە هیچ شاراوەو پۆشراوی بەکار نەهێناوەو ئیدیعای نەکردووە، بەڵکو ئەگەر خوا پێی نەفەرموبێ هەر نەیزانیوە وەك خوا لەسووڕەتی ئەنعامدا فەرموویەتی: ﴿ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ

---

١) سنن ابن ماجة ١/١٦ الحديث رقم ٤٣ .

عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ إِنِّى مَلَكٌ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّۚ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِى ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴿٥٠﴾. واتە: من پێتان نالێم خەزنەکانی خوام لایە، پێشتان نالێم پەنهان دەزانم، هەروەها پێتان نالێم من فریشتەم، تەنیا بەدوای ئەوە دەکەوم کە بە نیگا بۆم دێتە خوارەوە، بڵێ (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ) ئایا کوێرەو چاو ساغ وەکو یەکن؟ واتە: لە دیتندا، ئایا بیر ناکەنەوە ؟ .

جا کە پێغەمبەر ﷺ پەنهانی نەزانیبێ کەچی لە هەموو ئەوانەی ئیدیعای نزیکی لە خوا دەکەن نزیک تر بووە، لە گشتیشیان ڕوون ترو بەرزترو وخوا پەرستر بووە، گەیشتوەتە بەرزترین پلەو پایە، لەگەڵ ئەوەشا جارێکیان سەگێکی لە ژێر تەختەکەدا بوو[1]، هەتا جبریل خەبەری پێ

---

١) عن عَائشَةَ رضي الله عنها أنّها قالت: وَاعَدَ رَسُولَ اللّه ﷺ جِبْرِيلُ عليه السلام في سَاعَةٍ يَأْتِيه فيها ،فَجَاءَتْ تلْكَ السَّاعَةُ ولم يَأْته ! وفي يَده عَصًا فَأَلْقَاهَا من يَده ،وقال: ما يُخْلفُ الله وَعْدَهُ ولا رُسُلُهُ ،ثُمَّ الْتَفَتَ فإذا جِرْوُ كَلْبٍ تَحْتَ سَرِيرِه فقال: يا عَائشَةُ مَتَى دخل هذا الْكَلْبُ هاهنا ؟ فقالت: والله ما دَرَيْتُ، فَأَمَرَ بِهِ فَأُخْرِجَ، فَجَاءَ جِبْرِيلُ فقال رسول اللّه ﷺ: وَاعَدْتَنِي

نەدا نەیزانی، چونکە نەیدی بوو، چجای ئەوانەی وا خەیاڵ دەکەنەوە کە هەموو پەنهانو پۆشاکێکیان لایەو گەیشتونەتە خوا.

بۆیە ئەو بیرۆکانە گشتی ناڕاستو بێ شەرعیە، پێویستە نەمێنێو موسڵمانانی دڵسۆز لێی دوور کەونەوە. دەنا هەروەکو خەڵکانی ئایینەکانی پێشوومان لێدێ وەك جوولەکەو فەلە، ئایینمان لێدەگۆڕی بە شێوەیێکی وا گومڕا دەبین و ناگەینە هیچ ڕاستیەك، خواش لێمان وەرناگرێو ئەنجاممان لە قیامەتا زۆر خراپ دەبێ .

فَجَلَسْتُ لك فلم تَأْت، فقال: مَنَعَنِي الْكَلْبُ الذي كان في بَيْتِكَ إِنَّا لَا نَدْخُلُ بَيْتًا فيه كَلْبٌ ولا صُورَةٌ.| صحيح مسلم ج٣/ص١٦٦٤ .



تەصووفی ئیسلامی میانڕەو

مەبەستمان لە تەصەووفی میانڕەو ئەوەیە کە کارو هزریان دەگەڕێننەوە سەر ئایەتەکانی قوڕئانو حەدیسەکانی پێغەمبەر ﷺ نزیکن لە لایەنی شەرعی.

باسی یەکەم
ناوەڕۆکی تەصەووفی میانڕەو

لەبەر ئەو ترسانەی پێشوو کە دیاریکراو ئەو کێشەو دۆخەی کە باس کرا، بۆ ئەوەی بەرگێکی شەرعی بکرێتە بەر تەصووف، هەندێ لە صۆفییەتی خوازەکانی موسڵمانی میانڕەو پەیدا بوون، بە تایبەتی لەو زانایانەی زیرەك و صۆفییەتی خواز بوون، هاتونەتە مەیدانی تەصەووف ، هەوڵیان داوە کە ئەو سەرپێچی و داواکاریە بێ شەرعیانە کەم بکەنەوە یان لای بدەن، هەندێکیشی کە پێیان پەسند بوو ویستیان بیگەڕێننەوە سەر هەندێ لە ناوەڕۆکەکانی قوڕئان و حەدیسی پێغەمبەر ﷺ، بۆ ئەوەی تۆزێ لاری و گڕانخوازی صۆفییەکانی فەلسەفی وئیسلامی گرانخواز کەم کەنەوە، یا لای بدەن، بۆ ئەوەی وا پیشان بدەن کە پێچەوانەی قوڕئان وسونەت نین، یا هەوڵی بۆ بدەن کە پێچەوانەی ئیسلام نەبێ، بە ڕێی سوڕاندن و چەماندنەوەی

ملـی ئایـەتو حەدیسـەکان بـۆ چەسـپاندنی مەبەسـتەکانی خۆیان، لەگەڵ هەڵسان بـە هەندێ هـەموار کـردنو میـانڕەو کردنی وا کە خزمەتی ئەم ڕۆڵەو دیاردەیە بکـات، بـۆ ئـەوەی وێنەی ئەم بیرۆکە تەصەووفیانە لای خـەڵکان جـوان بکـەنو لێی دوور نەکەونەوە، جا ئەم جۆرە پێـی وتـراوە تەصـەووف میانڕەو .

وەک ئەوەی لای ئیمامی غەزالی –ڕەحمەتی خوای لێبێ– دیاری کـردووە کەتەریقـەت خـودی شـەریعەتە، بۆیـە لەگـەڵ فیقها لەکتێبی (إحیاء علوم الدین) دیـاری کـردووە، کـەوابوو تەصەووف ڕێگەو بەرنامەیەکە بۆ پابەند بوون بـە شـەریعەت لە سەر شێوەی نەویستنی دونیاو دوور لـە هەڵفڕێواندنـەکان، فشارکردنی سەر نەفسە بۆ ئەوەی بیهێنییە سـەر گوێڕایـەڵی خواو دووری خەینەوە لە چێژەکانو بێ شەرعیەکان. لەگـەڵ زۆر زیکرکـردنو بـەردەوامی ئامـادەبوونی دڵو دەروون لـە بـیرەوەری خـواو هەڵسـان بەچـاکەو ڕەوشـتی پەسـند، دوورکەوتنەوەیە لە گوناەو ڕەوشـتی خـراپ، پـاک کرنـەوەی ڕواڵەتـە کـە کردەوەکـانی ئەندامـەکانی کـە دیـارە، لەگـەڵ ناوەڕۆک کە کردەوەکانی دڵن، بە ڕێی کەوتنە نـاو بـاری تـام

وچێژێکی تایبەت کە پێی لەخوا نزیك دەبێتەو، بە بڕینی گشت پایەکان یەك لە دوای یەکا هەتا دەگاتە بەرزترین پایە، کە هەندێکیان بە ئاشکرا ناوی دێنن‌و دەڵێن (الفنا فی الله) یە، بەڵام دەڵێن ئەمە جیاوازە لەگەڵ هی صۆفییەکانی فەلسەفی‌و ئایینەکانی پێشوو. جا بەم جۆرە خاوەنی ئەم بارە دەبێتە وەلی‌و دەرگای والا کراوەکان (کشوفات)و توانای کەرامەتی بۆ دەکرێتەوە بە هەڵاتنی ڕووناکی خوا لەسەری. جا بۆ ئەم مەبەستە هەڵساون بە هێنانەوەی هەندێ ئایەت لە قورئاندا وەکو بەڵگە لەسەر ئەم داواکاریانەیان کە ئەمانەن:

١ـ خوای گەورە لە سووڕەتی ئەنعامدا دەفەرموێ: ﴿ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ... ﴿١٢٥﴾ ﴾... جا دەڵێن تەفسری ئەم ئایەتە فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ کە فەرموویەتی : (نورٌ يَقْذِفُهُ اللهُ فِى الْقَلْبِ) بەڵام ئەم حەدیسە زۆر لاوازەو کاری پێ ناکرێ[1] و بە بەڵگە ناژمێردرێ

[1] العلل المتناهية ج٢/ص٨٠٣ / قال تفرد به عبد الله وروي من طرق كلها وهم وهو الصواب عن عمرو بن مرة عن ابي جعفر عبد الله بن المسور

٢ـ خـوای گـەورە لـە سـووڕەتی ئەنعامـدا دەفـەرموێ: ﴿ وَذَرُواْ ظَٰهِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَبَاطِنَهُۥٓ.. ﴿١٢٠﴾ ﴾ واتـە: لـە گونـاهی دیـارو نادیار یا بزرو پۆشراو وازبێنن، هەروەها فەرموودەی خـوا لـە هـەمان سـوڕەتدا: ﴿ ... وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَ ...﴿١٥١﴾ ﴾ واتـە: نزیکـی گوناهەپیسـەکان مەکەونـەوە، ئەوەی دیارە و ئەوەی بزرە . وای لێکدەدەنەوە کە مەبستی خـاوێن کردنـەوەی ڕواڵـەتو نـاو دەروونـە، بـەڵێ ئەمـە هەڵدەگرێ، بەڵام واتا ڕاستەکەی ئەوەیە: لە گوناهی ئاشکرا کە خەڵک پێی بزانێ وگوناهی بە نهێنی لە نێوان خۆیو خـوا کە کەس پێی نازانێ دوور کەونەوە، واتە: بە ئاشکراو نهـێنی دەبـێ لـە خـوا تـرس بـین، هـەروەها لـە گوناهـەکانی

مرسلا عن النبي ﷺ كذلك قاله الثوري وابن المسور متروك /شرح علل الترمذي ج٢/ص٨٧٠ / قال وقد روى عمرو بن مرة عن ابن المسور المدائني حديثا آخر أصله مرسل عن النبيﷺ : لما نزل قوله تعالى فمن يرد الله أن يهديه يشرح صدره للإسلام قال النبي إذا دخل النور القلب انشرح وانفسح الحديث ، فهذا هو أصل الحديث ثم وصله قوم وجعلوا له إسنادا موصولا مع اختلافهم فيه قال الدارقطني يرويه عمرو بن مرة واختلف عنه فرواه مالك بن مغول عن عمرو بن مرة عن عبيدة عن عبد الله بن مسعود عن النبي قاله عبد الله بن محمد بن المغيرة تفرد بذلك .

ئەندامەکانی ئاشکرا وەك دەستو پێو دەمو دامێن...هی تر دورکەوینەوە. لەگەڵ گوناهەگانی دڵ وەك حەسوودیو ڕقو کینەو خۆبەگەورە زانین و... هتد، کە خەڵك پێی نازانێ گشتی دەگرێتەوە[1]، وەك لە سووڕەتی ئەعرافدا دەفەرموێ : ﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾. واتە: بڵێ خوای من هەموو گوناهەکانی حەڕام کردووە ئەوەی ئاشکرایەو ئەوەی نهێنییە ... هتد .

٣ـ خوای گەورە لە سووڕەتی بەقەڕەدا دەفەرموێ: ﴿ ... وَإِن تُبْدُواْ مَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ ٱللَّهُ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٨٤﴾ ﴾ واتە: ئەگەر ئەوەی لە دەروونتاندایە دەری بخەن یان بیشارنەوە خوا لەسەرتان دەژمێرێ حیسابتان لەگەڵ دەکا، ئەگەر چی زانایان دەڵێن ئەم ئایەتە نەسخ بوەتەوە بە

١) التفسير الكبير للرازي ٣٧/٣ ، تفسير إبن كثير ٦٩/٢، البيضاوي ٤٤٧/٢ ، أحكام القرآن لابن عربي ٢٧٠/٢ .

فەرمودەی پاش ئەو ئایەتە کە دەفەرموێ : ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٨٦﴾ ﴾.

لەگەڵ ئەوەشدا واتەی ئەو ئایەتە وا نییە وەک حەزرەتی عائیشە تەفسیری کردوەتەوە[1].

بەڵگەی حەدیسی پێغەمبەر:

هەروەها بەڵگە بەچەند حەدیسێک دێننەوە وەک:

١ـ وەک فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (الإحْسانُ أَنْ تَعْبُدَ اللهَ كأَنَّكَ تَراهُ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَراهُ فَإِنَّهُ يَراكَ)[2].

واتە: ئیحسان ئەوەیە کە خوا بپەرستی هەروەک خۆت ببینی وا، ئەگەر نەشیبینی خۆ ئەو تۆ دەبینی...!

---

١) المصادر المتقدمة نفسها .

٢) صحيح البخاري ١٩٨٤/٤ الحديث رقم ٤٤٩٩.

لێرەدا وشەی (إحسان) بە یەك لە پلەكانی تەصەووف كە ئیحسانە لێك دەدەنەوە، دەیكەنە بەڵگە لەسەر دروستی تەصەووف .

٢ــ فەرموودەی پێغەمبەرﷺ : (إِنَّ اللهَ لا يَنْظُرُ إِلى أَجْسادِكُمْ وَلا إِلى صُوَرِكُمْ وَلكِنْ يَنْظُرُ إِلى قُلوبِكُمْ وَأَشارَ بِأُصْبُعِهِ إِلى صَدْرِهِ)[1]. واتە: خوا نە تەماشای جەستەكانتان دەكات نە هی وێنەكانتان، بەڵام تەماشای دڵەكانتان دەكات، بە پەنجەكەی ئاماژەی بە سینگی شەریفی خۆی كرد .

٣ـ فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (وَإِنَّ فى الْجَسَدِ مُضْغَةً إذا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ وإذا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ ألا وَهِىَ الْقَلْبُ)[2]. واتە: لە ناو جەستەدا پارچە گۆشتێك هەیە ئەگەر چاك بوو گشت جەستەكەی چاك دەبێ، ئەگەر خراپ بوو گشت جەستە خراپ دەبێ، بەڵێ ئەویش دڵە.

---

١) صحيح مسلم ٤/ ١٩٨٦ .

٢) صحيح البخاري ٣/١٢١٩الحديث رقم١٥٩٩.

ئـــەم فەرموودەیـــە دەیکەنـــە بەڵگـــە لەســـەر خاوێنکرنەوەی(باطن) ناو دەروون.

٤ ـ فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ لە حەدیسی قودسیدا: (إِنَّ اللَّهَ قال: من عَادَى لى وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ، وما تَقَرَّبَ إلى عَبْدِى بِشَىْءٍ أَحَبَّ إلى مِمَّا افْتَرَضْتُ عليه، وما يَزَالُ عَبْدِى يَتَقَرَّبُ إلى بِالنَّوَافِلِ حتى أُحِبَّهُ، فإذا أَحْبَبْتُهُ كنت سَمْعَهُ الذى يَسْمَعُ بِهِ، وَبَصَرَهُ الذى يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ التى يَبْطِشُ بها، وَرِجْلَهُ التى يَمْشِى بها، وَإِنْ سَأَلَنِى لَأُعْطِيَنَّهُ وَلَئِنْ اسْتَعَاذَنِى لَأُعِيذَنَّهُ، وما تَرَدَّدْتُ عن شَىْءٍ أنا فَاعِلُهُ تَرَدُّدِى عن نَفْسِ الْمُؤْمِنِ يَكْرَهُ الْمَوْتَ وأنا أَكْرَهُ مَسَاءَتَهُ)[1]. وەکو خۆیان تێی دەگەن دەیکەنە بەڵگە لەسەر هەبوونی ویلایەت، کە بەرزترین پلەی تەصەووفە، کە لای هەندێکیان (فنا في الله) یەو لای هەندێکیشیان (حلوله). کە هەردووکیشیان ناشەرعین.

١) صحيح البخاري ٥/٢٣٨٥ الحديث رقم ٦١٣٧.

٥ ـ ئەو جۆرە حەدیسانەی کە فەرمان بە چاکەو کاری باشو لە خوا ترسی دەکەنو نەهی لە خراپەو گوناە دەکەن، کە زۆرو مشەن بەشێوەیێکی وا جێگەی تۆمار کردنیان لێرە نابێتەوە، گشت موسڵمانانیش لەسەری کۆکن .

بەڵام سەیر ئەوەیە کە هەندێ حەدیسی زۆر لاواز یا هەڵبەستراو دەهێننەوەو دەستی پێوە دەگرنو بنەمای بیرۆکەکایان لەسەر دادەمەزرێنن وەك:

١ـ (قلب المؤمن عرش الله) ئەمەش هەڵبەستراوەو حەدیس نیە[١] .

٢ ـ (كن ربّانيّا تقل للشّيء كن فيكون)[٢].وەکو حەدیسی قودسی باسیان کردووە کە چی هەر حەدیس نیە.

٤ ـ (مَنْ عَرَفَ نَفْسَهُ فَقَدْ عَرَفَ رَبَّهُ)[٣] ئەمەش هەڵبەستراوەو حەدیس نییە بەڵام قسەی هەندێ لە زانایانە.

---

١) موضوعات الصنعاني ١٥/١ رقم ٧٠ ، تذكرة الموضوعات ٥٠/١ .

٢) لە هیچ سەرچاوەیکدا نەمدۆزیەوە .

٣) تذكرة الموضوعات ٣٥/١ ، المقاصد الحسنة ٦٥٧/١ رقم ١١٤٩. قال: قال أبو المظفر بن السمعاني في الكلام على التحسين والتقبيح العقلي من القواطع إنه لا يعرف مرفوعا وإنما يحكى عن يحيى بن معاذ الرازي يعني من قوله، وكذا قال النووي إنه ليس بثابت.

باسی دووەم
ئاماژەکانی بەکار هێنانی تەصەووف

ئەمانجی تەصەووفکارەکان ئەوەیە کە بگەنە پلەی (حقّ الیقین) چونکە دەڵێن یەقین واتە: ڕاستەقینەی دڵنیایی، سێ جۆری هەیە:

یەکەمیان: **علم الیقین**: واتە: زانستی دڵنیایی: وەک برسییّك بزانێ کە خواردنێك لە فلاّنە جێگە هەیە.

دووەمیان: **عین الیقین**: واتە: خودی دڵنیایی، یا دڵنیایی بەرچاو: وەك بچێتە جێگەکەو خواردنەکە بەچاوی خۆی ببینێ .

سێیەمیان: **حقّ الیقین**: واتە: ڕاستەقینەی دڵنیایی، وەك بگاتە خواردنەکەو بیخواو تامو چێژی لێ وەربگۆری .

جا ئامانج لە تەصەووفدا ئەوەیە کە پەرستەر بگاتە (حق الیقین) لە باوەڕ بە خوا، جا دەگاتە لوتکەی دڵنیایی چێژی کردەوەیی و دڵنیایی دڵو دەروونی. جا لەم کاتەدا ڕوناکی

خوای تێدا هەڵدێ کە وای لێدەکات هەست بە دامەزرانو دڵنیایی بکات، ئەوجا دڵ هەست بە (فیوضاتي) واتە: بەسەرداڕژاندنە سەری خوایی دەکات چونکە گەییشتوەتە (حقّ اليقين) ڕاستەقینەی دڵنیایی[1].

لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوە دادەنێن کە تەصووف تەنیا ڕێگە نییە پێی بگەنە ناسینی خوا، چونکە دەتوانرێ بە ڕێی بیرکردنەوەی فەلسەفی و تێ وردبوونی عەقڵی و بەڵگەی مەنتیقی خوا بناسرێ، بەڵام پێی ناگەنە (حقّ اليقين) کە بە ڕێی تەصەووف دەیگەنێ، بەڵکو تەنیا لە قۆناغی (عين اليقين) دا دەوەستن.

جا بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئەنجامو پلە بەرزیەی دەیانەوێ کە پلەی ولایەتە دەبێ بەم پێگانەدا بەرز ببنەوە هەتا دەگەنە ویلایەت. ئەویش ئەمانەن:

---

١) ما هو التصوف للشيخ أمين النقشبندي ص٣٢، ٣٣.

پێگەکان:

کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (مقامات) بەراستی هەندێکیان پێگەنەو هەندێکیشیان سیفەتن کە ئەمانەن[1]:

١ـ (التّنبّه) هەشیار بوونەوە.

٢ـ (التّوبة) تۆبە کردن.

٣ـ (الإنابة) گەڕانەوە بۆ خوا.

٤ ـ (الزّهد) دونیا نەویستی.

٥ ـ (الورع) خۆپاراستن لە حەڕامو شێوەکەیو گومان لێکراو.

٦ـ (القناعة) ڕازی بوون بەوەی هەیەتی با کەمیش بێ.

٧ـ (الصّبر) ئارامگرتن بەرامبەر گشت بارو دۆخو تەنگو چەڵەمەیێك.

٨ ـ (الشّکر) سوپاسی خوا کردن.

٩ـ (التّوکّل) پەنا بەخوا بەستن.

١٠ـ (التّسلیم) خۆ تەسلیمی خوا کردن.

١١ـ (الرّضا) ڕازی بوون بە هەموو کارێکی خوا.

١٢ـ (المحاسبة) لێپێچینەوەی خۆی لەسەر هەڵسوکەوتو کردەوەکانی.

---

١) تەصووف چیە ، نووسەر ، ئەمین شێخ علاء الدین النقشبندی ص١٩٩ و دوایەکەی .

١٣ـ (الخوف والرّجاء) مەترسی لە سزای خواو تەما بوون بە ڕەحمەتی خوا.

١٤ـ (الفقر) هەژاری بەرامبە بە خواو پێویستی بەخوا.

١٥ـ (الصّدق) ڕاستگۆیی و ڕاست کردەیی) .

١٦ـ (المراقبة) هەست بە چاودێری کردنی خوا.

١٧ـ (الإحسان) چاکسازی لە پەرستن و گشت کردەوەکان هەروەك خوا ببینێ، ئەگەر نەشی بینێ خۆ خوا ئەو دەبینێ.

١٨ـ (القرب) نزیکی لە خوا.

١٩ـ (الإخلاص) دڵسۆزی بۆ خوا.

٢٠ـ (الفناء) نەمان لە خوادا.

٢١ـ (البقاء) مان .

٢٢ـ (التّوحيد) تەنیا خواپەرستی،یا تاك پەرستی .

٢٣ـ (التّجريد) ڕووتی لەهەموو شت بۆ خوا.

٢٤ـ (التّفريد) بە تاك زانینی خوا .

٢٥ـ (التّنزيه) بە پاکزانینی خوا لەگشت شتی کە لێی ناوەشێتەوە.

٢٦ـ (العبوديّة) بەندایەتی کردن بۆ خوا .

باسی سێیەم
بارەگانی صۆفییەتی

لەکاتی تێپەڕینی صۆفی بەو پێگانەی پێشودا هەندێ بارو دۆخی بەسەردادێت یا تامی لێ دەبینی یا ماندووبوونو دەردەسەری توش دەبێ ئەوانیش ئەمانەن[1]:

١ـ (القبض) دڵ تەنگی لە ترسی خوا.

٢ـ (البسط) دڵ کرانەوە بە تکای ڕەحمەتی خوا.

٣ـ (المحو والإثبات) مەحو: واتە سڕینەوەی پێناسەی بەندە لە باری فەناوە، ئیسبات: واتە چەسپاندنی ئەوەی لە ئەنجامی فەناوەدا پێی دەدرێ.

٤ ـ (الصحو والسّکر) هەشیاری لە کاتی ئاسایی‌و سەرخۆشی لەکاتی ئامادەکردنی هەست بە خواو ناو هێنانی.

---

١ تەصووف چیە ، نووسەر ، ئەمین شێخ علاء الدین النقشبندی ص٢٩٦ و دوایەکەی .

٥ ـ (الغیبة والشهود) غەیبە: واتە پەنهانو ونبوون لە نهێنیەکاندا، الشّهود: ئامادە بوونی لای خوا، شهودیش واتە: بەرچاوبونی پوونـاکیو نهێنیەکانی خوا بۆی ئامادە دەبێ.

٦ـ(الشّوق) زێدە ویستو دڵ بۆ چوون بۆ خۆشەویست، یا بڵێسەسەندنی دڵ بۆ خۆشەویست.

٧ ـ (الأنس) دڵ کرانەوەو پێخۆش بوونی خۆشەویست.

٨ ـ (الوجد) چێشتنی خۆشی خۆشەویستی یان ئازاری دەروونی توند لە ئەنجامی عیشقدا.

٩ ـ (الجلال) شکۆ ومەزنی خوا.

١٠ ـ (الجمال) جوانی خوا.

١١ ـ (الكمال) تەواوو بێ کەم و کورتی خوا.

١٢ ـ (المحبة) خۆشەویستی.

١٣ ـ (اللوائح والطوالع واللّوامع) لەوائیح سەرەتاو خێرا وەدەرکەوتنی تریسکە، تەوالیعیش باش وەدەرکەوتنی بڵێسەو پووناکیە، بەهێز تر لە هی پێشی، لەوامیعیش بریقە دانەوەیەکی بەهێزتر لە هەردووکیان.

١٤ـ (الجذب) ڕاکشانێکی توند بۆ خوا.

١٥ــ(الوارد) بۆهـات لـەخواوە بـۆ نـاو دڵو دەروونـی بەندە.جا لـە ئـەنجامی پێداچـوون بـەو بـارو حاڵانـەدا چەند سییفەتی چاكو باش لای دروست دەبـێ دبێتـە خوو ڕەوشتی .

سیفەتە باش و پەسندكراوەكانی پێویستە ببێتە خوو ڕەوشت:

١ـ (حبّ الخير للنّاس) واتە: ویستنی خێر بۆ خەڵكان.

٢ـ (الإخلاص) دڵسۆزی.

٣ـ (التّواضع) بێ فیزی و خۆ بەگەورە نەزانین.

٤ ـ (الجود) سەخیاتی.

٥ ـ (الصّدق) ڕاستگۆیی و ڕاسكردەیی .

٦ـ (الأمانة) دەست و دامێن پاكی.

٧ـ (القناعه) ڕازی بوون بە پێدانی خوا.

٨ ـ (الرّحمة) بەزەیی.

٩ ـ (الحياء والأدب) شەرم و ئەدەب .

١٠ـ (محبّة النّاس) خۆشەویستی خەڵك .

١١ ـ (الشجاعة) ئازایی .

١٢ ـ (الثّقة) متمانە پێ كردن .

١٣ ـ(الحلم) نەرم و نیانی.

١٤ ـ (العفو) لێبوردن .

١٥ ـ (صلة الرّحم) گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی.

١٦ ـ(السعی للخیر) هەوڵدان بۆ چاکە.

١٧ ـ (شکر النّعمة) پێزانینی نیعمەت.

١٨ـ (نکران الذّات والإیثار) خۆنەویستی و پێشخستنی خەڵك.

١٩ ـ (الوفاء) وەفاداری واتە: ڕەچاوکردن و چاکە دانەوە

.

بەڵام سیفەتە خراپەکانی کە پێویستە لێی دوورکەوێتەوە ئەمانەن:

١ـ (الحسد) حەسوودی.

٢ـ (الرّیاء والنّفاق) خۆپیشاندان و دووڕویی.

٣ ـ (الکبر) خۆبەگەورە زانین.

٤ـ(العجب) ڕاەخۆبوون.

٥ ـ (الغرور) مەغروری.

٦ـ البخل (ڕەزیلی) .

٧ ـ الکذب (درۆ) .

٨ ـ خيانة الأمانة(نەپاراستنی ئەمانەت) .

٩ ـ (التكالب على المال أو الجاه) حەبرە بردن بۆ مالّو پلەی کۆمەلّایەتی.

١٠ ـ (القسوة) دلّڕەقیو توندی.

١١ ـ (الوقاحة) ڕوو چڕیو بێ ئابڕوویی.

١٢ـ (كراهيّة النّاس) ڕق لە خەلّك بوونەوە.

١٣ ـ (الجبن) ترسەنۆکی.

١٤ ـ (عدم الثّقة) متمانە پێ نەکرن .

١٥ـ(الغضب) تورەیی یا ڕق.

١٦ ـ (الإنتقام) تۆلّەسەندنەوە.

١٧ ـ (قطع الرّحم) پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی.

١٨ ـ (النّميمة) قسە هێنانو بردن لەنێوان خەلّکاندا.

١٩ـ (كفران النّعمة) داپۆشتنی یا بەرچاو نەبونی چاکەی خوا یا خەلّکان.

٢٠ ـ (حبّ الذّات) خۆ خۆش ویستن.

ئەمەی ڕابرد لەو ڕەفتارو کاروو ڕەوشتانەی پێویستە هەیبێو لەوانەی پێویستە لێی دوورکەوێتەوە دیار ترین سیفەتەکانی تەصەووفی میانڕەوو پێویستەکانیەتی. کە

لەگەڵ شەریعەتدا ڕێکەو لە لایەنی داواکاریان پێچەوانەی نیە، هەموو ئەو کارو ڕەوشتانەش بەڵگەی شەرعی لەسەر هەیە باسکردنو تۆمار کردنی بەڵگەکان زۆر درێژەی دەداتێ، ناوەرۆکەکەشی زۆر ڕاکێشی موسڵمانو خوێنەرە بۆ ئەم دیاردەیە کە پێی خۆشە پێی هەڵسێ، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئیسلامدا تەنیا لایەنی ڕوحیان پێخۆشەو دەیانەوێ تیایدا بەرز ببنەوە، بایەخ بە لایەکانی کۆمەڵایەتیو ژیان نادەن .

وەک دەبینی کە گشت ئەو سیفەتانەی تەصەووف شتێکی تاکی سنورداراە، یا دروونێو پەروەردەییە، دوورە لە لایەنەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیو بانگخوازی گشتی بۆ ئیسلامێکی بەرنامەیی گشتی، کە لە هەمان کاتدا دینو دەوڵەتە، ئەمەش وا لە موسڵمان دەکات لە بازنەیێکی لاپەڕدا بژێین وەک ڕاهیبەکانی ئایینەکانی پێشوو، هیچ کارێکی بە ڕووداوەکانی دەوراو پشتیاندا نەبێ نە بە ئەرینی نەبە نەرینی.

هەر بۆیەش دەبینین گشت ڕامیارەکانی بێ ئاییینی (عەلمانی) پشگیری ئەم جۆرە تەصەووفە دەکەنو هانیان

دەدەن بۆ پابەند بوون بە بیرۆکەکەیان، چونکە هیچ مەترسی لەسەر ڕامیاریو حوکمڕانی ستەمکاریان نیە.

صۆفییەتی (شەرعی) ڕاست:

ئەوەی ڕاستی بێ دوور لە فەلسەفەو ئەملاو ئەولا تەصەووف لە ڕاستەقینەدا دینداریە ، ناویان ناوە تەصەووف، جابۆ ئەوەی موریدی صۆفی ببێتە پیاو چاکو دڵسۆز بێ بۆ خوای پەروەردگار، پێویستە دینداری بەقوڵی بکات، واتە: ڕەفتارو خوو ڕوشتی باش هەڵگرێو هەڵسوکەوتی پەسند بێت، لەهەمان کاتیشدا دوور کەوێتەوە لە سیفەتەکانی خراپو کارەکانی گوناهو بێڕێز، بە ڕێگەی هەوڵدانی زۆرو ڕێگرتن لە کارلێکردنی شەیتانو هەوای نەفس، وەرزش کردنو سلوك کێشان واتە: خۆ ڕاهینان لەسەر سیفەتەکانی چاکو ڕەوشتی باشو کردەوەی پەسندو پەرستنو تەوحیدی خوا.

ئەمە کرۆکو ناوەرۆکی تەصەووفی ڕاستییە کە دەگەڕێتەوە سەر بنەماکانی شەریعەتو پابەند بوونە پێی، بانگخوازیە بۆ دینداریو فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە

کە زۆر لە ئایەتو حەدیسەکانی پێغەمبەردا ﷺ ڕێنمایی پێ کراوە، دەبێ ڕاهێنانی لەسەر بکاتو ئارامی لەسەر هەبێ هەتا دەبێتە خووێکی چەسپاوو نەگۆر، مەبەستو نیازیشی تەنیا ڕەزامەندی خوا بێ، دوور لە خواستەکانی دونیاو ئارەزووەکانی نەفسو کاریگەری خشەخشی شەیتان لە ناو دڵو دەروون .

باسی چوارەم
چەند سەرپێچی کردنێکی تەصەووفی میانڕەو بۆ شەریعەت

ئەگەر چی وەکو دەرکەوت ئەم جۆرە تەصەووفە میانڕەوو نزیکە لە پابەند بوون بە شەریعەتی ئیسلام زۆر بەڵگەی شەرعیان لەسەر هەیە، بەڵام هەروەك لە پێشدا دیارکرا کە لەبەر ئەوەی تەصووف ڕێساو یاساییکی دیارکراوی نیە، بۆیە بواریکی سانایە بۆ لاپەڕیو گرانسازی، هەر وەك دیارە ئەم جۆرە دیاردەیە لە لایەنی کردەوەییدا چەند بیرۆکەو ڕەفتاری وایان لێ ڕووەدا کە شەرع نایگرێتەوەو شیوەی گرانخوازەکانە وەك لەم خاڵانەی دادێت دەردەکەوێ:

یەکەم: زۆر جار وایە پێهەڵساوەکانی ئەم جۆرە تەصەووفەش ناتوانن میانڕەویەکەیان بپارێزن، جا تووشی گرانسازی دەبن، بۆیە دەبینین ئەوانیش باسی

فەنا فی اللەو ئیشراق‌و زانستی باتینی‌و بێباکی بەرامبەر بە زانستەکانی شەریعەت نیشان دەدەن‌و پێی دەڵێن زانستەکانی زاهیری واتە: ئاشکرایی! ئەمەش هەر قسەی گرانخوازەکانە، بۆیە هەندێکیان داوا لە مریدەکانیان دەکەن کە گوێگری زانایانی شەریعەت نەبن‌و بە قسەی مامۆستایانی ئایینی واتە: (مەلایەکان) نەکەن، بە گومانی خۆیان کە ئەمانە زانستی باتینی‌و ڕاستەقینە نازانن. ئەمەش ترسناکێکی گومڕایی لێ ڕەچاو دەکرێ .

دووەم: دەڵێن: شێخی تەصەووف خاوەن زانینی خواییە، جا ئەوەی دەیەوێ خوا بناسێ دەبێ لە شێخدا فەنای ببێ، ئەگەر لە شێخەکەیدا فەنا بوو ئەوا دەیگەیێنێتە پێغەمبەر ﷺ، ئەگەر لە پێغەمبەریشدا ﷺ فەنای بوو دەگاتە حەزرەتی خوایی[1]، هەر ئەمەشە واتە: بیرۆکەی (فەنا فی اللە) کە گرانخوازەکان‌و صۆفییەکانی پێشی ئیسلام داوایان کردووە.

---

[1]) السيد النبهان ـ هشام عبد الكريم الآلوسي ـ ص٣٠٠.

سێیەم: شێخەکانیان بەخەڵکی دەڵێن: ئەوەی تەریقەت لەسەر دەستیان وەربگری بە پێنج خولەك ئەیگەیێنیتە خوا[1]، ئەمەش جگە لەوەی کە داوایەکی بێ بەڵگەیە خۆ بەباش زانینێکە کە خوا نەهی لێ کردووە، وەك خوا لە سووڕەتی نەجمدا دەفەرموێ : ﴿ فَلَا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى (٣٢)﴾. واتە: خۆتان بە پاك ناو نەبەن ، تەنیا خوا زاناترە بەوانەی تەقوای خوا دەکەنو پاکن .

چونکە هەر تەنیا خوا بەباشزانینو پاکی بەندەکانی دەزانیو تەنیا کارو زانستی ئەوە، وەك لە سووڕەتی نیسادا فەرموویەتی: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنْفُسَهُمْ بَلِ اللَّهُ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا (٤٩)﴾ . واتە: ئایا ئەوانەت نەدیوە کە خۆیان بە پاك و پیاو چاك دەزانن، وا نیە، تەنیا خوا پاك ناسە و بەقەدەر داوی ناو دەنکە قەسپێك ستەمیان لێ ناکرێ .

بەڵێ یەکێك لە بێدینی تۆبە بکاو ببێتە دیندار یا لە کوفرەوە بێتە ناو ئیسلام، نەك بە پێنج خولەك، بەڵکو

---

١) المصدر نفسه والصفحة نفسها .

هەر یەکسەر پەیوەندی پاست لەگەڵ خوا دەبێت، نەك دەگاتـە خـوا، چـونکە گەییشـتنە خـوا بـەم شـێوەیە مەحاڵە.

چوارەم: وا ئیددیعا دەکەن کە پێغەمبەر ﷺ نەك هەر لـە خەونـدا بـەڵکو لـە کـاتی هوشیاریشـدا دەیبیـنن‌و یـەك چـرکە لێیـان ون نابێـت، هەمیشـە لێیـان جـودا نابێتـەوە[1]. ئەمـەش جگـە لـەوەی هـیچ بەڵگـەیێکی شەرعی یا واقیعی هەستپێکراویان لەسەر ئەمـەدا نیـە، تەنیا خۆپەسند کردن‌و خـۆ بـەپاك زانینێکـی (تزکیـە) وای تێدایە کە دروست نیە، وەك لە پێشدا دیارکرا.

پێنجەم: وا ئیدیعا دەکـەن کـە پێغەمبـەر ﷺ نـەمردووە، بەڵام گواستراوەتەوە لای خوا، هـەروەها پێغەمبـەر ﷺ ڕواڵەتێکە لـە ڕواڵەتـەکانی خـوا[2]. ئەمـەش ترسـناکی هـەمان بـاوەڕی نەسـرانیەکان بـە عیسـایە علیه السلام کـە بەخوایان داناوە وای لێ دەبینرێ .

---

١) المصدر نفسه .

٢) المصدر نفسه .

شەشەم: دەڵێن ڕاستەقینەی موحوممەدی ﷺ یەکە، بەڵام لەهەر سەردەمێکدا بە وێنەی کەسێك دەردەکەوێ[1]،ئەمەش ترسناکی باوەڕ بە بەردەوامی پێغەمبەرایەتی پاش پێغەمبەری ئیسلام لە کەسانی تر لێ پەیدا دەبێ هەروەکو چینێك لە گومڕاکانی ئەم سەردەمەمان ئیددیعای دەکەن وەك بابی‌و بەهاییەکان .

حەوتەم: وا تیدەگەن کە شێخی تەریقەت لەهەمان کاتدا دەتوانێ لە چەند وڵاتو جێکەییکی ژماردراو ئامادە ببێ، هەروەك ئەگەر مرۆڤێك چل ئاوێنەی لە دەوراوپشتی خۆیا دابنێ، لەیەك کاتدا وێنەکەی لەهەر چل ئاوێنەکاندا هەیە[2]. ئەمەش جۆرە گومراکرنێکی تێدایە، چونکە تەنیا خۆی خودی خۆیەتی، وێنەکان گشتی وێنەن‌و خودی خۆی نین، بۆیە ئەگەر گولە لە گشت وێنەکانی بدەی خۆی هیچی لێنایێ، هەروەك وێنەی کەسێك بدڕێنی خۆی هیچی لێنایێ، کەوابوو

---

١) المصدر نفسه .

٢) المصدر نفسه .

ئەم قسەیە کە یەک کەس لەهەمان کاتدا لە چەند جێگەیێکی ژمیردراو بێ درۆو گومڕاییە.

هەشتەم: لە کوردستانی خۆمانا وا بڵاوە دەڵێن هەر موریدێکی کە دەمرێ شێخ دەچێ لەجیاتی موریدەکەی وەڵامی فریشتەکانی ناو قەبر دەداتەوە، ئەمەش درۆیێکی زەقەو خەڵك فریواندنە، چونکە ئایا شێخ خۆی کەمرد ئایا وەڵامی خۆی پێ دەدرێتەوە هەتا وەڵامی خەڵکی تری پێ بدرێتەوە؟ ئەم قسەیە لە هیچ قاموسێکی شەرعیدا نیەو درۆیە، چونکە خوا لە سووڕەتی موددەثیر فەرمویەتی: ﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ﴿٣٨﴾﴾ هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە حەدیسێکدا دیار دەکا کە هەرکەسە پرسیاری لێ دەکرێ و ئیماندار خۆی بۆ خۆی وەڵام دەداتەوە بێ ئیمانیش ناتوانێو سزا دەدرێ عن أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قال:(قال رسول اللَّهِ ﷺ : إذا قُبِرَ الْمَيِّتُ أو قال أحدكم، أَتَاهُ مَلَكَانِ أَسْوَدَانِ أَزْرَقَانِ يُقَالُ لِأَحَدِهِمَا الْمُنْكَرُ وَالْآخَرُ النَّكِيرُ، فَيَقُولَانِ ما كُنْتَ تَقُولُ فِي هذا الرَّجُلِ؟

فيقول: ما كان يقول هو عبد اللَّهِ وَرَسُولُهُ أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إلا الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، فَيَقُولَانِ قد كنا نَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُولُ هذا، ثُمَّ يُفْسَحُ له فى قَبْرِهِ سَبْعُونَ ذِرَاعًا فى سَبْعِينَ، ثُمَّ يُنَوَّرُ له فيه، ثُمَّ يُقَالُ له نَمْ، فيقول أَرْجِعُ إلى أَهْلِى فَأُخْبِرُهُمْ ،فَيَقُولَانِ نَمْ كَنَوْمَةِ الْعَرُوسِ الذى لَا يُوقِظُهُ إلّا أَحَبُّ أَهْلِهِ إليه حتّى يَبْعَثُهُ الله من مَضْجَعِهِ، ذلك وَإِنْ كان مُنَافِقًا قال سمعت النّاس يَقُولُونَ فقلت مثله لَا أَدْرِى، فَيَقُولَانِ قد كنا نَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُولُ ذلك، فَيُقَالُ لِلْأَرْضِ الْتَئِمِى عليه فَتَلْتَئِمُ عليه فَتَخْتَلِفُ فيها أَضْلَاعُهُ فلا يَزَالُ فيها مُعَذَّبًا حتّى يَبْعَثَهُ الله من مَضْجَعِهِ)[1] .

کە مالّمان لە بەغدا بوو، جارێك مەلایێکی کورد مێوانمان بوو کە موریدی شێخێك بوو، لەکاتێکدا کە نانی نیوەڕۆمان دەخوارد، مەلایەکە بۆ باوکمی گێڕاوە

١) سنن الترمذي ج٣/ص٣٨٣ . الحديث رقم ١٠٧١ .

وتی: جارێك له خزمەت شێخدا بوین، پیاوێك هاتە لای شێخو دەستی ماچ کردو لەتەك منـدا دانیشت، شێخیش بە خێرهاتنی کردو چاکو خۆشی لێ کرد، پاشان فەرمووی باوکت چۆنە؟ کابرا وتی: قوربان باوکم لەپارەوە فەوتی کردووە[1]، ئیتر شێخیش فەرمووی ئێ خوا لێی خۆش بێ و دوعای بۆکرد، بەڵام هەستم کرد کابراکە زۆر تێك چوو ، داماو غەمبار بوو، منیش لێم پرسی ئەوە بۆ وا دامایو تێك چوی، وتی: چۆن تێك نەچم، من هەموو سااڵێ کاوڕ وبزن بۆ شێخ ئەهێنم هەتا وەڵامی قەبرمان بۆ بداتەوە، کەچی ئەوە سااڵێکە باوکم مردووەو شێخ هەر ئاگادار نییە کە مردووە، ئیتر باوکم ئێستا چوەتە جەهەننەم، منیش - واتە: مەلاکە - وتم کاکە نیگەران مەبە چونکە تۆ نازانی، کەوا شێخ فەنا فی اللە یەو شتی لە بیر نامێنێ! لەکاتی خۆیدا زانیویەتیو چوەتە لای باوکتو وەڵامی قەبری بۆ داوەتەوەو پزگاری کردووە، بەڵام لەبیری

---

١) واتە: وەفاتی کردووە مردووە ، ئەمە زاراوەی کابراکە بوو وەك خۆی نوسیومەتەوە.

نەماوە، بۆیە وای پرسی، کابرا وتی: چما وایە؟ وتم: بەڵێ وایە، ئیتر هاتەوە سەرخۆی‌و کەیفی خۆش بوەوە!

ئەلێرەدا باوکم خوا لێی خۆشبێ فەرمووی: چۆن؟ ئەوهات پێ وت؟، وتی بەڵێ، جا لێرەدا باوکم تورە بوو فەرمووی: بەخوا تۆ (ضالّ و مضلّ)ی واتە: گومڕاو گومراکەری، کورە تۆ شەرم ناکەی، لەخوا ناترسی؟ چۆن درۆی وا بۆ شێخ دەکەی‌و خۆت دەکەیە ناو دۆزەخ بۆ شێخ، شێخ چ کەڵکێکت بۆ دەدات؟ تۆ بەم جۆرە دینی ئیسلام بۆ خاتری شێخ تێك بدەی. چەند قسەی تری بۆ کرد!، مەلایەکە زۆر بەسەر خۆیدا شکاوەو وتی: مامۆستا گیان بەخوا فەرمودەکەت ڕاستە، بەڵام من ئەگەر وانەکەم ناڕۆیم، چونکە کە بەڕێی منەوە سێ کاوڕ بۆ شێخ دێت یەکێکیان بۆخۆم دەگێڕمەوەو دوانیش بۆ شێخ دەبەم!!! ئەگەر موریدایەتی ئەویش نەکەم لە ناوچەکە دەرم دەکات!

نۆیەم: دەڵێن خەڵکی دۆزەخ ئازار ناکێشن چونکە لە ئەنجامی زۆر سوتاندا وایان لێدێ کە سروشتیان ببێتە ئاگری! ئیتر تام لە ئاگرەکە وەردەگرن لەباتی ئازار، چونکە لە سروشتدا دەبنە وەکو یەک[1] .

ئەمەش بۆچوونێکی زۆر تێکدەرە، چونکە دەبێتە هاندەری خەڵکانێك بۆ گوناهو تاوانو نەترسی لە سزای خوا .

دەیەم: لە جیاتی خەڵکان بە خواوە بەستنەوە و بیکەنە بەندەی خوا بە شێخیەوە دەبەستەنەوەو بەشێوەیێکی کۆرەیی ئەگەر شێخ گوناهیش بکا بە حەڵالی بزانن بۆی بپۆشن، بۆیە دەڵێن ڕەوشتەکانی مورید بەرامبەر بە شێخ دەبێ بەم جۆرە بێ کە لە خوارەوەدا تۆماریان دەکەم لە ناو کەوانەکانداو قسەی خۆمیشی لەسەردا دەکەم:

١ـ دەبێ (دڵی شێخ بپارێزێ!) دڵ پاریزی گشت کەس بە واتەی ئاسایی‌و چاکە خێرە، بەڵام بە واتەی شەرعی ئایا دەبێ دڵی شێخ بپارێزین یا لایەنی خوا؟

---

١) فتح الباري لابن حجر العسقلاني ١١|٤٢١ .

٢ــ پێویستە (مل کەچ بێ بۆ شێخ و منالّەکانیو خزمەکانی!) کەچی مل کەچ بوون تەنیا بۆ خوایە نەك بۆ بەندە، باشە ئەگەر بڵێین شێخ قەیناکا ئەگەر داوای پابەند بوون بە شەرع لە موریدەکانی بکا، منالّو خزمەکانی بۆ؟ کە لەوانەیە نوێژ نەکەرو مەی خۆرەوەو تاوانباریان تیادا بێ؟ کە بە چاوی خۆمان زۆری وامان دیوە.

٣ـ (لەسەرپێ وەستان بۆ خزمەتی شێخ!) کەچی دەبێ لەسەر پێ بوەستین بۆ گوێڕایەڵی خوا. نەك بۆ بەندەکان. چونکە پێغەمبەر ﷺ نەهی لە سەر پێ وەستان بۆ خۆی کرد ، کە بۆی هەڵسان فەرموی: (لاَ تَقُومُوا كَمَا تَقُومُ الأَعَاجِمُ يُعَظِّمُ بَعْضُهَا بَعْضًا)[1] . واتە: بۆم مەوەستن هەروەك عەجەمەکان بۆ یەك دەوەستن یەکتری زۆر بە زڵ دەزانن . لە ڕیوایتێکی تردا هاتووە لە ئەبو ئومامەوە دەفەرمێ : (خرج علينا رسول الله ﷺ فقمنا له فقال: لا تقوموا لى

١) سنن أبي داود ٢/٧٧٩ الحديث رقم ٥٢٣٠.

كما يقوم اليهود)[1] واتە: پێغەمبەر ﷺ هاتە لامان ئێمەش هەستاینە پێوە ، فەرمووی: بۆم هلّمەستن وەکو جولەکەکان هەلّدەستن .

٤ ـ (گوێڕایەلی گشت فەرمانەکانی هەموویی‌و تاکی شێخ بێت!) ئەدی ئەگەر شێخ هەلّە بوو ؟ خۆ پێغەمبەر نییە مەعصوم بێت!، کۆی زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە جگە لە پێغەمبەر ﷺ هیچ کەسێك مەعصوم نیەو هەموو مرۆڤێك شایەنی هەلّەو گوناهە .

٥ ـ دەبێ (پەیوەندی دلّی بەشێخ ببەستێ!) کەچی خواو پێغەمبەر فەرمانمان پێدەکەن کە دلّ بە خواوە بەستین نەك بە غەیری خوا .

٦ ـ (شەخسی شێخ لە ناو دلّیدا هەمیشە ئامادە بکا بۆ گشت کارێکی گرنگ!) ئەمە شیرکە چونکە دەبێ خوا لە دلّماندا ئامادەبکەین بۆ یارمەتی دان لەکارەکانمان نەك بەندەکان، جا هەرکەسێك بێ .

بەلّی یارمەتیدانی ئاسایی وەك کار لەگەلّدا کردن‌و یا یارمەتی ماددی‌و دارایی‌و ئەم جۆرە شتە دونیاییانە

---

١) مسند الروياني ٣١٣/٢ الحديث رقم ١٢٧١.

دروستەو خێرە، بەڵام یارمەتیدانی غەیبی تایبەتمەندی خوایەو لە توانای کەسدا نیەو کەس نایتوانێ .

٧ ـ دەبێ (داوای یارمەتی لە هیمەتی شێخ بکات!) ئەمەش شیرکە، چونکە بە دەقەکانی قورئانو سونەت دەبێ داوای یارمەتی تەنیا لە خوا بکەین نەك لە بەندە، جا هەرکەسێك بێ . هەروەك لە سووڕەتی فاتیحەدا دەفەرمێ ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥ ﴾ کە ڕۆژێ لای کەمی حەفدە جار لە نوێژدا دەیخوێنینەوە . واتە: خوایە تەنیا تۆ دەپەرستینو داوای یارمەتی تەنیا لە تۆ داوا دەکەین .

٨ ـ (لەشێخدا ون ببێت!) کەچی کەس لەکەسدا ون نابێت ئەمە هەر تەنیا وەکو لە پێشدا دەرکەوت مەبەستێکی فەلسەفی ئەفسانەییە .

٩ ـ (لەگەڵیدا بێت هیچ کاتێك لێی سارد نەبێتەوە!) کەچی دەبێ لەگەڵ خوا بین نەك لەگەڵ غەیری خوا بە واتەی غەیبی، بەڵام بە واتەی ئاسایی دروستە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بین بۆ کاری باشو پێکەوە ژیانو

چاکە نواندن؟

١٠ ـ هەر عەیبێکت لە شێخدا دیت پەخنەی لێ نەگرێت، چونکە لەوانەیە هەندێ شتی دروست لە شێخدا پوو بدات موریدەکە نەزانێ دروستە. بۆیە وەکو بەڵگە دەڵێن جارێك موریدێك لە پڕەوە چووە ژوورەکەی شێخەکەی بینی شێخەکەی گەمە لەگەڵ ژنێك دەکاتو ماچی دەکاتو کاری سەر جیێی لەگەڵدا دەکات، کەوای دیت ئارامی نەگرت زوو پەخنەی لێ گرت، بۆیە بە هۆی ئەوەوە هەر لەو کاتەدا خێرا گشت ئەو زانیاریو پێگانەی لە شێخەکەی وەرگرتبوو گشتی لێ وەرگیراوەو وفەوتاو لای نەما. چونکە وا دەرکەوت کە شێخەکەی لەگەڵ ژنەکەی واتەخێزانی خۆی بوو![1] ئەمەیان بۆ خوێنەر بەجێدێڵم بڕیاری لەسەردا بدات.

١) الكشف عن حقيقة الصوفية ١|١٠٨ .

واقیعی تەسەووفی ئەم سەردەمەمان

ئەم بە شە لە دوو باس پێك هاتووە : یەکەمیان هەڵسەنگاندنی واقیعی تەسەووفی سەردەمی دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی ئیسلامی لە سەدەی نۆزدەمو بیستەمی زایینی هەتا ئێستا ، دووەمیان تۆمار کردنی چەند ڕێبازێکی تەسەووف لە جیهانی ئەم سەردەمەماندا .

باسی یەکەم

هەڵسەنگاندنی تەصەووفی ئەم سەردەمەمان

وەك دەركەوت كە تەریقەتەكانی پێش ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانیو هی پێشوو لەگەڵ ئەو كەمو كورتیانەی هەیان بووە، هەتا ڕادەیێك دڵسۆز بوینەو پابەند بوینە بە شەریعەتو زانستەكانی ئیسلامی بە تایبەتی قورئانو سوننەتو چوار مەزهەبەكانی فیقهی بە تایبەتی نەقشبەندیەكان، چونكە لەگەڵ خانەقا مەلاو فەقێومەدرسەی زانستیان هەبوە. بەڵام ئەگەر تەماشای تەصووفی ئەو خەڵكەی ئێستای بەرچاومانە بكەین كەداوای تەصەووف دەكەن لەم سەردەمەدا واتە: لە سەدەی بیستەمو بیستو یەكەمی زایینی، دەبینین زۆرینەیان زۆر دوورن لە شەریعەتی خواو ڕاستەقینەی صۆفییەتی، زۆریش نامۆنە بەرامبەر بە ئیسلامو دینداری ڕاستو هەروەها شارستانیەتی.

ئەمەش بە هۆی داگیر کردنی ولاتانی ئیسلام لەلایەن بریتانیاو هاوپەیمانەکانی لەسەرەتای سەدەی بیستەمداو هەستانیان بە کۆنترۆل کردنی ئەم دیاردەیە لەلایەن حکومەتەکانی بەکرێگیراوی دەولەتە ئیمپریالیزمەکان، بۆ نەهێشتنی ترسناکی لە بەرگریکردنی ولاتانی ئیسلام لەدژی ئیمپریالیزمی داگیرکەرو کزکردنەوەی بەرگری کردنی ئیسلامی بەرامبەر بە کوفرو داگیرکردنی داگیرکەرەکان.

وەك لەم خالانە دەردەکەوێ:

١- لەبەر ئەوەی تەصەووف پابەند نییە بە مەرجو پێگەو بنەماو رێسایێکی ئوصولی، خزانی بۆ دەرەوەی سنووری ئیسلام زۆر لە گوینە، وەك دەبینین چەند تاقمێك لە رێی تەصەووفا گومڕابوونو ئایینێکی تریان بۆ خۆ دروست کرد، وەك کاکەیی و یەزیدی بابی و بەهایی و هی تر لە تاقمەکانی باتینی، کە ئەمانە لە سەرەتادا موسڵمان بوونو تەصەووفیان بەکار دەهێنا، بەرێی گرانخوازیو دروستکر کردنی بیدعەو شەخص پەرستیو کاری وا کە ناگەڕێتەوە سەر بنەماو رێگاکانی شەریعەت، بەرە بەرە دوور

کەوتنەوە، هەتا وایان لێهات ئێستا هەندێکیان کە لە پێشدا موسڵمان بون، وەك یەزیدیو کاکەیی بەڵام ئێستا خۆیان بە موسڵمان نازانن و خۆیان بە خەڵکی ئایینێکی تر دادەنێن و بە نا ئیسلام ناویان دەبردرێ .

٣ــ زۆرینەی ئەو کەسانەی کە بە شێخی تەصەووف ناسران و ناویان کردووە واتە: زۆر بەناو بانگ بووینە بەتایبەتی لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، واتە: پاش داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلام لەلایەن ئینگلیزو هاوپەیمانەکانی، پاشان ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، ئەو سیفاتانەی پێویستە صۆفی هەیبێ وەك دونیا نەویستیو پازی بوون بە ژیانی کەمو بێ دەرامەتیو خۆ بە بەرز نەزانینو توانەوە لەناو پەرستنی خواو دینداری ...هیتری لەم جۆرە تیایاندا نەبینراوەو نەبوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە گشتیان لە دیارو بەناوبانگەکان هەوڵی بەناوبانگیو دەڵەمەندیو سامانداریەتیان داوەو هەمیشە ئەم هەوڵە دەیدەن. زۆریان هەروەکو ئاغاکانی دونیا پەروەرو خاوەن سامانو زەوی فراوان وگوندەهای گوند بوون، کەشخە

بـە دەوڵەمەنـدی و شـتی گـران بـەهاو بـەم دواییـە تۆمبێلـی دوا مۆدێـل نرخگـرانو قەسـرو کۆشـکی گەورەو باخچەو ئـەم جـۆرە شتانە لێدەدەن، جـا بـە حـەڵالی پەیـدایان کردبـێ یـا بـە حـەڕامی، وەکـو پاشاکانو ئاغاکان خۆیان بە گـەورەو بـەرزتر لەخـەڵک دەزانـنو داوای سـەر بۆدانوانـدنو دەسـت ماچـکردنو جۆرەها ئەتەکێتەکانی بەرزیو زلی خۆیان لێ دەکەن، جگە لە فیزلێدانو خود پەرستیو خۆ بەگەورە زانـینو خـەڵک بەکـەم زانـین کـە گشـتی پێچـەوانەی ئایـەتو حەدیسو ڕێنمایەکانی ئیسـلامە. هـەروەها پێچـەوانەی ڕێنماییەکانی تەصەووفیشە کە ئیددیعای دەکەن .

٣ــ زۆرینـەیان بـە تایبـەتی ئەوانـەی موریـدیان زۆرەو خەڵکیان لـە دوایـە لەگـەڵ حکومەتـەکانی سـتەمکاری سەردەم ڕێك دەکەونو یارمـەتیان دەدەن لەگـەڵ ئـەو هەموو زۆرو زۆرداریـیەی لێیـان ڕووەدا، لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا لەگـەڵ حکومەتـەکانی ئیمپریـالی وەك ئینگلیـزو هاوپەیمانـەکانی دابـوون، پاشـانیش لەگـەڵ ئـەو حکومەتانـەی نۆکـەری ئـەوانن بـا لەسـەر

بەرنامـــەی دژ بـــە ئـــایینو ئیســـلامیش بـــن، وەك عەلمانییەتو سەرمایەداریو ئیشتیراکی و...هی تر.

لەو کاتەی کە لـە بەغدا لـە کۆلێجی شـەریعەدا بـووم قوتابیـە شیشـانیەکان پێیـان گـوتم: صـۆفیگەرەکانو شێخەکانیان سیخوڕی لەسەر موسڵمانەکان دەکەن بـۆ ســەرۆکی ڕوســیا پــۆتینی مولحیــد، ئــەوان بــوون زانیاریان بە ڕوسیادا کە بوە هۆی کوشـتنی بـۆداییفی سەرکردەیان .

هـەر بۆیـەش دەبینین گشت حکومەتـەکانی عـەلمانی یارمــەتیان دەدەنو تەکیەوخانــەقایان بــۆ دروســت دەکەن

ڕێشــیان پێــدەدەن بیرۆکــەو داواکاریــەکانیان بــڵاو بکەنـەوە پـەرەی پـێ ببەسـتن، لـەکاتێکا کـە هـەمان حکومەتـەکان دژی زانایـانی دڵسـۆزو بانگخوازەکـانی ئاییـنی بەسوودو ڕاستەقینەی ئـاییـنی ڕاستو دروست دەوەستن .

بۆیـە ئـەم جـۆرە کەسـانە صـۆفی نـین، بـەڵکو بـەدرۆ خۆیان بە صۆفی دادەنێنو شێخی تەریقەت نین، بـەڵکو

شەیدای دونیا پەرستیو ئارەزوو دارین، بە ناحەق ئیدیعای ئەم جۆرە سیفەتانە دەکەنو واش نین، ئەمانە گوناهبارن وەك خوا لەسووڕەتی صەفدا دەفەرموی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ۝٢ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ۝٣﴾. واتە: ئەی ئیماندارانبۆ شتی وا دەڵێن کە کاری پێ ناکەن ، گوناهێکی زۆر گەورەیە کە شتێك بڵێنو نەیکەن، هەروەها لە سورەی ئالی عیمڕاندا فەرموویەتی﴿ لَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡرَحُونَ بِمَآ أَتَواْ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحۡمَدُواْ بِمَا لَمۡ يَفۡعَلُواْ فَلَا تَحۡسَبَنَّهُم بِمَفَازَةٖ مِّنَ ٱلۡعَذَابِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ۝١٨٨﴾ واتە: ئەوکەسانەی دڵیان خۆشە بەو کارە ناشەرعیانەی ئەیکەنو بە دیندار خۆیان پیشان دەدەن، وایان پێ خۆشە پێناسەو سوپاسیان بکرێ لەسەر کاری چاك کە نەیان کردووە، وا مەژمێرە کە ئەوانە دوورن لە سزا، ئەوانە ئازاری زۆریان بۆ ئامادە کراوە، واتە: لە دۆزەخدا.

٤ ـ هەروەك دیارو ئاشكارایە زانایەتی و دینداری هیچ كامیان لە كەسەوە بۆ كەس نابێتە میرات، بەشەرع و بە یاساو بە واقیع بە میرات ناگیرێ، چونكە نە داراییەو نە مافێكی دارایی، بەڵكو سیفەتێكی كەساتیە بە هەوڵو دەسكەوت كردنی خاوەنەكەی دەست دەكەوێ، كوڕی پزیشك بە میرات نابێتە پزیشك، ئەگەر نەچێتە كۆلێجی پزیشكی تەواوی نەكات، كوڕی ئەندازیار بە میرات نابێتە ئەندازیار ئەگەر كۆلێجی ئەندازیاری تەواو نەكات ... هەروەها لە گشت زانستەكانی تریش هەر وایە، بۆیە نابێ كوڕی مەلا بە میرات ببێتە مەلا ئەگەر زانستەكانی ئیسلامی لە مزگەوت یا لە كۆلێج یا لەهەر دەزگایەكی خوێندنی باوەڕپێكراوی نەخوێندبێ، واتە: بە میرات جێگەی باوكی ناگرێتەوە، چونكە خەڵك گومڕا دەكاتو دونیا وێران دەكات.

هەروەها دینداریش بە میرات وەرناگیرێ، چونكە ئەویش دەسكەوتە، بە ڕێی هەڵسان بە كارەكانی

پەرستنو کارو کردەوەکانی ئیسلامی لەسەر بنەماکانو زانستەکانی شەرعی.

کەوابوو شێخی تەریقەت دەبێ زانا بێو بە کارو کردەوەو پەوشت دیندار بێ، هەروەها زانای شەریعەتیش دەبێ بە پاستی زانا بێتو بە کارو کردەوەو پەوشت دیندار بێ، هیچ کامیان لەویتر جیا ناکرێتەوە، لەبەر ئەوەی لێك جیاکردنەوەیان شێخی گومراو زانای زیندیقی لێ دەردەچێ. بۆیە دەبێ مەلا شێخ بێ و شێخیش مەلا بێ، ئەم جودا کردنەوە کاریکی پێچەوانەی ئیسلامەو بیدعەیە، لە ئیسلامدا نەبوەو نابێ ببێت. بەڵێ دەکرێ یەکێك بۆخۆی زۆر دیندار بێ لەوانەیە زۆر لەخوا نزیك بێ بە زۆر هەڵسان بە پەرستنەکانو دەست گرتن بە ڕێی ڕاستی خُوا، بەڵام ئەم جۆرە تەنیا کەڵکی خۆی دەداو جگە لەوە لەوانەیە هەندێ جار دوعای بۆ خەڵکان گیرا ببێ. بەڵام نابێ ئیددیعای شێخایەتیو بەرزی بکاتو خۆی بەسەر خەڵکاندا هەڵبکێشی یا خۆی لە لەناو خەڵکاندا بە دوعا گۆ بناسێنێ، چونکە هەمیش زانایی لەسەر

بنەمای قورئانو سونەت لە دینداری نەزان لای خوا پەسند تر ە ، وەك ئیبنو عەببا سﷺ فەرمویەتی: (فَقِيهٌ وَاحِدٌ أَشَدُّ عَلَى الشَّيْطَانِ مِنْ أَلْفِ عَابِدٍ)[1] ئەم فەرمودەیە لە پێغەمبەریش گێردراوەتەوە، بەڵام لاوازە[2]،بەڵام واتەکەی ڕاستە، چونکە زانا ئەگەر تەقوای هەبێ بە شەیتان ناخەڵەتێ ، بەڵام دینداری نەزان دەخەڵەتێ ! .

لەگەڵ ئەوەشا دینداریو زانستی ئایینی هیچ کامیان بە میراتگرتن نیەو دروست نیە، لەوانەیە مەلایێکی زۆر بەرز کوڕەکەی نەزان دەرچێو شێخیکی ناودار کوڕەکەی مەی خۆرەوەو قومار باز بێ ...

لە واقعیشدا زۆر لە کوڕە مەلاو کوڕە شێخمان دیوە بوەتە شیوعی یا عەلمانیو عارەق خۆرو قومار باز و دژی ئیسلام کار دەکا، ئێستاش زۆریان دەناسم کە هەر بەردەوامن لە هێلی شەیتانی خۆیان تۆبەیان

---

١) الفتح الكبير في ضم الزيادة إلى الجامع ٢٥٧/٢ الحديث رقم ٨١٨٦ .

٢) سنن الترمذي ٤٨/٥ الحديث رقم ٢٦٨١ ، سنن ابن ماجة ٨١/١ الحديث رقم ٢٢٢ . سنن الدارقطني ٧٩/٣ الحديث رقم ٢٩٤ .

نـەکردووە . خەفـەتیش ئەوەیـە هـەتا ئیسـتاش هـەر بەشـێخ نـاو دەبـردرێو کەمیشـیان بـە مـەلا، حـەیای باوکو باپیرانی خـۆی بـردووە. بـەڵام ئـەوەی جێگـەی داخە دەبینین لە کاتێکدا کە شێخێك دەمرێ کوڕەکەی ئەگەر چی نەزانو بێدینیش بـێ، بـا مـەی خـۆرەوەش بێـت، دێتـە جێگـەی بـاوکیو لەسـەر تـەختی پاشـایی شـێخایەتی دادەنیشـێو دەوڵـەتی تەریقـەت بـەڕێوە دەبات، کەچی زۆریش لە خەڵکان پێـی دەزانـن لەگـەڵ ئەوەشا ئینکاری ئەمە ناکەن لەبەر ئەوەی واتێدەگـەن هەروەك ئاغایەتی بە میراتە، واتە: کوڕی ئاغا جێگـەی باوکی دەگرێتەوە لە لایان شێخایەتیش وایە.

چـەند کـەس ئەناسـم وئاگاداریـانم کـە بـێ دیـنو مـەی خـۆرەوە بـوون کەچـی پـاش مردنـی باوکیـان خۆیـان کـردە شـێخو لـە جێگـەی باوکیـان دانیشـتن، هـەتا مردیش لە خواردنەوەو قومـار کـردن نەگـەڕا، لەوانـەی ماویشن هەتا ئێستا هەندێکیان لێنەگەڕاون، ئەگەر بـێ شەرعی نەبا ناوم دەهێنانو ئەلێرە تۆمارم دەکردن.

جا لەبەر ئەوەی کوڕەکە نەزانو لەخوا نەترسە هەڵدەستێ دەست پێدەکات بە دانانی بیدعەو دروست کردنی درۆو دەلەسەی وا کە دووڕە لە ئایینی ئیسلام، یا پێچەوانەی قورئانو سونەتی پێغەمبەرە ﷺ لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی کارێکی چەورەو دەوڵەمەندیو ناوداریو دونیاداریێکی زۆری تیادایە. بەخوا ئەگەر هەژاری باو ناوداریو کەشخەی خۆ بەگەورە زانینی تیادا نەبا، خزمەتی کۆمەڵگاو ماندووبوونو ڕەنجدان با، کەسیان لەجێگەی کەسیان دانەدەنیشتنو شێخایەتیان بە فلسێك نەدەکڕی.

ئەوەی سەیرە هەندێکیان پاش خانەنشینی لە کورسی فەرمانبەریەتی بەرز وەك وەزیری بێ یا پارێزەری یا بەڕێوەبەری گشتی یا..یا..کە دەبینی کەشخەو فیزی کورسیەکەی لەدەست دا جا دێتەوە قەرەبۆی دەکاتەوە بە دانیشتنی لە جێگەی باوکی تەکیە بێ یا خانەقا، جا دەست بە شێخایەتی دەکا بە بێ وەرگرتنی هیچ زانستو زانیاریێکی وا بیکاتە شاییستەی ئەم کارە، تەنیا لەبەرکردنی هەندێك زیکرو

دوعـا نـەبێ لەگـەڵ قسـەی قەڵـەو، بـۆ بـەڕێوەبردنی حەلقەی زیکرو کاری خۆی‌و خەڵەتاندنی موسڵمانان .

لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبیـنین زۆر لـە موسـڵمانان لەبـەر نەزانین‌و سادەو ساویلکەییان وادەزانن ڕاستەو پێیـان هەڵدەخەڵـەتێن‌و دەسـتیان مـاچ دەکـەن‌و داوای دوعایـان لێدەکـەن، خۆیـان بـەماڵ‌و جەسـتەوە لەخزمەتیاندا دادەنێن، لەسەر ئەو ڕێسا چـەوتەی کـە دەڵێ (کوڕی شێخ شێخە) ئەوانیش خۆشـی‌و کـەیفیان بـەخۆ دێ‌و وا تێدەگـەن وایـە، نـازانن ئـەم ئایەتـە پـیرۆزەی سـووڕەتی ئـالی عیمـران دەیانگرێتـەوە کـە دەفەرموێ: ﴿ لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَا أَتَوْا وَيُحِبُّونَ أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا فَلَا تَحْسَبَنَّهُمْ بِمَفَازَةٍ مِنَ الْعَذَابِ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (١٨٨) وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (١٨٩)﴾. واتـە: وا دامـەنێ یـا وا مـەژمێرە کـە ئـەو کەسانەی دڵخۆش دەبن بەوەی پێیـان دراوە جـا پێـی هەڵدەستن درۆ دەکەن‌و فرو فێڵـی خۆیـان دەپۆشـن‌و

خۆیان بە پیاوی چاکو ئایین پـەروەر پیشـان دەدەن، جا بەو بارە دڵخۆش دەبـنو پێیـان خۆشـە کـە پێیـان هەڵبگۆترێ بەوەی کە نەیان کردووە، وا مەژمێرە یا وا دامەنێ کـە ئەوانـە دوورن لـە ئـازار، واتـە: لـە دۆزەخ، ئازارێکی زۆر بە ئێشیان بۆ هەیە.

جا ئەم کەسانە دەگرێتەوە کە زانا نینە، پێیان خۆشە پێیان بڵێن زانایە یـا بـەزانای بـزانن، شـێخی بەڕاسـتی نییە پێی بڵێن شیخە، وەلـی نییـە بـە وەلـی تێبگـەنو ئەویش پێی خۆش بـی، دینـدار نییـە بـە دینـدار خـۆی پیشان بدا ...ئیتر بەم جۆرە.

٥ ـ تەریقـەتو شـێخو خەلیفـەو صـۆفیو موریـدەکانو سیستەمی رێکخستنیان وەکـو رێکخراوێکـی قوچـکەیی (هەڕەمی) هەر وەکـو پارتـەکانی ڕامیـاری لێهـاتوون، لەسەر بیرۆکەی تایبەتی بۆ دەستکەوتنی بەرژەوەندی تایبەتی دونیای خۆیان، بۆیە دەبینین دەمارگیریان بـۆ سیستەمەکەیان هەیە، نـاکۆکی لـە نێوانیانـدا دروسـت دەبـێ لەبـەر پێشـبڕکێ کـردن لەسـەر زۆری موریـدو بـەناوبانگیو دەوڵەمەنـدی، هـەر کەسـە دەمـارگیری

شێخ‌و شێوەی تەریقەتی خۆیەتی‌و ئەوی تر بەهەڵە دەزانێ ئەوەیان دەڵێ قادریمەو ئەوی تریان نەقشی‌و هی تر تیجانی و یەکی تر ڕوفاعی و..هتد، کە بوەتە هۆی ناڕێکی و ناکۆکی هەتا لە نێوان ئامۆزاو برازاو خزمەکانیشان لەسەر شێخایەتی نەک لەسەر صۆفییەتی، چونکە صۆفییەتی پارەو پێگەو دەوڵەمەندی تێدا نیە، هەرکەسە دەیەوێ خۆی شێخ بێت‌و ئەوی تر بەدەست‌و داری خۆی دابنێ یا صۆفی خۆی بێ، چونکە پێشبرکێیە لە سەر دونیاو دەوڵەمەندی و ناوداری و زۆری موریدە نەک لەسەر دینداری‌و خوا پەرستی، ئەگەر ڕاست دەکەن بۆ یەک ناگرن‌و پێکەوە خزمەتی ئیسلام ناکەن پێش بڕکێ ناکەن لەسەر دینداری زێدە پەرستن‌و خزمەتی ئیسلام، بەڵام حاڵیان وەکو ئەم ڕێسایەیە کە وتراوە: (بانگخوازەکانی دونیا لێک جیا دەبنەوەو بانگخوازەکانی ئایین یەک دەگرن).

٦- ئەوەی سەرنج ڕاکێشە کە ئەوانەی شێخایەتی دەکەن، خۆیان صۆفی‌و دەرویش نین‌و صۆفییەتی ناکەن‌و

بەکاری ناهێنن، بۆیە لە ئەوپەڕی نەرمو نۆڵی ژیان و چیژو تام وەرگرتن لە دونیادان، خاوە مالّو سامانی زۆرو دەوڵەمەندو دونیادارن، ئەگە صۆفییەتیو دەرویّشیو دونیا نەویستی دینە یا باشە بۆ بۆخۆیان نایکەن؟ ئەوانە دەرویّشەکانیان زەرگە لە خۆیان دەدەن بۆ شێخەکەیان بۆ خۆی ناوێرێ یا ناتوانێ لە خۆی بدات. ئەگەر پێیان بڵّی صۆفی فلاّن یا دەرویش فلاّن پێی ناخۆشەو قەبولّ ناکات، چونکە ئەم ناوانەیان بەلاوە سوکە، تەنیا دەبێ پێیان بڵّێی شیخ یا یاشێخ، چونکە لای خەڵّکان نازناوێکی بەرێزە، بە داخەوە خەڵّکە ساویلکەکەی بەدوایان دەکەوێو بە ڕاستیان تێدەگات بیر ناکەنەوەو نازانن... ئیتر خوا هیدایەتی هەموو لامان بدات!

٧ ـ زۆرینەی ئەوانەی دەبنە موریدو صۆفی دەرویّشو بەدواکەوتوانی شێخەکان لە چینی ڕەشو ڕوتو هەژارنو پیاوی باشنو وادەزانن ئەمانە شتێکیان لایە، لە بەر ساکاریو هەژاریو نا هۆشیاری ئاگاداری ڕاستیو ڕاستەقینە نینو لە نەزانی و بێئاگاداری توشی

ئەم جۆرە بارودۆخانە دەبن، تەنیا کەمێکیان نەبێ کە دەزانن و ئاگادارن، بەڵام بۆ دونیاداری بەرژەوەندی خۆیان بەدوای ئەم جۆرە کەسانە دەکەون، چونکە سوودی دونیاییان لێوەردەگرن، یا هەندێکیان بەتەمای ئەوەن کە پۆژێك بێت ئەوانیش خۆیان بکەنە شێخ و دونیای پێ بخۆن .

پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی پیاوی چاك:

بۆیە پێویستە پێوەرو تەرازووی هەڵسەنگاندنی ڕاستی ودڵسۆزی بۆ ئایین بەرامبەر بە دونیا پەرستی بزانین بۆ لێك کردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی، کە ئەمانەن:

١- دینداری و پیاو چاکی بە خوێندن و کردەوەی شەرعی و پەرستنی خواو پابەند بوونە بە حوکمەکانی شەرعی و لە خوا ترسیە، نەك بە میرات گری و دەف لێدان و هایتو هوتو کاری خۆپیشاندان و ڕواڵەتی دونیایی بێ. لەوانەیە موسڵمانێکی بن دیان یا بن جوو یا نەناسراوێك زۆر دیندارو زاناتر بێت لە وجاغدارو ڕەسەنێکی ناودارو بەناوبانگ، وەك پێغەمبەر ﷺ

فەرمویەتی: (كَمْ من أَشْعَثَ أَغْبَرَ ذِی طِمْرَیْنِ لَا یُؤْبَهُ له لو أَقْسَمَ علی اللَّهِ لَأَبَرَّهُ)[1].

واتە: چەند کەسی دژۆنو شرپو وڕو تۆزاوی، کە دوو جلی کۆن ودڕاوی لەبەردایە، بایەخی پێ نادرێ، ئەگەر سوێند بەسەر خوادا بخوا بۆی دێنێتە جێ. واتە: بە دیمەنو ناوداری نییە بەڵکو بە تەقواو دینداریێکی ڕاستە با دیاریش نەبێ.

لە ڕیوایەتێکی ترا دەفەرمێ: (رُبَّ أَشْعَثَ أَغْبَرَ مَدْفوعٌ بِالأَبْوابِ لَوْ أَقْسَمَ عَلی اللهِ لَأَبَرّهُ)[2] واتە: لە وانەیە یەکێکی شرپو تۆزاوی لەدەرگاکاندا دەر دەکرێ، ئەگەر سوێند لەسەر خوا بخوا بۆی دێنێتە جێ.

٢- نەزانو بێ زانست هەرگیز ناتوانێ خەڵك فێری ئایینو شەریعەت بکا، چونکە ئەوەی خۆی هیچی پێ نییە تیایدا موفلیسە ناتوانێ هیچ بداتە کەس وەك بە عەڕەبی دەڵێ (فاقد الشّيء لا يعطيه) .

---

١) سنن الترمذي ٦٩٢/٥ الحديث رقم ٣٨٥٤ ، وقال حديث صحيح حسن.

٢) الجمع بين الصحيحين ٣١٣/٣ الحديث رقم ٢٧٤٨ .

٣ـ هـەر کەسـێ خـۆی بـە دەسـتەلاتدارەکانی سـتەمکار ببەسـتێتەوە یارمـەتیان بـدات ئەمـە پیـاوی دونیایـەو ئاسـاییە نابـێ ئیـدیعای شـێخایەتیو پیـاو چـاکی پـێ باوەڕ بکرێ، چونکە مەحاڵـە ئـەم جـۆرە وەڵـی بێـت، خـۆ دیـارە هەڵپـە هـەڵپی خـۆ ڕەپێشـکردن بـۆ دەسـتەلاتدارانو دەسـتکەوتی دەوڵەمەنـدی یـا پلـەی حکومی ڕامیاری یا کۆمەڵایـەتیو شـتی لـەم جـۆرە بـە ڕێـی ناشـەرعی، پێچـەوانەی ڕێبـازی صـۆفییەتیو ئامۆژکاریـەکانی گشـت وەلـی و پیـاو چـاکانە، وەک ئیمـامی غـەزالیو شـێخی گـەیلانی و شـێخ مـەعروفی کـەرخی هـیتری لـەم ئاسـتانە. هـەروەها پێچـەوانە ڕێـڕەوی زانایانـە وەک ئیمـامی حەنـەفی و مالیـک و شافیعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ... بۆیە ئەمانە نە لە سەر ڕێبازی زانایـانی سـەلەفنو نـە لەسـەر ڕێبـازی شـێخەکانی سـەلەفن، تـەنیا لـە سـەرەوە وا خۆیـان پیشان دەدەن کە خەڵکی پێیان هەڵخەڵـەتێ، وەک لـە سورەی نیسادا دەفـەرموێ: ﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَهُـوَ خَـادِعُهُمْ وَإِذَا قَـامُوا إِلَى الصَّـلَاةِ قَـامُوا

كُسَالَى يُرَاءُونَ النَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا (١٤٢) مُذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَلِكَ لَا إِلَى هَؤُلَاءِ وَلَا إِلَى هَؤُلَاءِ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ سَبِيلًا (١٤٣)﴾.

بەڵێ ئیسلامەتی پێ لەکەس ناگرێ بە ڕێی حەڵاڵو ئاسایی دەوڵەمەند بێ بە مەرجێ مافی خوای لێدەرکا وەك خوا لە سووڕەتی ئەعرافدا دەفەرموێ : ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٣٢)﴾ ،بەڵام بیرۆکەی (زوهد)و (تەصەووف) دژی دەوڵەمەندی دونیا ویستی حەڵاڵە جا چجای حەڕام، با نەڵێ من صۆفیم یا شێخی تەصەووفم، چونکە بارو دۆخەکەی لەگەڵ تەصوف و زوهدا تێك ناکاتەوە.

٤ ـ مەرجی سەرەکی وەلی پێگەییشتوو بەڕێی پەرستنو خوا ناسین ئەوەیە کە نابێ خۆی بەدەر بێخێو ئیددیعای کەرامەت بکات، چونکە ئەم ئیددیعا کردنە نیشانەی درۆیە، بۆیە گشت وەلیەکانی پێشوو خۆیان

ئاشکرا نەدەکردو پێیان ناخۆش بوو کەس پێیان بزانێ، هیچ کەرامەتیشیان لەبەر چاوی خەڵکا نەدەنواند. چونکە بە هیچ جۆرێك دروست نییە خۆی پێهەڵداتەوە. ئەم کەرامەتانەی بە کۆمەڵ لە زاناو پیاو چاکان دەگێڕنەوە زۆربەی دروست کراوەو هیچ بنەمای ڕاستی نیە.

٥ ـ هەندێ ڕێباز هەنە وەکو موعتەزیلەو کەرامیەکان کە پێیان وایە کەرامەت هەر نیەو ئیناکری دەکەن، چونکە موعجیزەی پێغەمبەران بۆ چەسپاندنی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرەکەیە هەتا خەڵکان باوەڕ بەو ڕێنمایانەی ئایینی بکەن کە لەخواوە بۆیان دێتە خوارەوە، پاش پێغەمبەر پێویستمان بە تێگەییشتنی زانستەکانی ئیسلامە بە ڕێی زانایان، هیچ پێویستییێك بە وەلی و شێخان نییە بۆ ئەم هەڵسو کوتانەی پێی هەڵدەستن، ئەگەر زانست نەبێ. هەموو ئەو بەڵگانەی زانایان باسی دەکەن لەسەر هەبوونی کەرامەت تەنیا بۆ یارمەتی کەسێکی خواییە لە کاتێکا کە بیەوێ یارمەتی بدا لەسەر ڕێبازی باوەڕو ڕاستەقینە، بەڵام، خۆ

پیشاندانی پەهلەوانی بۆ دەرخستنی شتی سەیر بەرامبەر بە خەڵکان و ئیددیعای کەرامەت هیچ بنەماو بنەڕەتی نییە لە شەریعەتدا، چونکە کەرامەت واتە: بە شێوەی یارمەتی لەلایەن خواوەیە، نەك بە داواکاری ئیدیعاکار. هەتا موعجیزە بەدەست پێغەمبەران نەبوە، گەر خوا پێی نەبەخشیبان، بۆیێ کە کافرەکان داوای چەند موعجیزەیێکیان لە پێغەمبەر ﷺ کرد خوا پێی نەداو فەرمووی بڵێ ئایا من هەر تەنیا بەشەرێکی پێغەمبەر نیم؟، واتە: ئەم شتانە لە توانای من دانیە، تەنیا خوا دەیکا، وەك لە سووڕەتی ئیسرادا دەفەرموێ ﴿ وَقَالُوا لَنْ نُؤْمِنَ لَكَ حَتَّى تَفْجُرَ لَنَا مِنَ الْأَرْضِ يَنْبُوعًا (٩٠) أَوْ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٌ مِنْ نَخِيلٍ وَعِنَبٍ فَتُفَجِّرَ الْأَنْهَارَ خِلَالَهَا تَفْجِيرًا (٩١) أَوْ تُسْقِطَ السَّمَاءَ كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا أَوْ تَأْتِيَ بِاللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ قَبِيلًا (٩٢) أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِنْ زُخْرُفٍ أَوْ تَرْقَى فِي السَّمَاءِ وَلَنْ نُؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ

حَتَّى تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَابًا نَقْرَؤُهُ قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنْتُ إِلَّا بَشَرًا رَسُولًا (﴿٩٣﴾)﴾.

٦ـ هەر کەسێ پەفتارو کردەوەی ئاشکراو بەرچاوی خەڵکان لەگەڵ هی نهێنی نێوان خۆی‌و خوا جیاواز بوو ئەمە درۆزن و ڕیا بازە، فێڵ لە خەڵکی دەکات و هەڵیان دەخەڵەتێنی.

٧ـ ئەوەی زانا نەبێ بە زانستەکانی ئیسلامی‌و متمانەی زانستی لەسەرا نەبێ و شەرع زان نەبێ بەهیچ جۆرێك نابێ شێخایەتی بکات با پیاوی باشیش بێ، چونکە ئەم کارە دەبێ لەسەر زانست دابمەزرێ، ئەگەرنا دەبێتە هۆکاری گۆڕینی ئایینی خواو گومڕایی. چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : (إِنَّ اللَّهَ لَا يَنْتَزِعُ الْعِلْمَ من الناس انْتِزَاعًا وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعُلَمَاءَ فَيَرْفَعُ الْعِلْمَ مَعَهُمْ ويبقى فى النّاس رؤسا جُهَّالًا يُفْتُونَهُمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ فَيَضِلُّونَ وَيُضِلُّونَ)[1].

١) صحيح مسلم ٢/٢٠٥٩ الحديث رقم ٢٦٧٣ .

٨ ـ وشەی (شێخ) وشەیێکی عەرەبیەو کوردی نیە، لە عەرەبیدا بە چەند واتەیەك هاتووە کە ئەمانەن:

ا ـ بە واتەی مامۆستا بەکار دێت، واتە: مامۆستای زانستی جا هەر زانستێك هەبی، ئیسلامی بێ یا ماددی، کۆمەلایەتی بێ یا دەروونی فیزیا بێ یا کیمیا... هتد. بۆیە وتویان فلان کەس شێخمە لە حەدیس فلان کەس شێخمە لە فیقە فلان شێخمە لە کیمیاو فلان شێخمە لە پزیشکیو فلان لە فەلسەفە، واتە: مامۆستامە، بۆیە تایبەت نییە بە ئایین، هەتا ئەگەر مامۆستابا لە مۆسیقاو ئاواز دەیوت فلان کەس شێخمە لەمۆسیقاو ئاواز، بۆیە وشەی شێخ مامۆستایەتی دەگرێتەوە لە گشت جۆرە زانستێك باش بێ یا خراب، بۆیە ئیمامی غەزالی فەرمووبەتی: ئەوەی شێخی نەبێ شەیتان دەبێتە شێخی، مەبەستی ئەوەیە ئەوەی مامۆستای لە فیرکردنی زانستی ئایینیدا نەبێ شەیتان دەبێتە مامۆستای فیر کردنی کوفری.

ب ـ وشەی شێخ بە واتەی سەرۆك هۆزو عەشیرەت هاتووە، بۆیە عەرەبەكان بە ئاغاكانیان دەڵێن شێخ، كە بە كوردی پێی دەڵێن ئاغاو بەگو میر .

ج ـ بە واتەی پیریش هاتوە واتە: بەتەمەن، وەك لە سووڕەتی قصص دا دەفەرموێ : ﴿ وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدۡيَنَ وَجَدَ عَلَيۡهِ أُمَّةٗ مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسۡقُونَ وَوَجَدَ مِن دُونِهِمُ ٱمۡرَأَتَيۡنِ تَذُودَانِ قَالَ مَا خَطۡبُكُمَا قَالَتَا لَا نَسۡقِي حَتَّىٰ يُصۡدِرَ ٱلرِّعَآءُ وَأَبُونَا شَيۡخٞ كَبِيرٞ ﴿٢٣﴾

﴾ واتە: باوكمان پیرێكی گەورەیە واتە: بەتەمەنە.

جا بۆیە بەشێخی تەریقەتیان وتوە شێخ چونكە هی پێشوو هەم زانا بوینەو هەم دیندار، واتە: بەكوردی مەلا بوینەو خەڵكیان فێری زانستی ئایینیو چۆنیەتی پەرستنو ڕەوشتی ئیسلامی كردووە، واتە: مامۆستای ئایینی بوینە.

ئەوەی ڕاستیە لەئیسلامدا شێخایەتی لە دینداریدا نیە، ئەگەر بەو واتەیە نەبێ كە خەڵك فێری ئایین بكا بە كردەوەو بە زانست، بەڵام شێخایەتی لە زانستەكانی

ئایینی ئیسلامدا هەیە و ئەشێ فێریان بکاو ببێتە پێشەنگی کردەوەییش بۆ موسڵمانان، هەروەك پێغەمبەر ﷺ پێشەنگی تەواوی گشت خەڵك بوە بۆ نیشاندانی ئیسلام، چونکە قورئانی کردووەتە ڕوشتو ڕەفتاری خۆی، وەك عائیشە ﷺ کە لێیان پرسی ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ چۆن بوو؟ فەرمووی: (كَانَ خُلُقُهُ الْقُرْآنَ)[1].

هەروەها لەوانەیە دیندارێکی نەخوێندەوار لەبەر زۆر پەرستنو دڵسۆزی پلەی لای خوا بەرز بێتەوەو پیاو چاك بێت، بەڵام نابێ خۆی بکاتە شێخو هەرگیز ناشبێتە شێخ، چونکە هیچ زانستی نییە فێری خەڵکی بکات، جگە لەوە لە مێژووی ئیسلامدا کەس لە پیاو چاکانو ناوداڕەکانی ئایینی خۆیان نەکردوەتە شێخ بەسەر خەڵکیدا ناویان لە خۆ نەناوە شێخ، بەڵام زانستیان بە خەڵك وتوەو ئامۆژگاریان کردوون، گشتیشیان زۆر خۆیان بە ساکارو پیاوی ئاسایی و هەژار پیشان داوە بە بێ خۆهەڵکێشانو فیزلێدان

---

١) مسند أحمد بن حنبل ٦|٩١ الحديث ٢٤٦٤٦.

وکەشـــخە لێـــدان، داوای هـــیچ گـــەورەیی‌و بـــەرزیان بەسەرخەڵکادا نەکردووە خۆیان بـە پلەبـەرزو لەخـەڵك باشتر پیشان نەداوە، نەیان هێشـووە کـەس لەبـەریان بـە پێـوە بوەسـتی وەکـو نوێـژ کـردن دەسـت لەسـەر دەسـت دابنـێ یـا کڕنۆشـیان بـۆ ببـات یـا پێیـان مـاچ بکـات‌و بـەپیرۆزیان بـزانن، چـونکە ئـەم جـۆرە شـتانە گشتی بێ شەرعین‌و گوناهن.

۹- بەکار هێنانی وشەی شێخ وەکو دەستەواژەیێك کـەلای کوردەواری دروست بـووە بـە شـێوەیێکی جیـاواز لـەو واتانەی کـە بـە عـەڕەبی بـۆی بـەکار هـاتووە دروسـت نیە، دیسان جیاوازی نێوان واتای شێخ‌و مـەلا کـارێکی چەوت‌و ناهەمواڕە، نـە لەشـەرعدا هەیـە نـە لـە زمـانی عەڕەبی، چونکە ئەوەی پـێی دەڵـێن شـێخ دەبـێ لـە زانسـتەکانی ئیسـلامیدا مامۆسـتا بـێ‌و ئـەوەی پێشـی دەڵێن مەلا هەر دەبێ لەو جۆرە زانستە مامۆسـتا بـێ، هەردووکیشیان دەبێ دیندار بـن‌و خـەڵك فێـری ئـایین‌و دینـداری بکـەن، شـێخێك زانـا نـەبێ فلسـێك نـایێنی‌و مـەلایێکیش دینـدار نـەبێ قڕۆشـێك نایێنـێ، چـونکە

ئەرکی ئایینی ئەو کەسەی پێی دەڵێن زانای ئایینی لە یەکێکا تا یەکێکی تر جیاواز نیە، بریتییە لە وتار خوێندنەوەو وانە وتنەوەی زانستەکانی ئیسلامی وفەتوا دانو ئامۆژگاری کردنی خەڵك بۆ پابەند بون بە حوکمەکانی شەرعیوپەرودە کردن لەسەر ڕەوشتی ئیسلامی، لەگەڵ جێبەجێ کردنی کارەکانی ئایینی خەڵك. ئەوەی بەم ئەرکە هەڵدەستی پێی دەڵێن زانای ئایینی، بە کوردی پێی دەڵێن مەلاو بە عەڕەبیش پێی دەڵێن شێخ، کەوا بوو شێخ مەلایەو مەلا شێخە، بۆیە لەناو عەڕەباندا شێخ بەو کەسە دەڵێن وتارخوێنو وانە بێژو ئیمامی مزگەوت بێت، جیاوازی کردن لە نێوان ئەم دوو وشەیە لەناو کوردا بیدعەییکی دروستکراوە، بوەتە هۆکاری دوور کردنەوەی خەڵك لە زانستەکانی ئیسلامیو دوور کەوتنەوە لە ڕوحو ناوەڕۆکی ڕاستی ئیسلام.

١٠- موریدایەتی دەبێ بۆ خوا بێت نەك بۆ شێخ، چونکە مرۆڤ بەندەی خوایەو خوای دەوێ بۆ پشتگیری نەك بەشەر، ئەگەر وانەبێ دروست نیە، چونکە اللە فەرمانی

داوە کە خوایی بین بەشەری نەبین، وەك لە سووڕەتی ئالی عیمراندا دەفەرموێت ﴿ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّۦنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾ واتە: خوایی بن خەڵکانی مەبن کە شێخەکانیش هەر خەڵکن. بۆیە نابێ موسڵمان موریدی شێخ بیت دەبێ موریدی خوا بێت.

١١- دوور لە بۆچوونی فەلسەفی گرانخوازەکان، تەصەووف دینداریو پەروەردەی ڕوحیە، دینداری مرۆڤو پەروەردەکردنی خۆی بۆ خودی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی خۆی لای خوا بەم ڕێگەیە، هەر ناوێکی لێی بنێی تەنیا هەر دینداریو ئایین پەروەریە، بەڵام دەبێ بە ڕێی سەرچاوەکانی ئیسلام بێ کە قورئانو سونەتە، چونکە ئەگەر ئەم دووانە نەبان، نە ئایینمان دەزانیو نەخوامان دەناسیو نە موسڵمان دەبوینو نە دینداریمان پێدەکرا، وەك خوا

لەسووڕەتی شوڕادا دەفەرموێتە پێغەمبەرﷺ ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ رُوحٗا مِّنۡ أَمۡرِنَاۚ مَا كُنتَ تَدۡرِي مَا ٱلۡكِتَٰبُ وَلَا ٱلۡإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلۡنَٰهُ نُورٗا نَّهۡدِي بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنۡ عِبَادِنَاۚ وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٥٢ ﴾ واتە: بەم شێوەیە دیارمان کرد لە کاری خۆمان قوڕئانمان بۆ ناردی، نەدەتدەزانی قوڕئان چیەو ئیمان چیە بەو شێوەی دیارمان کردووە، بەڵام ئەم قوڕئانەمان کردوەتە ڕووناکی ئەوەی دەمانەوی لە بەندەکانمان بهێنینە سەڕ ڕێی ڕاستی ئیسلام، بە ڕاستی تۆ ـ واتە: پێغەمبەرﷺ ـ خەڵك دەهێنیتە سەر ڕێی ڕاستی ئیسلام.

جا کە پێغەمبەرﷺ وابێ خەڵکی تر چۆن؟ بۆیە هەرچی لەم دوو سەرچاوەیە وەرنەگیرێ یا نەگەڕێتەوە سەریان، هیچ پەیوەندی بە ئیسلام و ڕێگە ڕاستیەکەیدا نیە، چونکە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی : (إنّی قد ترکت فیکم شیئین لن

تضلّوا بعدهما: كتاب الله وسنتي، ولن يتفرّقا حتّى يردا علىّ الحوض)[1].

واتە: بە دڵنیایەوە من دوو شتم بۆ ئێوە بەجێ هێشتووە هەگیز پاش دەستپێگرتنیان گومڕا نابن، کتێبی خواو سونەتی خۆم، هەرگیز لەیەکتر جودا نابنەوە هەتا دێنەوە لام لەسەر حەوزی کەوسەر .

١٢ـ کەم ترین ئاست وپلەی دینداریو ئایین پەروەری هەڵسانە بە کردنی پەرستنەکانو دوورکەوتنەوە لە گوناهەکان لە بەر ئەم حەدیسە کە دەفەرموێ :(أَنَّ أَعْرَابِيًّا جاء إلى رسول اللَّهِ ﷺ ثَائِرَ الرَّأْسِ فقال: يا رَسُولَ اللَّهِ أَخْبِرْنِي مَاذَا فَرَضَ الله عَلَيَّ من الصَّلَاةِ ؟ فقال: الصَّلَوَاتِ الْخَمْسَ إلا أَنْ تَطَّوَّعَ شيئا، فقال: أَخْبِرْنِي بما فَرَضَ الله عَلَيَّ من الصِّيَامِ، فقال شَهْرَ رَمَضَانَ إلّا أَنْ تَطَّوَّعَ شيئا، فقال: أَخْبِرْنِي ما فَرَضَ الله عَلَيَّ من الزَّكَاةِ، فقال فَأَخْبَرَهُ رسول اللَّهِ

١) المستدرك على الصحيحين ١|١٧٢ الحديث رقم ٣١٩ .

ﷺ شَرَائِعَ الْإِسْلَامِ، قال: وَالَّذِي أَكْرَمَكَ لَا أَتَطَوَّعُ شيئا ولا أَنْقُصُ مِمَّا فَرَضَ الله عَلَيَّ شيئا، فقال رسول اللَّهِ ﷺ: أَفْلَحَ إن صَدَقَ أو دخل الْجَنَّةَ إن صَدَقَ)[1] .

واتە: بیابانییەك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! پێم بڵێ خوا چ نوێژیکی لەسەر منا فەرز کردووە، فەمووی: پێنج نوێژەکان تەنیا ئەگەر سونەت بکەی، وتی: پێم بڵی چ پۆژوێکی لەسەر فەرز کردووم؟ فەرمووی: مانگی ڕەمەزان تەنیا ئەگەر پۆژووی سونەت بگریت، وتی: پێم بڵێ چ زەکاتێکی لەسەرا فەرز کرددووم، جا پێغەمبەر ﷺ گشت شتە شەرعیەکانی پێ فەرموو، کابرا وتی: بەو خوایەی ڕێزی لەتۆ ناوە هیچ سونەت ناکەم، هیچیش کەم ناکەمەوە لەوەی خوا لەسەرمی فەرز کردووە، جا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: سەرکەوتوە ئەگەر ڕاست بکا، یا دەچێتە بەهەشت ئەگەر ڕاست بکا.

---

١) صحيح البخاري ٢/٦٦٩ الحديث رقم ١٧٩٢ .

واتـە: ئەمـە کـەمترین ئاسـتە کـە پێـی بچـێتە بەهەشـت، کەوابوو کەمترین ئاستی دینداری، هەڵسـان بـە فـەرزەکانو دوورکەوتنەوە لە گوناهەکانە.

بەڵام هەر کەسێك بیەوێ ئاستی دینداری خۆی بەرز کاتەوەو لەم میقدارە پتر دینداری بکات، وەك هەوڵ بدات لە هەموو پەرستنەکانا وەکو نوێژو ڕۆژیو زەکاتو حەج زێدە لە فەرزەکانیان سونەتەکانیشیان بکات، پاشان نەك هەر حەڕامەکان نەکات، بەڵکو لە شوبهەش واتە: ئەو کارەی گومانی حەڕامی لێدەکری لێی دوور کەوێتەوە نەبادا بکەوێتە حەڕام، خۆی بپارێزی لە هەموو گومانو شتی سنور بەزێنی پەرێز بێت، زیکرو دوعاو ڕوو لە خوا کردن بە شێوەیێکی وا کەسایەتیەکەی ئایینی خۆی بەرە بەرە پتر پتەوو پاك بکات، هەتا وای لێدی دەگاتە پلەو ئاستێکی بەرز، باوەڕەکەی دەبێتە پیشاندەری ڕێنمایەکانی لە دونیاو لە قیامەتیشدا دەیباتە بە هەشت، وەك خوا لە سووڕەتی یونسدا فەرموویەتی:﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ يَهۡدِيهِمۡ رَبُّهُم بِإِيمَٰنِهِمۡ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ٩﴾. واتە: دەگاتە پلەیێکی وا خوا یارمەتی دەداو

ڕێ پیشانیو ڕێنمایی دەکات بۆ کارو کردەوەکانی، وەك پێغەمبەر ﷺ لە حەدیسی قودسیدا فەرمویەتی: (إِنَّ اللَّهَ قال: من عَادَى لى وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ، وما تَقَرَّبَ إلى عَبْدِى بِشَىْءٍ أَحَبَّ إلىّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عليه، وما يَزَالُ عَبْدِى يَتَقَرَّبُ إلَىَّ بِالنَّوَافِلِ حتّى أُحِبَّهُ، فإذا أَحْبَبْتُهُ كنت سَمْعَهُ الّذى يَسْمَعُ بِهِ، وَبَصَرَهُ الّذى يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ التى يَبْطِشُ بها، وَرِجْلَهُ الّتى يَمْشِى بها، وَإِنْ سَأَلَنِى لَأُعْطِيَنَّهُ وَلَئِنْ اسْتَعَاذَنِى لَأُعِيذَنَّهُ)[1] واتە: ئەوەی دوژمنایەتی خۆشەویستە نزیکەکانی من بکا جەنگی لەدژ ڕاپەڕادەگەیێنم، بە هیچ شتێك بەندەی من خۆی لەمن نزیك ناکاتەوە لام خۆشەویست تر بێ لەوەی کە لەسەرم فەرز کردووە، هەمیشە بەندەی من بە سونەتەکان لەمن نزیك دەبێتەوە هەتا خۆشم دەوێ، جا ئەگەر خۆشم ویست دەبمە گوێکچکەکانی پێی دەبیسیو چاوەکانی پێی دەبینیو دەستەکانی دەیوەشێنێو پێیەکانی پێی دەڕواو، سویند

---

١) صحيح البخاري ٥/٢٣٨٤ الحديث رقم ٦١٣٧ .

دەخۆم ئەگەر داوای شتی لێ کردم بۆی جێبەجێ دەکەم، ئەگەر داوای خۆ پاراستنی لێکردم دەیپارێزم.

پێویستە ئەمە تێبگەین کە هەرکەسە کردەوەو گوێڕایەڵی و پەرستنی خوا کە خۆی دەیکات و پێهەڵدەستێ هەر ئەویان بە کەڵکی دێت، نەك پیشاندانی ڕواڵەتی تەکیەو خانەقاو وجاغو ڕیبات[1] و سلوك کێشانی ناو ئەشکەوتی شاخ.

هەرکەسێ خۆی وا پیشان بدا کە شێخەو ئیدیعای کەڕاماتی کردو خۆی پێ هەڵداوە، یا خۆی لەسەر خەڵکی بە وەلی زانی و شانازی پێ کردو، شێخایەتیشی کردە میرات، بەبێ خوێندنی زانستو هەڵسان بە پەرستنەکان، پاڵپشتی دەستەڵاتدارە ستەمکارەکان بوو، جۆرەها بیدعەو کاری تایبەت بە بەرژەوەندی خۆی دروست کردو داوای پێهەڵگۆتن بە خۆی یا بەباوکو باپیرانی کرد، کارو ڕەفتاری دەقی شەرع نەبوو، ئەم جۆرە کەسە درۆزنەو گومڕاکەرە، جێگەی متمانە پێکردنو خۆ پێهەڵواسینی ئایینی نیە، چونکە ئەم جۆرە کەسانە بیدعە چین، بیدعەچیش ئیمامی نەوەوی

---

١) لە هەندێ وڵاتانی عەڕەبی وەکو یەمەن بە تەکیە دەڵێن (رباط) .

فەرموویەتی لای زۆرینەی(جمهور) زانیان پەیوەندی پێکردنو سڵاو لێکردنیانو چوونە لایانو یارمەتیدانیان بانگاشە بۆ کردنیان گشتی دروست نیەو حەڕامە[1]، ئەبنو حەجەری عەسقەلانی دەفەرمێ لای کۆمەڵێك لە زانایان دەبێ سزا بدرێن[2]. چەند بەڵگەیەکیان لە فەرموودەی صەحابەکانو تابعینەکانا هێناوەتەوە وەك: ئیمامی عەلیو ئەبو هورەیرەو ئیبنو عومەرو ئەوزاعیو حەسەنی بەصری[3]

.

چونکە لایەنگیری خاوەن بیدعە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گۆڕینی ئایینی ئیسلام، جگە لەوەی کە (تزکیە) واتە: بەچاك زانینی ئایینیو بە وەلی بە دەقی قورئان دروست نیە، وەك لە سووڕەتی نیسائدا دەفەرموێ : ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُم بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّى مَن يَشَآءُ وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٤٩﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَكَفَىٰ بِهِۦٓ إِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٠﴾ ﴾ واتە: ئایا نابینی ئەو کەسانەی (تزکیە)ی خۆیان

---

١) فتح الباري ٤٠/١١ و٤١ .

٢) فتح الباري ٢٠٤/١٢ .

٣) صحيح الترمذي ٣٨٢/١ ، التيسير بشرح الجامع الصغير ٢٠٨/٢ و ٤٤٧.مرقاة المفاتيح ٣١٧/٢ .

دەکەن، واتە: خۆیان لە لایەنی ئایینیدا بەپاك دەزانن، نەخێر، تەنیا خوا پاکی خەڵك خەبەر پێدەدات‌و بەقەدەر تفری ناو دەنکە قەسپ ستەمیان لێناکرێ، بنۆڕە چۆن درۆ بەسەر خوادا دەکەن، زۆری ڕادەی ئەم گوناهەو دیارییەکەی بەسە. واتە: بۆ ئەوەی ببێتە هۆی چوونە دۆزەخ .

چونکە (تزکیە) تەنیا لای خوا دیارە و هەتا ڕۆژی قیامەت دەرناکەوێ، شتێکیش تایبەتمەندی خوا بێ نابێ بیدەیتە بەشەر، خودی خۆی بێ یا کەسێکی تر، چونکە خوا لەسووڕەی نەجمدا فەرمویەتی: ﴿ ... فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ﴿٣٢﴾ ﴾ خۆتان بە پاك‌و خاوەن پلە دامەنێن تەنیا خوا زانایە بەوەی بە تەقوایە.

هەر لەبەر ئەمەشە کە نەپێغەمبەر ﷺ نە صەحابەکان هیچیان تەزکیەی خۆیان نەکردووەو ئەم جۆرە ئیددیعایەیان نەکردووە. ئایا ئەوانەی ئیددیعای تەصەووف بەواتای دڵپاکی‌و دڵڕوونی ئەوان زاناترن بە خۆیان لە پێغەمبەرو صەحابەکان ؟ .

لەبەر ئەوەی زانینی نهێنیو پۆشراوی خەڵك جگە لەخوا کەس نایزانێ، لە لایەکی تـرەوە بـارو دۆخـی هـەر بەندەیێك لای خوا کەس نایزانێ، لەوانەیـە خـەڵکان یـەکێك بـە پیـاوی باشو بەهەشـتی دابنـێن، بـەڵام لای خـوا خـراپ و دۆزەخـی بێت، جگە لـەوەی کـە پاشـەڕۆژ نادیـارە، خـوا نـەبێ کـەس نایزانێ . وەك لە ئوسـامەی کـوڕی زەیـد هـاتوە دەفـەرمێ : (سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: يُؤْتَى بِالرَّجُلِ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ فَيُلْقَى فِي النَّارِ فَتَنْدَلِقُ أَقْتَابُ بَطْنِهِ فَيَدُورُ بِهَا كَمَا يَدُورُ الْحِمَارُ بِالرَّحَى، فَيَجْتَمِعُ إِلَيْهِ أَهْلُ النَّارِ فَيَقُولُونَ يَا فُـلاَنُ مَا لَكَ أَلَمْ تَكُنْ تَأْمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَتَـنْهَى عَـنِ الْمُنْكَـرِ؟ فَيَقُولُ بَلَى، قَدْ كُنْتُ آمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَلاَ آتِيهِ وَأَنْهَى عَـنِ الْمُنْكَرِ وَآتِيهِ!).

ئوسامەی کـوڕی زەیـد ئەفـەرمێ: لـە پێغەمبـەر ﷺ گـویم لێبو، پیاوێـك دەهێـنن لـە ڕۆژی قیامەتـدا جـا ئەیخەنـە نـاو ئاگر، لەناویدا دەیسـوڕێننەوە هـەر وەك وەکـو کـەر دەسـتار دەسوڕێنێتەوە، خەڵکانی ناو ئاگر لای کۆ دەبنـەوەو دەڵێن ئـەوە بـۆ وای ؟ ئـەی تـۆ نـەبوی ئـەمرت بـە چـاکە دەکـردو

نـەهیت لـە خراپـە دەکـرد؟ دەڵـێ: بـەڵێ، ئـەمرم بـە چـاکە دەکردو خۆشم نەم دەکرد، نەهیم لە مونکەر دەکردو خۆشـم دەمکرد!

ئیتر هەر اللە یارمەتیمان بدا لەسەر ڕێی ڕاسـتی ئیسـلامو دینداری ڕاست و هەموو موسڵمانان بێنیتە سەر ڕێـی ڕاسـتی کە خوا ئەمری پێکردوەو پیشانی داوین لە قورئـانو سـونەتا ... ئامین .

باسی دووەم
هەندێ لە ڕێبازەکانی تەصەووف لەوڵاتانی ئیسلام

هەروەکو لە پێشدا دەرکەوت کە تەصووف جۆرەها پێناسەو لێدوانی هەیە، سنوردار نەکراوە بە ڕێگەو پێگەو هەڵو مەرجی وا لای گشت بەکارهێنەرەکانی یەك جۆرو چەشن بێت، بۆیە جۆرەها ڕێبازی تەریقەت پەیدا بووە، چونکە هەرکەسە بە دیدو بیری خۆی بەکاری هێناوەو موریدەکانی لەسەر ڕۆواندووە. بۆیە ڕێبازەکانی تەریقەت زۆر بوونەو دەڵێن گەییشتووەتە سێ سەد ڕێباز، پێویستە بۆنموونە بەکورتی ئاماژە بە هەندێکی سەرەکی بکەین وەك[1]:

---

١) أخذت من كتاب (ترياق المحبين في طبقات خرقة المشايخ العارفين) للشيخ تقي الدين عبد الرحمان أبي الفرج محسن بن عبد المحسن الأنصاري الواسطي الشافعي ،مقتطف من ص٢ إلى أخير الكتاب . وكتاب (الصوفية في نظر الإسلام) دراسة وتحليل للمؤلف سميح عاطف الزين ص٥٣١ فما بعدها . مع الأنترنت .

١ــ تەریقەتی کەرکەری (الطّریقة المحمدّیة الکرکریّة): دەگەڕێتەوە سەر شێخ موحوممەد فەوزی کەرکەری ١٣٩٦هـ، دواکەوتوەکانی لە مەغریب و میسرو جەزائیرو سنیغال و تونس‌و فەرەنساو ئەسپانیاو هۆڵەندا‌و سعودیەو ئوستوڕالیا‌و لوبنان بڵاو بوینەوە. تەریقەتێکی شازلی دەرقاوی عەلەویە، لە شێخە بەناوبانگەکانیان: شێخ محمد بن قدور الوکیلی، شێخ تاهر الکرکری، شێخ حسن الکرکری .

٢ـ تەریقەتی قادری (الطّریقة القادریّة): کە دەگەڕێتەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی حەسەنی (٤٧٠ ـ ٥٦١)هـ، موریدەکانی لە وڵاتانی شام و میسرو عێراق و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیاو وسودان، زیکری بەدەنگی بەرزیان لا پەسندە بە هەڵپەرین‌و سەماو دەفەو گۆرانی و زەرگەو لە خۆدان خۆیان پیشان دەدەن.

دەڵێن موریدەکانی ئەم تەریقەتە کاریگەرییّکی زۆریان هەبووە لە بڵاو بوونەوەی ئیسلام لە ئەفریقاو ئاسیا و بەرگری کردن لە داگیرکردنی ئەوروپا بۆ ڕۆژئاوای عەرەبی .

جا ئەم تەریقەتە چەند لقی لێ پەیدا بوە وەك:

أ ـ تەریقەتی قادری بۆتشیشی (الطّریقة القادریّة البوتشیّة): علی کوڕی موحەممەدی ناسراو بە بۆدشیش، چونکە، لەکاتی گرانیدا خواردنی (دشیشە)ی[1] دەدا خەڵك، ئەم تەریقەتە لە جەزائیرو مەغریب بڵاو بویتەوە .

ب ـ تەریقەتی قادری عەرکی (الطّریقة القادریّة العرکیّة): دەگەڕێتەوە سەر عبدالله ی عەرکی لە سالّی ٩٢٣هـ دا لەدایك بووە هەتا سالّی ١٠١٩هـ ژیاوە، زانابوە لەسەر ڕێبازی ئیمامی مالیك، لە حەڕەمی مەکەو مەدینە، گەورەترین ڕێبازی صۆفیایەتیە لە سودان. بارەگای سەرەکی لە ولایەتی جەزیەیە لە سودان.

ج ـ تەریقەتی قادری جیلی (الطّریقة القادریّة الجیلیّة): دەگەڕێتەوە سەر عەبدولخالیقی کوڕی موحەممەدی کوڕی موحەممەدی ناسراو بە جەبەلی، ئەم

---

١) دەشیشە خواردنێکە لە گەنم و جۆو ڕۆنی زەیتون چەند شتی تر دروست دەکرێ . وەکو شۆربایە یا پەیت تڕە .

تەریقەتە لە مەغریبو جەزائیرو تونس وفرەنساو بەلجیکاو هۆڵەندا و ئەندەنوسیاو ئەسپانیا بڵاوە .

د ـ تەریقەتی کەسنەزانی: لەناو کوردی عێراقو ئێرانو لە هیندو پاکستانو هەندێ عەڕەبی عێراق بڵاوە، تەکیەیان زۆرە، شێخ عەبدولکەریمی باپیرە گەورەیان دایمەزراندووە کە دەگەڕێتەوە سەر شێخ عیسای بەرزنجی، دەڵێن تەریقەتەکەیان قادرییە، خۆیان دەگەڕێننەوە سەر ئیمامی عەلیو منالەکانی کە بە ئیمامیان دادەنێن، بۆیە لەگەڵ شیعەکاندا دۆستنو لێیان بیسراوە کە قسە بە معاویە دەڵێن. زیکری ئاشکراو بەدەنگی بەرز لایان پەسندە، قژیان درێژ دەکەنو دەیکەنە کەزیو تەسبێحی دریژ لەدەست وەردەدەنو حەلقەی زیکریان بە هەڵپەرینو دەف لێدانو زەرگە لەخۆدانو ئاگرو شوشە خواردن پیشان دەدەنو بەکەرامەتی دەزانن. بوونەتە هۆی دینداری هەندێك لە خەڵکی ڕەش و ڕووتو نەخوێندەوار بە تایبەتی لە دەوراو

پشـــتی کـــەرکوك و هـــەولێرو دەشـــتی گـــەرمیان و هەندێکیش لە سولەیمانی .

٣ـ تەریقـەتی ڕوفـاعی (الطّریقـة الرّفاعیّـة): دەگەڕێتـەوە سـەر ئـەبی لعبـاس ئەحمـەدی کـوڕی عـەلی ڕوفـاعی، نازنـاو کـراوە بـە (محیـی الـدین) بـە (بـان)، ڕەگـەزی دەگەڕێتەوە سەر ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالّیـب، لـە سـالّی ٥١٢هـ لـە دایـك بـوە، هـەروەها پێـی دەلّـێن بەتائیحیـە، چـونکە لـە دێیـەکانی نزیـك بـەتائیح لـە عێراقدا بووە، کە ئێستا پێی دەلّێن دێی ڕوفاعی.

٤ـ تەریقـەتی مـەعینی (الطّریقـة المعینیّـة): دەگەڕێتـەوە سەر شێخ مائولعەینەین، کـە لـە مـەغریبو مۆریتانیـاو سەنیغالو سودان بلّاوە، ڕۆلّێکی زۆری هەبوە بـۆ بـلّاو بوونـەوەی ئیسـلام لـە ئـەفریقیاو بـەرگری کردنـی داگیرکـەرەکانی ئینگلیـزو فرەنسـاو ئەسـپانیا لـە مەغریبو مۆریتانیا، دەلّێن شێخ ئەبولعەینەین خەلّکی هانداوە بۆ جیهاد کردن لە دژیان .

٥ـ تەریقەتی ئەحمەدی، یا بـەدەوی: (الطّریقـة الأحمدیّـة أو البدویّة): دەگەڕێتەوە سەر ئەحمـەدی بـەدەوی کـە

پێی وتراوە شێخی عەرەب لە فاس لە ساڵی ٦٣٤هـ لەدایك بوە، چووە حەج و گواستیەوە بۆ عێراق،پاشان لە تەنتا جێگیر بوو هەتا کۆچی دوایی کرد. موریدەکانی لە چەند شارێکی میسر بڵاون. چەند لقێکی لێ پەیدا بوە وەك: بەییومیەو شەناویەو ئەولادی نوح و شەعبیەو ئالی ڕەمەزان ...

٦ـ تەریقەتی دەسوقی (الطّریقة الدّسوقیّة): دەگەڕێتەوە سەر ئیبراهیمی دەسوقی ٦٧٦هـ ، لەشاری دەسوق لە میسر شاردراوەتەوە . دەسوق واتە: حەوزی پر ئاو ، هەروەها پێی دەوتری بورهامییە و بورهانییە، پەیوەندیان بە شازلیەکانەوە هەیە ، بە بەشێك لەوان دەژمێردرێن ، نۆ لقی جۆراو جۆری لێ دروست بووە، هەریەکە بە ناوێك . لە میسرو دەوراو پشتی بڵاون .

٧ـ (الطریقة الأکبریّة) تەریقەتی ئەکبەری: هی شیخ محیی الدّین بن عربی که ناسراوە بە (الشّیخ الاکبر) ٦٣٨هـ مصر . خۆیان دەگەڕێننەوە سەر ئیماعلی ﷺ ، چوار سیفەتیان هەیە : (الصّمت والعزلة والجوع والسّهر والتّفصیل) واتە: ١ـ کڕو بێدەنگی و تێکەڵ

نـەبون لەگـەڵ خـەڵکا، ٢ـ خـۆ برسـی کـردن، ٣ـ شەوەخونی واتە: نەخەوتن، ٤ـ شیکردنەوە.

٨ـ تەریقەتی شازیلی(الطّریقة الشّاذلیّة): کـە دەگەڕێتـەوە سەر ئەبی حەسـەن عـەلی کـوری عبـد الله کـوری عبـد الجبار ی شـازلی (٥٩٣ ـ ٦٥٦) هـ خـەڵکی مەغریبـە. وایان پێ پەسندە زانستەکان بە ڕێـی تـامو وەرگـرتنی ڕوحەکانو نهێنییە پاکەکانو کەرامەتـەکان وەربگـرن، هەروەها خوا ناسین بە ناسینێکی یەقینی، گوێ گـرتن لـە نەشـیدی ئـایینیو شـیعرەکانی هانـدانی جیهـادی نەفس کە دوژمنی تێدایە پێیان خۆشە.

٩ـ تەریقـەتی غـەزەفی (الطّریقـة الغضـفیّة): دەگەڕێتـەوە سـەر موحەممـەدی ئەغتـەفی داودی ١٢١٠هـ ، لـە مۆریتانیا بـڵاوە جـەخت لەسـەر وەبـەر هێنـانو دونیـا نەویستیو خۆگرتن دەکەن . تێکەڵە لەگـەڵ تەریقـەی شـازلی . لـەکاتی خۆیـا زۆر بـەرگری داگیرکـەرەکانی فەڕەنسـایان کـردووە ، سـەرکردەی سـوپای فەرەنسییان کوشـتووەو لەبـەر ئـەو دەربـەدەر بوینـە کەوتونەتە وڵاتانی تر وەک سودانو تورکیاو ئوردن .

١٠ـ تەریقەتی عەلاوی (الطّریقة العلاویة): دەگەڕێتەوە سەر ئەحمەدی عەلاوی، یەك لە قوتابیەكانی مودانییە، لە قوتابی ئەویش ئیسماعیل الهادفییە لە تونس . زۆرینە ویردەكانیان ئایەتەكانی قورئانی پیرۆزە، لەگەڵ جۆرەها شێوەی صەلەوات لێدان لە پێغەمبەرﷺ .

١١ـ تەریقەتی زیانی (الطریقة الزیانیّة): دەگەڕێتەوە سەر شێخ موحەممەدی كوڕی زیان كە وتویەتی: (من اكتفی بالعلم دون الاتّصال بالحقیقة انقطع، ومن اكتفی بالعبادة دون ورع انغرّ، ومن قام بما یجب علیه من الأحكام نجا) واتە: ئەوەی تەنیا بەتەمای زانست لێبگەڕێ لە خوا دەپچڕی، ئەوەی تەنیا بە پەرستن لێبگەڕێ بە بێ وەرەع مەغرور دەبێ، ئەوەی بە كردەوەكانی شەرع هەڵسا نەجاتی دەبێ واتە: لە ڕۆژی قیامەت.

١٢ـ تەریقەتی قاسمی شازلی (الطّریقة القاسمیّة الشّاذلیّة): ئەم تەریقەتە دەگەڕێتەوە سەر شێخ ئەبی حەسەنی شازلی، دانەری تەریقەتەكە لە میسر شێخ موحەممەد

کوشکە، کە لە دەوراوپشتی قاهرە شاردراوەتەوە. تەریقەتەکەیان دەگەڕێننەوە سەر ئیمامی علی ﷺ . دیارە بەشێکن لە شازلیەکان .

١٣ـ تەریقەتی بەکتاشی: ئەم تەریقەتە حاجی بەکتاشی صۆفی داینناوە، کە لە نیسابوور لە دایك بووەو ساڵی ٧٣٨ لە تورکیا کۆچی دوایی کردووە. لەناو ئینکیشاریەکان بڵاو بوەتەوە، هەتا ئێستا لە ئەلبانیا بڵاوە، ڕۆڵێکی زۆری هەبووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە ناو تورکو مەغۆل، بەڵام پەیوەندیان لەگەڵ مەسیحیەکاندا هەبوەو هەندێ کاریان لەوان وەرگرتووە .

١٤ـ تەریقەتی مەولەوی (الطریقة المولویّة): ئەم تەریقەتە شاعیری ئەفغانی شێخ جەلالەددینی ڕۆمی ٦٧٢هـ دایمەزراندووە کە لە قونیە نێژراوە، بەناوبانگن بە تێکەڵ کردنی زیکر لەگەڵ سەماو گۆرانیو ئاوازی خۆش، لە تورکیاو ڕۆژئاوای ئاسیا بڵابوونەتەوە، بەڵام لەم دواییەدا تەنیا چەند تەکیەیەکیان ماوە لە تورکیاو حەلەبو هەندێ وڵاتانی ڕۆژ هەڵات.

١٥ـ تەریقەتی نەقشبەندی یا نەخشبەندی (الطّریقة النّقشبندیّة أو النّخشبندیة): واتە: دوو ناوی هەیە، دەگەڕێتەوە سەر بەهائەددین موحەممەدی بن بوخاری ٧٩١ هـ کە بە شاهی نەقشبەند ناوزەد کراوە، شێوەی لە تەریقەتی شازلی ئەچێ، ناسراون بە زیکری نهێنی و بێ دەنگی و کەم دوان. لە وڵاتانی فارس و هیندو کوردەکان بڵاوە و بەکار دێت، هەندێکیشیان لە میسر

١٦ـ تەریقەتی مەلامەتی (الطریقة الملامتیة): دانەرەکەی ئەبو صالح حەمدون بن عەممارە ٢٧٠هـ کە بە قەصصار ناسراوە . تەریقەتەکەیان لەسەر لۆمەکردنی نەفسی خۆیان بە هەمیشەیی لە سەر هەموو بارەکانی پەرستنیان دامەزراوە، بۆ پێیان دەڵێن مەلامەتی، واتە: لۆمەکردن، کتێبو نووسینیان نییە

١٧ـ تەریقەتی تیجانی (الطریقة التیجانیة): ناوەکەی لە سەر ئەبولعەباس ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی شەریفی حەسەنی تیجانی (١١٥٠ـ١٢٣٠) هـ لە جەزائیر لەدایک بووە، لە شاری سەمغون دەستی

پێکردووە زۆر موریدی هەیە لە جەزائیرو مەغریب و تونس و میسرو فەلەستین و شام و تورکیاو سودان و سەنیغال و نیجیریاو مۆریتانیاو ومالی و ئەمریکاو فەرەنساو ئیتالیاو ئەسپانیاو بەریتانیاو ئەلمانیاو بەلجیکاو نەمساو سویسراو ڕوسیا و چین و ئەندەنوسیاو ومالیزیا.

١٨ـ تەریقەتی خەتمی (الطریقة الختمیة): دەگەڕێتەوە سەر موحەممەد عوسمانی میرغەنی خەتم. لە خانەوادەیێکی مەککەی، لای زانایەکانی مەککەی خوێندووە. گرنگترین تەریقەتە لە میسرو سودان و ڕۆژهەلاتو ناوەندو ڕۆژئاوای ئەفریقا بڵاوە، دەڵێن ئەم تەریقەتە ئیسلامەتی بردووەتە ناو سودان و ئەریتریا، هەروەها خەڵکی نێجەرو جەزائیرو مەغریب و بەکاری دێنن.

١٩ـ تەریقەتی ڕوکەینی: (الطّریقة الرّکینیة): شێخ موحەممەد ئەحمەدی ڕوکەینی لە ساڵی ١٣٣٦هـ دایمەزراندوە، وا ئیددیعا دەکەن کە تەریقەتەکەیان

موحەممەدییە لەسەر کیتاب و سونەتە، لە سودان و نیجیریاو ئەسیوبیا ومیسرو ئەندەنوسیا بڵاوە.

٢٠ـ تەریقەتی نونی ڕوفاعی شافیعی (الطّریقة النونیّة الرّفاعیة الشّافعیّة): دانەرەکە نورەددین عەلی موحەممەد حەسەن سلیمانییە لە ساڵی ١٣٩٩هـ .

٢١ـ طریقة السّادة آل باعلوي الشّیخ محمد بن علي باعلوي ٦٥٣هـ، پێی دەڵێن تەریقەتی عەلەوی (الطّریقة العلویّة) کە لە وڵاتی یەمن بە تایبەتی لە حەزرەموتا بڵاوە، خۆیان دەگەڕێننەوە سەر ئیمامی عەلی ﷺ لەناو سەیدەکانا باوو بڵاوە، خۆم دە مانگ لەناوینا ژیاوم، خۆیان بە چینێکی تایبەتمەندو بەرزتر لەخەڵک دەزانن، ڕێبازیان شافیعیەو زۆر پابەندن بەم ڕێبازە، بەڵام بیرۆکەیان زۆر لە بیرۆکەی شیعە نزیکە، لە یەمەن وئەندەنوسیا وڕۆژهەڵاتی ئاسیا وحیجاز بڵاوە، زۆر لایەنگیری (أل البیت) دەکەن و زۆر ڕقیان لە موعاویەیە، بەڵام جوێنی پێ نادەن. بە شیوەیێکی وا خۆم گوێم لێیان بوو دەیان وت: ئەبو زەکەریای ئەنصاری فەرموویەتی کە قسە بە موعاویە گۆتن

دروستە، بەڵام نابێ قسەی پێ بڵێین نەبادا سەر بکێشێتە سەر صەحابەکانی هەوراز تڕو گوناهبار ببین.

٢٢ ـ (الطريقة السّعديّة) تەریقەتی سەعدی هی شێخ سعد الدين الجباوی ٥٧٥هـ لە وڵاتی شام.

٢٣ـ (الطريقة الأحمديّة أو البدويّة) تەریقەتی ئەحمەدی یا بەدەوی هی شێخ ئەحمەدی بەدەوی ٦٢٧هـ مصر .

٢٤ ـ (الطريقة البرهانيّة الدّسوقيّة) تەریقەتی بورهانی دەسوقی هی شێخ إبراهيم الدسوقی ٦٧٦هـ لە مصر وسودانو لیبیاو تونسو جەزائیر و مەغریب و ئەڵمانیا و ئینگلتەڕا و ئیتاڵیا و فەڕەنسا و دانیمارك و لوکسمبرج و هۆڵەندا و ڕوسیا و سوید و سویسرا وڵاتی سعودیە و ئوردن و سوریا و یەمەن و ئیماراتی عەربی یەکگرتوو و کویت و پاکستان و لبنان و ئەمریکا و کەنەدا بڵاوە.

٢٥ ـ الطّريقة القزلباشية الشّيخ صفي الدين إسحاق ئەردبیلي ٧٣٠هـ لە عێراق وئەفغانستان وئێران وتورکیا .

٢٦ ـ تەریقەتی عەروسی (الطّریقة العروسیّة) العروسیّه الشّیخ أحمد بن عروس ٨٦٩هـ له لیبیا وتونس بلاوه.

٢٧ ـ تەریقەتی عیساوی (الطّریقة العیساویّة) هی شێخ محمد بن عیسی ٩٣٣هـ له مەغریب وتونس.

٢٨ ـ تەریقەتی خەلوەتی (الطّریقة الخلوتیّة) هی شێخ محمد بن أحمد بن محمد کریم الدّین الخلوتی ٩٨٦هـ له مصر وترکیا و فەلەستین وئوردون هەیە.

٢٩ ـ تەریقەتی سوممانی (الطریقة السّمّانیّة) هی شێخ محمد بن عبد الکریم السّمان ١١٨٩هـ له سودانه.

٣٠ ـ تەریقەتی ئیدریسی (الطّریقة الإدریسیّة) هی شێخ أحمد بن إدریس الفاسی ١٢٥٣هـ له سودان وصۆمالّ بلاوه.

٣١ ـ تەریقەتی خەتەمی (الطّریقة الختمیة) هی شێخ محمد عوسمان المیرغنی الختم ١٢٦٧هـ له سودان وئەریتریا وئەسیوبیا هەنه.

٣٢ ـ تەریقەتی سەنوسی (الطّریقة السّنوسیّة) هی شێخ محمد بن علی السّنوسی ١٢٧٦هـ له لیبیا وباکوری أفریقیا و سودانو صومالّ هەیە .

٣٣ - تەریقەتی عەلاوی (الطّریقة العلاویّة) هی شێخ أحمد مصطفی علاویە ١٣٥٣هـ الجزائر .

٣٤ - تەریقەتی جەعفەری (الطّریقة الجعفریّة) هی شێخ صالح الجعفری الحسینی إمامی ئەزهەر ١٣٩٩هـ لە مەغریب وسەنیغال و رۆژئاوای ئەفریقیا هەیە.

٣٥ - تەریقەتی قادری بۆدشیشی (الطریقة القادریّة البودشیشیّة) هی ناسراو بە سیدی علی بن محمد الملقب بسیّدی علی بودشیش لە مەغریب .

ئەمە کەمێکیان بوون لە سێ سەد رێبازی تەصەووف، بۆ نمونە بە کورتی باسمان کردن هەتا بزانرێ کە زۆر کردنی ژمارەی جۆری تەریقەتەکان کۆتایی نایێ، چونکە هەر رۆژە یەکێك دێتو بەناوی خۆی تەریقەتێك دادەنێو موسڵمانانی لەسەردا پەرتو بڵاو دەکات، وەك دیارە لە لایەنی زانستی فیقهیدا لە ئیسلامدا چەند رێبازێك دروست بوە وەك حەنەفیو مالیکیو شافیعیو حەنبەلی وزاهیری لە ناو ئەهلی سوونەوە، هەروەها ئیمامی و زەیدی لای شیعەکان و دواییان ئیبازی. کە ژمارەیان تەنیا هەشت مەزهەبە کێشە کەوتوەتە ناو موسڵمانان، لەوانەیە بوبێتە هۆی رێك

نەکـەوتنیان، ئـیتر چـی دەکـەی لەگـەڵ تەریقەتـەکان کـە ژمارەیان گەییشتوەتە سـێ سـەدو هێشتاش لـە زێدەبوون دانو لەوانەیـە بگاتـە هـەزارەهاو ئۆمـەتی ئیسـلام پـەرتو پەرتەوازە بکەن سـەریان لـێ بشـێوێنن نـەزانن ڕوو لـە کـوێ بکەن.

(سەرچاوەکان)

پاش قورئانی پیرۆز

١. إحياء علوم الدين محمد بن محمد الغزالي أبو حامد بتحقيق ، دار االمعرفة ـ بيروت .

٢. التعريفات، لعلي بن محمد بن علي الجرجاني، دار الكتاب العربي – بيروت – ١٤٠٥، ط١، تحقيق: إبراهيم الأبياري .

٣. الإبهاج في شرح المنهاج ((منهاج الوصول إلي علم الأصول للقاضي البيضاوي المتوفي سنه ٧٨٥هـ))، لتقي الدين أبو الحسن علي بن عبد الكافي بن علي بن تمام بن حامد بن يحيي السبكي وولده تاج الدين أبو نصر عبد الوهاب ،نشر: دار الكتب العلمية –بيروت ، ١٤١٦هـ – ١٩٩٥ م.

٤. أحكام القرآن، للقاضي محمد بن عبد الله أبو بكر بن العربي المعافري الاشبيلي المالكي (المتوفى: ٥٤٣هـ) ،راجع أصوله وخرج أحاديثه وعلّق عليه: محمد عبد القادر عطا

،نشر: دار الكتب العلمية، بيروت / لبنان ،ط٥، ١٤٢٤ هـ – ٢٠٠٣ م .

٥. أنوار التنزيل وأسرار التأويل ،لناصر الدين أبو سعيد عبد الله بن عمر بن محمد الشيرازي البيضاوي (المتوفى: ٦٨٥هـ)،بتحقيق: محمد عبد الرحمن المرعشلي ،نشر: دار إحياء التراث العربي – بيروت،ط١– ١٤١٨ هـ .

٦. البرهان في أصول الفقه ،لعبد الملك بن عبد الله بن يوسف بن محمد الجويني، أبو المعالي، ركن الدين، الملقب بإمام الحرمين (المتوفى: ٤٧٨هـ)، بتحقيق: صلاح بن محمد بن عويضة، الناشر: دار الكتب العلمية بيروت / لبنان،ط١ ١٤١٨ هـ – ١٩٩٧ م.

٧. تذكرة الموضوعات ،لمحمد طاهر بن علي الصديقي الهندي الفَتَّني (المتوفى: ٩٨٦هـ) ،نشر: إدارة الطباعة المنيرية ،ط١، ١٣٤٣ هـ .

٨. (ترياق المحبين في طبقات خرقة المشايخ العارفين) للشيخ تقي الدين عبد الرحمان أبي الفرج محسن بن عبد المحسن الأنصاري الواسطي الشافعي ـــ المطبعة البهيّة المصريّة ١٣٠٤هـ .

٩. التفسير الكبير أو مفاتيح الغيب، لفخر الدين محمد بن عمر التميمي الرازي الشافعي، دار الكتب العلمية - بيروت - ١٤٢١هـ - ٢٠٠١م، ط١.

١٠. التعرف لمذهب أهل التصوف، لأبي بكر الكلاباذي، تحقيق عبد الحليم محمود وطه باقي سرور (القاهرة ١٩٦٠م).

١١. تفسير القرآن العظيم، لأبي الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (المتوفى: ٧٧٤هـ)، بتحقيق: سامي بن محمد سلامة، نشر: دار طيبة للنشر والتوزيع، ط٢ ١٤٢٠هـ - ١٩٩٩م

١٢. تلبيس إبليس لجمال الدّين أبو الفرج عبد الرحمن ابن علي بن محمد الجوزي (المتوفى: ٥٩٧هـ) نشر: دار الفكر للطباعة والنشر، بيروت، لبنان، ط١ ١٤٢١هـ/ ٢٠٠١م.

١٣. التيسير بشرح الجامع الصغير، للإمام الحافظ زين الدين عبد الرؤوف المناوي، نشر: مكتبة الإمام الشافعي - الرياض - ١٤٠٨هـ - ١٩٨٨م، ط٣.

١٤. الجمع بين الصحيحين البخاري ومسلم، لمحمد بن فتوح الحميدي، دار ابن حزم - لبنان/ بيروت - ١٤٢٣هـ - ٢٠٠٢م، ط٢، تحقيق: د. علي حسين البواب.

١٥. الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح ،لتقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام بن عبد الله بن أبي القاسم بن محمد ابن تيمية الحراني الحنبلي الدمشقي (المتوفى: ٧٢٨هـ)، بتحقيق: علي بن حسن – عبد العزيز بن إبراهيم – حمدان بن محمد ،نشر: دار العاصمة، السعودية ،ط٢، ١٤١٩هـ / ١٩٩٩م .

١٦. جميع دواوين الشّعر العربي ـ موقع أدب ـ المكتبة الشاملة .

١٧. حقائق عن التصوف للشيخ عبد القادر عيسى ـ حلب ـ ط٥ ١٩٩٢م ـ ١٤١٣هـ .

١٨. دراسات في الفلسفة اليونانية والرومانية لإنعام الجندي، منشورات مؤسسة الشرق للطباعة والنشر ـ بدون تأريخ .

١٩. حلية الأولياء وطبقات الأصفياء ،لأبي نعيم أحمد بن عبد الله بن أحمد بن إسحاق بن موسى بن مهران الأصبهاني (المتوفى: ٤٣٠هـ) نشر: السعادة – بجوار محافظة مصر، ١٣٩٤هـ – ١٩٧٤م ،ثم صورتها عدة دور منها ، دار الكتاب العربي – بيروت .

٢٠. دراسات في الفرق والمذاهب القديمة والمعاصرة : عبد الله الأمين، دار الحقيقة ـ بيروت، ط١ ، ١٤٠٦– ص٢٣٩.ـ ١٩٨٦ نقلا عن مجلة الجامعة الإسلامية – المجلد العاشر ،

العدد الثاني ، ص ٣٥٥ ـ ص٤٢٨ ،٢٠٠٢ مفهوم التّصوّف وأنواعه في الميزان الشّرعي ، د.محمود يوسف الشوبكي كلية أصول الدين بالجامعة الإسلامية بغزة.

٢١. ديوان محيي الدين بن عربي ـ بدون تأريخ .

٢٢. الرسالة القشيرية، لعبد الكريم القشيري ، القاهرة (د.ت). ـ عبد الرحمن الوكيل، هذه هي الصوفية (القاهرة ١٩٥٥م).

٢٣. رؤية النبيﷺ لربه لمحمد بن خليفة بن علي التميمي ، أضواء السلف، الرياض، المملكة العربية السعودية ط١ ١٤٢٢هـ/٢٠٠٢م .

٢٤. سنن ابن ماجه ،لابن ماجة أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني، وماجة اسم أبيه يزيد (المتوفى: ٢٧٣هـ) بتحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي ،نشر: دار إحياء الكتب العربية – فيصل عيسى البابي الحلبي .

٢٥. سنن البيهقي الكبرى، لأحمد بن الحسين بن علي بن موسى أبو بكر البيهقي، مكتبة دار الباز – مكة المكرمة / ١٤١٤ه ـ ١٩٩٤م، تحقيق: محمد عبد القادر عطا .

٢٦. سنن الترمذي لمحمد بن عيسى بن سَوْرة بن موسى بن الضحاك، الترمذي، أبو عيسى (المتوفى: ٢٧٩هـ) بتحقيق:أحمد محمد شاكر (جـ ١، ٢) ومحمد فؤاد عبد

الباقي (جـ ٣)وإبراهيم عطوة عوض المدرس في الأزهر الشريف (جـ ٤، ٥)، نشر: شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي – مصر ط٢، ١٣٩٥ هـ - ١٩٧٥ م.

٢٧. السيد النّبهان لهشام عبد الكريم الآلوسي بتحقيق وتخريج الأحاديث الشيخ أحمد فائق جواد العاني - مكتبة أسامة بن زيد - حلب.

٢٨. شرح تائية السّلوك إلى ملك الملوك للشّيخ عبد المجيد الشّرنوبي الأزهري ص٦ ، طبعة حجرية ١٣١٣هـ المطبعة الحميدية المصرية

٢٩. شرح سنن ابن ماجة :مجموع من ٣ شروح : «مصباح الزجاجة» للسيوطي (ت ٩١١ هـ) و إنجاح الحاجة» لمحمد عبد الغني المجددي الحنفي (ت ١٢٩٦ هـ)، وما يليق من حل اللغات وشرح المشكلات» لفخر الحسن بن عبد الرحمن الحنفي الكنكوهي (١٣١٩ هـ) الناشر: قديمي كتب خانة – كراتشي.

٣٠. صحيح البخاري، محمد بن إسماعيل أبو عبد الله البخاري الجعفي المتوفى ٢٥٦هـ، طبع دار ابن كثير–اليمامة– بيروت، ط٣ سنة ١٤٠٧هـ–١٩٨٧م، بتحقيق د. مصطفى ديب البغا.

٣١. صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج أبو الحسين القشيري النيسابوري، دار إحياء التراث العربي – بيروت، بتحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي

٣٢. الصوفيّة في نظر الإسلام (دراسة وتحليل) تأليف سميع عاطف زين، ط٣ دار الكتاب اللبناني - بيروت و دار الكتاب المصري - القاهرة ١٤٠٥هـ ١٩٨٥م

٣٣.) الصّوفية والتصوف في ضوء الكتاب والسنة ليوسف السيد هاشم الرفاعي ط١ ١٤١٩هـ ١٩٩٩م

٣٤. طبقات الشّافعية الكبرى، لتاج الدين عبد الوهاب بن تقي الدّين السّبكي (المتوفى: ٧٧١هـ) بتحقيق: د. محمود محمد الطناحي د. عبد الفتاح محمد الحلو، نشر: هجر للطباعة والنشر والتوزيع ط٢، ١٤١٣هـ

٣٥. العلل المتناهية في الأحاديث الواهية، لعبد الرحمن بن علي ابن الجوزي، دار الكتب العلمية – بيروت ١٤٠٣، ط١ تحقيق: خليل الميس

٣٦. غرر الخصائص الواضحة وعرر النقائض الفاضحة، لأبي إسحق برهان الدّين محمد بن إبراهيم بن يحيى بن علي المعروف بالوطواط (المتوفى: ٧١٨هـ) ضبطه وصححه وعلق حواشيه ووضع فهارسه إبراهيم شمس الدين، نشر

دار الكتب العلميّة، بيروت ـ لبنان ط١: ١٤٢٩ هـ – ٢٠٠٨ م

.

٣٧. الفتاوى الكبرى لابن تيمية ،لتقيّ الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام بن عبد الله بن أبي القاسم بن محمد ابن تيمية الحراني الحنبلي الدمشقي (المتوفى: ٧٢٨هـ) ،نشر: دار الكتب العلمية ،ط١، ١٤٠٨هـ – ١٩٨٧م

.

٣٨. فتح الباري شرح صحيح البخاري ،لأحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي ، نشر: دار المعرفة – بيروت، ١٣٧٩،مرقم كتبه وأبوابه وأحاديثه: محمد فؤاد عبد الباقي،قام بإخراجه وصححه وأشرف على طبعه: محب الدين الخطيب ،عليه تعليقات العلامة: عبد العزيز بن عبد الله بن باز.

٣٩. فيض القدير شرح الجامع الصغير ،لزين الدين محمد المدعو بعبد الرؤوف بن تاج العارفين بن علي بن زين العابدين الحدادي ثم المناوي القاهري (المتوفى: ١٠٣١هـ) نشر: المكتبة التجارية الكبرى / مصر ،ط١، ١٣٥٦هـ .

٤٠. الكشف عن حقيقة الصّوفية لأوّل مرة في التاريخ ، تأليف/ محمود عبد الرءوف القاسم

٤١. القول الوفي شرح اللطف الخفي المسمى بالعقائد الباليسانية لوالدي الشّيخ محمد الشيخ طه الباليسلني ـ مخطوط ـ .

٤٢. ماهو التصوف للاشيخ أمين الشيخ علاء الدين النقشبندي ـ ترجمة الكتور محمد شريف أحمد ـ بغداد ـ١٩٨٨م .

٤٣. مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح ،لعلي بن (سلطان) محمد، أبو الحسن نور الدين الملا الهروي القاري (المتوفى: ١٠١٤هـ) نشر: دار الفكر، بيروت – لبنان،ط١، ١٤٢٢هـ – ٢٠٠٢م .

٤٤. مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام أحمد بن عبد الحليم ابن تيمية الحراني .تحقيق أنور الباز وعامر الجزار ـــ دار الوفاء ط٣ ١٤٢٦ هـ / ٢٠٠٥ م .

٤٥. مجمع الزوائد ومنبع الفوائدلأبي الحسن نور الدين علي بن أبي بكر بن سليمان الهيثمي (المتوفى: ٨٠٧هـ) بتحقيق: حسام الدين القدسي ،نشر: مكتبة القدسي، القاهرة ،نشر: ١٤١٤ هـ، ١٩٩٤ م .

٤٦. المدخل إلى كتاب الإكليل ،لأبي عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد بن حمدويه بن نُعيم بن الحكم الضبي الطهماني النيسابوري المعروف بابن البيع (المتوفى:

٤٠٥هـ) بتحقيق: د. فؤاد عبد المنعم أحمد ، نشر:دار الدعوة / الاسكندرية

٤٧. المسودة في أصول الفقه ، آل تيمية بدأ بتصنيفها الجدّ: مجد الدين عبد السلام بن تيمية (ت: ٦٥٢هـ) ، وأضاف إليها الأب، : عبد الحليم بن تيمية (ت: ٦٨٢هـ) ، ثم أكملها الابن الحفيد: أحمد بن تيمية (٧٢٨هـ) بتحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد ، نشر: دار الكتاب العربي .

٤٨. المستدرك على الصحيحين ، لأبي عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد بن حمدويه بن نُعيم بن الحكم الضبي الطهماني النيسابوري المعروف بابن البيع (المتوفى: ٤٠٥هـ) ،بتحقيق: مصطفى عبد القادر عطا ،نشر: دار الكتب العلمية – بيروت ،ط١، ١٤١١هـ ـ ١٩٩٠م

٤٩. المصباح المنير في غريب الشرح الكبير للرافعي ، لأحمد بن محمد بن علي المقري الفيومي، المكتبة العلمية / بيروت .

٥٠. المصنف في الأحاديث والآثار ،لأبي بكر عبد الله بن محمد بن أبي شيبة الكوفي،نشر: مكتبة الرشد / الرياض ،ط١ ١٤٠٩هـ بتحقيق : كمال يوسف الحوت.

٥١. معجم الإسلام التأريخي للبحاثين ج .و د . سورديل ، ترجمة أ . د الحكيم .

٥٢. المعجم الوسيط ، تأليف: إبراهيم مصطفى / أحمد الزيات / حامد عبد القادر / محمد النجار، دار النشر: دار الدعوة، تحقيق: مجمع اللغة العربية .

٥٣. معجم الصوفيّة ـ

٥٤. المغني عن حمل الأسفار، تأليف: أبو الفضل العراقي، دار النشر: مكتبة طبرية – الرياض – ١٤١٥هـ – ١٩٩٥م، الطبعة: الأولى، تحقيق: أشرف عبد المقصود.

٥٥. المقاصد الحسنة في بيان كثير من الأحاديث المشتهرة على الألسنة ،لشمس الدين أبو الخير محمد بن عبد الرحمن بن محمد السخاوي (المتوفى: ٩٠٢هـ)،لمحمد عثمان الخشت ،نشر:دار الكتاب العربي – بيروت ،ط١، ١٤٠٥ هـ – ١٩٨٥م .

٥٦. مسند الإمام أحمد بن حنبل، للإمام أحمد بن حنبل أبي عبدالله الشيباني، مؤسسة قرطبة / مصر

٥٧. المنقذ من الضلال ـ موافق للمطبوع ،لحجة الإسلام الإمام أبي حامد محمّد بن محمّد بن محمد الغزالي ،نشر : المكتبة الثقافية – بيروت / لبنان –بتحقيق : محمد محمد جابر.

٥٨. الموسوعة العربية لهيئة الموسوعة العربية، في الجمهورية العربية السورية طبعة ٢٠٠٢م.

٥٩. الموسوعة العربية العالمية ـ مؤسسة أعمال الموسوعة للنشر والتوزيع ـ الرياض ـ ط٢ ـ ١٤١٩هـ / ١٩٩٩م.

٦٠. موضوعات الصغاني، الحسن بن محمد بن الحسن القرشي الصغاني، دار المأمون للتراث – دمشق – ١٤٠٥ هـ، ط٢، تحقيق: نجم عبد الرحمن خلف.

٦١. نشأة التّصوف الإسلامي : د.إبراهيم بسيوني، ط ، دار المعارف بمصر عام ١٩٦٩م .

٦٢. الوافي بالوفيات، لصلاح الدين خليل بن أيبك الصفدي، دار إحياء التراث – بيروت – ١٤٢٠هـ– ٢٠٠٠م، تحقيق: أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى .

کورتەییّك لەژیانی نووسەر

١- دکتۆر ئەحمەد کوڕی شێخ موحەمدی کوری شێخ تەهای کوری شێخ عەلی بالیسانیە، بەڕەچەڵەك بۆ بەڕێز سەید موحەممەدی زاهیدی کە ناسراوە بە پیر خدری شاهۆیی ئینجا بۆ ئیمامی حوسێنی کوری عەلی کوڕی ئەبو تالێب ڕەزای خوای لێ بێت دەگەڕێتەوە . پەنجا پشت زیاترە خانەوادەییّکی زانستیو پەروەردەی ڕۆحیو زانستەکانی ئیسلامین، خاوەن مەدرەسەو مزگەوتو پێگەی ئیسلامین .

٢- لە ساڵی ١٩٤٨ز لە بالیسان لە دایك بووە، کە دەکەوێتە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی کوردستان. وەك باوکم خەبەری پێ داوم، بەڵام لە لیستە فەرمیەکاندا بە لە دایك بووی ١٩٥٠ز نوسراوە لەبەر هۆکاری دواکەوتنی تۆمار کردن.

٣- بەهۆی گۆزەگۆزی باوکی کە لە منالێیەوە لەخزمەتیدا بووە، گواسراوەتەوە بیارەو هەولێرو کۆیەو کوبەیسەو بەغدا، لە ساڵی ٢٠٠٤ز هاتووتەوە هەولێر.

٤ــ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سەرەتایی (ئیبن ئەلموستەوفی) لە هەولێر سالّی١٩٦٢ز وە قۆناغی ناوەندی لە دواناوەندی کۆیسنجاق لە قەزای کۆیە سالّی ١٩٦٥ز وە دواناوەندیشی لە قەزای هیت لە سالّی ١٩٦٧ز تەواوکردووە .

٥- پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لە ئەنبار سالّی ١٩٦٩ز تەواو کردووە، لە سالّی ١٩٧١ ز تا سالّی ١٩٩٠ کاری لە بواری وانەبێژی و و فێرکردن کردووە لە هەردوو پارێزگای ئەنبارو بەغدا.

٦- لە سالّی ١٩٧١ز. چووەتە کۆلێژی (دراساتی ئیسلامی) ئێواران، لە سالّی ١٩٧٥ ز. بە پلەی زۆر باشە دەرچووە.

٧- بروانامەی ماستەری بە پلەی نایاب لە سالّی ١٩٨٩ ز وەدەست هێناوە، ئینجا بڕوانامەی دکتۆڕای لە زانستە ئیسلامیەکان لە سالّی ١٩٩٤ ز بە پلەی نایاب وە دەست هێناوە، پسپۆڕی لە فیقهی موقارەن و زانستە ئیسلامیەکان بە دەست هێناوە.

٨- لە سالّی ١٩٩١ز دامەزرا لە کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکانی زانکۆی بەغدا، وە لە چەند جێگەیێکی تری وانە وتووەتەوە، وەك (زانکۆی موستەنصریە)و زانکۆی ئیسلامی و کۆلێژی سەندیکای مامۆستایان، لە بەغدا،

هـەروەها لـە سـاڵی ١٩٩٩ز بـە گرێبەسـت لـە زانکـۆی (ئەحقاف) لە یەمەن بۆ ساڵێك وانەی وتووەتەوە.

٩- لـە سـاڵی ٢٠٠٤ز لـە زانکـۆی بەغـدا بـۆ زانکـۆی کۆیـە گواسـراوەتەوە لـە قـەزای کۆیـێ لـە هـەرێمی کوردستان ، لەسـاڵی ٢٠٠٧ز گواسـراوەتەوە بـۆ زانکـۆی سـەلاحەدین، ئێسـتاش خانەنشـینە، بـەڵام سەرپەرشـتیاری گشـتی رێکخراوی رۆناکیە لە هەولێر.

١٠- جگـە لـە خوێنـدنی ئـەکادیمی زانکـۆ، زۆر لـە زانسـتیە شەرعیەکان و عەقڵییـەکانی لەخزمـەت بـاوکی خـۆی شـێخ محمـدی بالیسـانی خوێنـدووە، ئیجـازەی زانسـتی لـێ وەرگرتووە، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٧ز ئیجازەی لە زانستە شەرعیەکان وەرگرتووە لـە لایـەن سـەرۆکی زانایـانی بـەرێز مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ڕەحمەتی خوای لێ بێت .

١١- زۆر جار پێش نوێژو وتـار خـوێن بـووە لـە جێگـای بـاوکی هەندێك جـاریش لـە شـوێنی تـر وەك مزگـەوتی نوعمـان لـە بەغدا بۆ ماوەیێکی کەم دامەزرابوو.

١٢- خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری چرای ڕوناکی بـو کـە لـە هـەولێر دەردەچو بە زمانی کوردی، پاشکۆشـی هـەبوو بـە زمـانی عەرەبی . بەڵام ئێستا لەبەر قەیرانی دارایی وەستاوە.

١٣ــ دانەری دەزگای ڕوناکییە لەگەڵ پوختێیەك لە زانایانی ئایینی بەڕێز، ئەم دەزگایە بریتییە لە گۆڤارو مەڵبەندی لەبەرکردنی قورئان وبەشی سونەتو بەشی بانگخوازی، ئێستگەی ڕادیۆی ڕووناکی. خۆی سەرپەرشتیاری گشتی دەزگاکەیە بە یارمەتی ئەم مامۆستایانەی لەگەڵینی، هەریەکە بەشێك بەڕێوە دەبات .

١٤ــ لە کاتی گەنجیدا کاری لە هەندی لە ڕێکخستنەکانی ئیسلامی کردووە لە حەفتایەکان دەسگیر کراوە بەهۆی ئەم ڕێکخستنانە، پاشان بە بێلایەنی وسەربەخۆیی ماوەتەوە ،بەڵام هەمیشە دوژمنایەتی وچاودێری کراوە لەلایەن حکومەتی بەعس و ئازاری دەروونیان داوە هەتا کاتی ڕوخانی ڕژێم لەساڵی ٢٠٠٣ز .

١٥ـ زۆربەی ژیانی خۆی بۆ ماوەی سیوهەشت ساڵ لە بەغداو دەوروبەریا بەسەر بردووە .

(کتێب و توێژینەکانی نووسەر)

یەکەم : کتێبەکان :

١ــ القتل الخطأ في الشريعة والقانون/ رسالة ماجستير سنة ١٩٨٩م.چاپ نەکراوە.

٢ـ فقه الإمام علي بن أبي طالب/ رسالة دكتوراه سنة ١٩٩٤م . چاپ کراوە لە ساڵی ٢٠١٠م .

٣ـ نظرة إلى المرأة والرجل في الإسلام/ چاپ کراوە لە ساڵی ١٩٨٥م .

٤ ـ واجب الآباء والامهات تجاه الابناء والبنات/ چاپ کراوە لە ساڵی ١٩٨٨ .

٥ ـ من قال لا إله إلا الله دخل الجنة/ چاپ کراوە لە ساڵی ١٩٨٨م .

٦ـ التفكير في الإسلام/ چاپ کراوە لە ساڵی ١٩٨٩م .

٧ـ دين الله واحد غير متعدد/ چاپ کراوە لە ساڵی ٢٠٠٨ـ ٢٠٠٩م .

٨ ـ حكم الحكم بالشريعة الإسلامية / چاپ کراوە لە ساڵی ٢٠٠١٩م .

٩ ـ الحياة الجنسية في الإسلام/ لە ژێر چاپە .

١٠ـ باوەڕی / لەساڵی ١٩٨٤م چاپ کراوە .

١١ـ سستەمی ئابووری لە ڕوانگەیێکی ئیسلامیدا ـ لە ساڵی ٢٠١١م چاپ کراوە .

١٢ـ الفوائد العلمية في القواعد الفقهية .ــ چاپ کراوە . .

١٣ـ التفكير ونظرية المعرفة .ـ چاپ كراوه .

١٤ـ مـيرات و رێسـايەكانى لـه شـەريعەتدا ، لـه سـاڵى ٢٠١٤م چـاپ كراوه .

١٥ـ مختصر معقول في علم الأصول ـ چاپ كراوه.

١٦ـ ظاهرة التّصوف لدى المسلمين - چاپ كراوه .

١٧ـ بيركردنەوەو بيردۆزى زانيارى ـ چاپكراوه.

١٨ـ ديارده‌ى سۆفييەتى (لەبەر دەستتە).

١٩ـ مەڵێ بڵێ لەگەڵ جوتمانه‌ى وشه بۆ رێكى قسه ـ هێشتا لـه ژێـر دەستە .

دووەم: توێژينەوەكانى زانستى:

١ـ قضـاء الفوائـت / تويژينەوەيەكـه بڵـاو كراوەتـەوه لـه گۆڤـارى كۆليّجى زانستە ئيسلاميەكانى زانكۆى بەغدا ژمارە (١) .

٢ـ الاسـتثناء بعـد جمـل متعاطفـة وأثـره في الاحكـام الشـرعية| تويژينەوەيەكـه بڵـاو كراوەتـەوه لـه گۆڤـارى كـۆليّجى زانسـته ئيسلاميەكانى زانكۆى بەغدا ژمارە(٢).

٣ـ إمامة الفاسق والمبتدع/ تويژينەوەيەكه بڵاو كراوەتەوه له گۆڤارى كۆليّجى زانستە ئيسلاميەكانى زانكۆى بەغدا ژمارە ، عدد (٣).

٤ ـالجنسية وحكم التجنس في الفقـه الإسـلامي/ تويژينەوەيەكـه بڵـاو كراوەتەوه له گۆڤارى كـۆليّجى زانسـته ئيسـلاميەكانى زانكـۆى بەغدا، ژمارە(١٤).

٥ ـ الديمقراطية في المنظور الإسلامي/ توێژینەوەیەکە لە گۆڤاری خوێندنەکانی ئایینی بڵاو کراوەتەوە ژمارە (٤).

٦ـ حكم العملة في الفقه الإسلامي/ توێژینەوەیەکە لە گۆڤاری خوێندنەکانی ئایینی بڵاو کراوەتەوە ژمارە (٤).

٧ـ رئيس الدولة وكيفية اختياره في الشريعة الإسلامية/ . توێژینەوەیەکە لە گۆڤاری خوێندنەکانی ئایینی بڵاو کراوەتەوە

.

٨ـ تقنين الفقه الإسلامي/ توێژینەوەیەکە لە گۆڤاری کۆلێجی حقوق لە زانکۆی الموستەنصریە بڵاو کراوەتەوە ژمارە (١).

٩ـ حكم التسويق الشّبكي/ توێژینەوەیەکە لە گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکان لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بڵاو کراوەتەوە ،ژمارە ـ٣٧ـ سنة ٢٠٠٨م

١٠ـ أساليب ترويج البضاعة واحكامها في الفقه الاسلامي/ توێژینەوەیەکە لە گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکان بڵاو کراوەتەوە ، ژمارە . ٣٥ ساڵی ٢٠٠٨م

١١ـ مخالفة النّص الشرعي بدعوى تجديد الفقه الإسلامي، توێژینەوەیەکە لە گۆڤاری خوێندنەکانی ئایینی بڵاو کراوەتەوە ، ژمارە ٢٤ ساڵی ٢٠٠٩م

ناوەرۆك

ڕێخۆشیێك ٧
بەشی یەكەم : پێناسەی تەصەووف و جۆرەكانی دروست بوونی ٢٥
باسی یەكەم: پێناسەی تەصەووف ٢٧
باسی دووەم: پەیدا بوونی صۆفییەتیو بەردەوامیەكە ٣٥
باسی سێیەم: جۆرەكانی تەصەووف بە گشتی..... ٤٧
بەشی دووەم : ناوەرۆكی جۆرەكانی تەصەووفی فەلسەفی و نا ئیسلامی ٥١
باسی یەكەم: تەصەووفی فەلسەفیو ئایینی غەیرە ئیسلامی٥٣
باسی دووەم: چەوتیو ناشەرعی ئەم جۆرە تەصەووفە .. ٦١
بەشی سێیەم : تەصەووفی ئیسلامی گرانخواز ٧٥
باسی یەكەم: ناوەرۆكی تەصەووفی ئیسلامی گرانخوازی (غلوّ)ی تیادا كراوە ٧٧
باسی دووەم: كاریگەری بیرۆكەكانی گرانخوازەكان لەسەر موسڵمانان..... ٨٧
بەشی چوارەم : تەصووفی ئیسلامی میانڕەو..... ١٠٧
باسی یەكەم: ناوەرۆكی تەصەووفی میانڕەو.....١٠٩

باسی دووەم: ئامانجەکانی بەکار هێنانی تەصەووف ١١٩
باسی سێیەم: بارەکانی صۆفییەتی ١٢٣
باسی چوارەم: چەند سەرپێچی کردنێکی تەصەووفی میانڕەو بۆ شەریعەت ١٣١
بەشی پێنجەم : _ واقیعی تەصەووفی ئەم سەردەمەمان..... ١٤٥
باسی یەکەم: هەڵسەنگاندنی تەصەووفی ئەم سەردەمەمان ١٤٧
باسی دووەم: هەندێ لە ڕێبازەکانی تەصەووف لەوڵاتانی ئیسلام ١٨٥
(سەرچاوەکان) ٢٠١
کورتەیێك لەژیانی نووسەر.....٢١٣